# پەروەردەو فێركردن

**گۆڤارێكی پەروەردەیی وەرزییە وەزارەتی پەروەردەی**
**حكوومەتی هەرێمی كوردستان دەری دەكات**
**ژمارە** (9) **ساڵی** 2013

**خاوەنی ئیمتیاز**
**د.عصمەت محەمەد خالد**

**سەرنووسەر**
**د.ئەحمەد محەمەد قەرەنی**

**ناونیشان**
هەولێر ـ وەزارەتی پەروەردە

تەلەفۆن:
سەرنووسەر: 07504512711
بەدالە: 2233084
2233085
فاكس: 2230471

ئیمێڵ:
ahqarani55@gmail.com

moe-krg.com

## تێبینی بۆ نووسەرانی بەڕێز ....

ئەو تۆژینەوەو لێكۆڵینەوانەی ڕەوانەی ئەم گۆڤارە دەكرێن پێویستە ئەم خاڵانەیان ڕەچاو كرابێت:

ـ بە خەتێكی جوان و شاش لەسەر ڕووی یەك لاپەڕە نووسرابێت، ئەگەر كۆمپیووتەر كرابێت پێویستە (سیدی) لەگەڵ بێت.
ـ ئەگەر وەرگێڕان بێت پێویستە دەقی بابەتە ئەسڵییەكەی لەگەڵ بێت و ئاماژە بە سەرچاوە كرابێت.
ـ ڕێنووسی كوردی تێدا ڕەچاو كرابێت ئەگینە گۆڤارەكە ڕێنووسەكەی یەك دەخات.
ـ ناوو ناونیشانی تەواوی نووسەری لەسەر نووسرابێت.

**پەروەردە و فێركردن**

# لـەم ژمـارەیــەدا

## ( بەشی کوردی )

*مامۆستای توێژەر.................................................. عەلی ڕەزا محەمەدنیژاد 3
*ئەرشیفکردنی نووسراو و بەڵگەنامە و پاڵگەکان ................. ئا: شێرزاد عەزیز عومەر 19
*فێرکاری زمانی کوردی بە بیانی ............................ عەلی ڕەزا محەمەدنیژاد و... 33
*ڕەوەندی دانانی بەرنامەی وانەیی ..................................مستەفازادە ئیسماعیل 45
*ئامانجە پەروەردەییەکان ........................................... ئا: سامان مامڵێسی 54
*کارەکانی کۆنفرانسی زمانی کوردی ................................ ئا: د.ئەحمەد قەرەنی 60
*فەلسەفەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستییانە ......... ئا: سادق ئەحمەد عوسمان ڕوستایی 106
* هەنگاوێك بەرەو لامەرکەزییەت دوو هەنگاو بەرەو دیموکراسی .............. سەرنووسەر 120

## ( بەشی عەرەبی )

*حقوق المكونات القومية والدينية في كوردستـــان ............................ طارق جامباز 136
*مقارنة مستويات نتائج طلبة الثاني عشر ..................... إ: رؤى أحمد شوكت الزراري 172
*تقرير عن ورقة الإصلاح التربوي ................................. كوكز حسين عزيز 197

ئەو بەرهەمانەی کە لەم ژمارەیەدا بڵاوکراونەتەوە ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە،
وەزارەت لێیان بەرپرسیار نییە

# ماملۆستای توێژەر
# (توێژینەوەی چالاك)
# ـ 1 ـ

**نووسینی: عەلی ڕەزا محەمەدنیژاد**

**پێشەکی**

توێژینەوەی چالاك ڕێبازێکی زانستییەو ڕاستەوخۆ کار لەسەر پیشەی مامۆستا دەکات، چونکە ئامانجی فێرکردن و فێربوون لەسەر دەستی مامۆستا بەدی دێت، هەر مامۆستایە هەموو داتا و زانیارییەکان بە قوتابی و فێرخواز و خوێندکار دەگەیەنێت، بۆیە چەند مامۆستا لێهاتوو بێت، ئەوەندە دەزگەی پەروەردە و فێرکردن بەرەو پێشەوە دەچێت و لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکاندا سەردەکەوێت.

لەئێستەدا ئەم بابەتە تیشك دەخاتە سەر گیروگرفت و کۆسپەکانی بەردەم پرۆسەی فێرکردن، بۆئەوەی ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزێتەوە، ئەمەیش بە هەوڵی خودی مامۆستا بەدی دێت، کە مامۆستا پێویستە خەریکی فێرکردن و فێربوون بێت،

هاوکات توێژینەوە لەبواری پسپۆرییەکەیدا بکات، بۆئەوەی فێرکردنەکەی مەبەست بپێکێت و کاریگەر بێت، پلان بۆ هەوڵەکانی دواتری داڕێژێت.
لەو ڕوانگەیەوە دەروازەیەك بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە دەکەینەوە، تا مامۆستایان سوودی لێ وەربگرن و درێژە بە هەوڵ و کۆششە پەروەردەییەکانیان بدەن.

**پەروەردە و فێرکردن**

ژاك دەوەلور، بەڕێوەبەری کۆمیسیۆنی نێو دەوڵەتی پەروەردەی سەدەی بیست و یەکەمی ڕێکخراوەی یونسکۆ دەڵێت: «لەسەر ئاستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆگەیەك لەو کەند و کۆسپانەی کە داهاتوو لەدڵی خۆیدا حەشاری داون، کۆمەڵی ئینسانی لەهەوڵ و کۆششدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی وەك ئاشتی، ئازادی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و... ، پەروەردە بەسەرمایەو سامانێکی پاوانکراو دەزانێت»[1] کە وابوو ئامانجی پەروەردەی سەدەی بیست و یەك گواستنەوەی تاقمێك زانیاری پاشەکەوت کراو نییە، بەڵکو ئەرکی سەرەکی وەدیهێنانی ئاڵوگۆڕی شیاو واتا فێربوونە کە چوار بنەمای بۆ لەبەرچاو گیراوە: فێربوونی چۆن زانین، فێربوونی چۆن بەکار هێنان، فێربوونی چۆن ژیان کردن و فێربوونی چۆن بوون. لە سستم و دەزگەی پەروەردە، ئامانجی بارهێنان و فێرکردن لەئەنجامدا بەدەستی مامۆستا وەدی دێت، شێوازی فێرکاری، ناوەرۆکی وانەکان، مەبەستە زانستییەکان، ئولگوی بارهێنان و کردەوەیی، هەمووی لەلایەن مامۆستاوە دەگەیەنرێتە قوتابی. لەو ڕووەوە لەهەر جۆرە گۆڕان و چاکسازی فێرکاری و پەروەردە، مامۆستا جێگەو نەخشی گرنگ و بەرچاوی هەیە.
ژاپۆنییەکان دەڵێن: «لێهاتوویی هەر دەزگەی فێرکاری بەقەد لێهاتوویی مامۆستاکانیەتی.» ئەو دەستەواژەیە گرنگی و نەخشی مامۆستا لە پرۆسەی فێرکردن و فێربوون و فێرکاری نیشان دەدات. بێ گومان ئەگەر خوازیاری گۆڕانکاری و چاکسازی دەزگە و سستمی پەروەردە بین، بیرۆکەی پێ داگر لەدەڤەری بارهێنانی ئەو توێژە یەکەم هەنگاوە.»[2]

لە جیهانی ئەمڕۆدا مامۆستای لێهاتوو ئەو مامۆستایەیە، کە بزانێت بۆ چی فێر دەکات؟ چ کەسێك فێر دەکات؟ چ مەبەستێك فێر دەکات؟ چۆن فێر دەکات؟ لەکوێ فێر دەکات؟ بۆ فێرکاری چ کەرەستەو ڕەوشتێك بەکار دێنێت و چۆن تاقیمانە بەجێ دێنێت؟

مامۆستای هاوچەرخ وەك وێنەکێشی دەست ڕەنگین و پەیکەرتاشی هونەرمەند لە لەش و گیانی نەونەمامان، پەیکەرێکی دڵگیر و وێنەیەکی جوان و لەبار بەدی دێنێت.(3)

بۆیەش یەکێك لەمەرجەکانی پێویست بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی دەزگەی پەروەردە، بەشداری مامۆستا لەناسینی بارودۆخی پرۆسەی فێرکاری و فێربوونە. ئەو پێویستییە لەحاڵێکدا ڕواڵەتی ڕاستەقینە بەخۆوە دەگرێت کە کارگێڕانی بیرمەندی گۆڕەپانی پەروەردە، لە ناسینی گرفتەکان و نواندنی ڕەوشتی شیاو چالاك بن و بۆ لابردنی کۆسپەکان، بەزانیاری هەنگاو هەڵگرن.(4)

بەبڕوای دکتۆر ئیقبالی قاسمی پوویا، مامۆستا کەسێکە کە سەرەتا توێژینەوە، پاشان دارژاندن و دووایش هەوڵ بۆ ئەنجام وەك تەوەری سەرەکی چالاکی خۆی دابنێت(5) لەسەر ئەو بنەمایە بۆمان دردەکەوێت کە توێژینەوە لەو خولە، یەکەمایەتی بەخۆیەوە دەگرێت. گرنگی لێکۆڵینەوە لەهیچ کەس شاراوە نییە و دەستکەوتەکانی مرۆڤ لەو ڕێگەیەوە وەدەست هاتوون. بەدڵنیاییەوە ناتوانین بەبێ توێژینەوە، چالاکی لەپەروەردەدا بکەین. ئەگەر ئەمڕۆ کە جێگەی ئێمە دەبێت ئەو جۆرەی کە بێت، نییە، هۆیەکەی نەبوونی لێکۆڵینەوە لەڕابردوو تا ئێستایە. بۆیەش داڕێژەی مامۆستای توێژەر واتا توێژینەوەی چالاك لەدوای ئەو ئامانجەیە کە مامۆستایان باوێتە ناو ئەو خولە. چونکە مامۆستایە کە لەئاکامی لێکۆڵینەوە کەڵك وەردەگرێت. بۆیەش باشتر وایە مامۆستا خۆی توێژینەوە بکات و کردەوەو هەوڵی بارهێنان و پەروەردەیی خۆی لەگەڵ توێژینەوە هاوڕێ بکات. ئەمڕۆ سەبارەت بەهەوڵی لێکۆڵینەوەیی لەبەستێنی فێرکاری و بارهێنان، وشەی کارگێڕی بیرمەند بەکاردێنن کە توێژینەوەی چالاك و وانەوتنەوەی بیرمەندانە وەك شێوازێکی سەرکەوتوو و ڕوانگەیەکی نوێ هاوڕێی مامۆستان. لەو ڕوانگەیەدا هەر مامۆستایەك دەبێت توێژەری فێرکاریش بێت. ئەگەریش وا نەبێت پەروەردە

لەوپەڕی مەندی و ڕاوەستان و نەجووڵانەوەدا دەبێت و لەسەردەمی جیهانی بوون لەکاروانی گۆڕان و نوێخوازی بەجێ دەمێنێت.

## توێژینەوەی چالاك چییە؟

جۆرێك لێڕوانین و لێکۆڵینەوەیە کە توێژەر بۆ چاکسازی، یان چارەسەری گرفتەکان، تەنیا یان بەهاوکاری هاوڕێیان هەوڵ دەدات تا سەرئەنجام بارودۆخی نالەباری ئێستایی بکاتە بارودۆخی شیاوی ئێستایی.
مانای توێژینەوەی چالاك لەڕوانگەی دکتۆر ئیقباڵ قاسمی پوویا بریتییە لە: جۆرێك لێکۆڵینەوە بەدەست کەسانێك کە تووشی گرفت هاتوون و بۆ چارەسەری، یان کەم کردنەوەیان. چالاکی و هەوڵدان تەوەری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە.[6]
دکتۆر مەحموود مێهر محەمەدی بناغەداڕێژی توێژینگەی پەروەردە لەئێران، مانای ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە: ( توێژینەوەی چالاك واتە ڕووبەڕووبونەوەی توێژەرانە، کۆڵەرانە، یان هونەروەرانەی مامۆستا بۆ بەجێ هێنانی ئەرکی فێرکاری و بارهێنان کە هەمان بەشداری لەدۆخی تاقیکاری و ئازمایشتە. مامۆستا لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پیشەیدا هەلی ڕەخساو دەبێت دەرکی بەجێ و دروستی خۆی لە پێچەڵپێچی و لەباری جیهانی پەروەردە بەخزمەت بگرێت و بەم جۆرە قەبوڵی ئەرکی دژواری خولقاندنی زانستی بەبڕشتی پیشەیی بەپاڵپشتی هونەری و جوانیناسانە بۆ خۆی بڕەخسێنێت.).[13]
توێژینەوەی چالاك شێوازێکە لە لێکۆڵینەوەی زانستی کە تیشك دەخاتە سەر کەند وکۆسپەکان (لێرە) ، (ئێستا) و (ئەم دۆخە) و بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەکان. [14]

## مامۆستای توێژەر و تایبە تمەندییەکانی؟

وەدی هاتنی دنیایەکی نوێ جگە بە پەروەردەکردنی مرۆڤی نوێ، بەدەست مامۆستایانی خولقێنەر نایەتە دی. پەروەردە کلیلی داگیرکردنی داهاتووەو مامۆستایانیش سەرکەوتووی گۆڕەپانی زانست و شارستانیەتن[15] بەهەر شێوە

بیری نوێ و هەوڵی کارساز دەبێت لەلایەن مامۆستاوە سازبدرێت. بەواتای پیاژە دەروونزانی بەناوبانگ، جوانترین چاکسازی و دروست کردنەوە بەئاکام ناگات مەگەر مامۆستایان لەبواری زانستی پتەوتر بن، ئەوەش دەبێتە هۆی بەرزبوونی جێگەو پێگەی کۆمەڵایەتی وی و ئەمەش ناگونجێت مەگەر مامۆستا خۆی لێکۆڵەر بێت.

مەبەست لە مامۆستای لێکۆڵەر کەسێکە کە خەریکی فێرکاری و فێربوونەو دەیەوێت پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بەخۆی و لەگەڵ هاورێیان و فێرخوازانی توێژینەوە بکات تا فێرکاری کاریگەر بێت. مەبەست لە کاریگەری، گەیشتن بەم ئامانجانەیە کە بۆ گەشەی هەمە لایەنەی فێرخوازان لەبەر چاو گیراوە.(16)

مامۆستای لێکۆڵەر، ڕەخنەگری بارودۆخی نالەباری ئێستایە. ڕەخنەی شیاو پێویستی ئاگاداری لەب وارگەلی جۆراوجۆر و پێوەندیدار بە فێرکاری و فێربوون و بەگشتی پەروەردە هەیە.(17)

کە وابوو مامۆستای توێژەر کەسێکە بەهزر، وردبین و لێڕوان کە خەریکی وانەو فێرکارییەو ئەزموون و تاقیکردنەوەی شیاوی هەیەو لە گۆڕەپانی هەوڵدا ترسی نییە.

ئامانجی مامۆستای توێژەر ئەوە نییە کە مامۆستا ئیش و پیشەی لێکۆڵەری بێت، بەڵکو بە تەنیایی یان هاوبەشی کەسانی دیکە دەتوانێت داڕێژەی خۆی لە وانەبێژی ببینێت و بە هەڵگەڕانەوەی هەوڵەکەی و شیکاری ئەو هەڵگەڕانەوەیە، واتە پلان بۆ هەوڵی دواتری خۆی دادەڕێژێت و دیسان ئەو خولە بە هێڵێکی بەرفراوانتر دەست پێ دەکاتەوە.(18)

بە کورتی تایبەتمەندییەکانی مامۆستای توێژەر بریتین لە:

1. سەبارەت کۆسپ و گرفتی فێرکاری و ڕەفتاری فێرخوازان هەستەوەرەو بۆ چارەسەریان هەوڵ دەدات.

2. لەڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرفتی فێرکاری و بارهێنان، ڕوانگەیەکی زانستی هەیە.

3. گرفتی فێرکاری وانەی خۆی ناشارێتەوەو بەتەواوی قەبوولی دەکات.

4. بۆ چارەسەری کۆسپەکانی پەروەردە هاوکاری نێزیکی هەیەو بڕوای بەچالاکی تاقمی و گرووپی هەیە.

5.هەوڵ دەدات ڕك و ویشکەڕوویی و سەلیقەی خۆی لەشیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی کێشەی فێرکاری بەشدار نەکات.
6. لەگەڵ ڕەوشت و شێوازی لێکۆڵینەوە ئاشنایەو دەکاریان دەکات.
7. ڕازدارەو مافی بەشداران لە توێژینەوە دەپارێزێت.
8. دەرفەتی ڕەخنە لەکارەکانی دەڕەخسێنێت.
9. لە بواری فێرکاری، بیر و ئەندێشەی نوێی هەیە.
10. بەدوای گۆڕانکاریدا دەگەڕێت و لە ئێشی دووپاتەی هەموو ڕۆژێك خۆ دەپارێزێت.
12.لە ناسینەوەی کێشە و چارەسەری، هەمە لایەنە بیر دەکاتەوە و هەموو خاڵەکان وەبەر چاو دەگرێت.[19]

## ڕێگەی پەرەگرتنی مامۆستای توێژەر لە پەروەردەدا

یەکێك لەو بیر و هزرە بنەڕەتییانەی دەزگەی پەروەردە ئەوەیە کە هەر فێرگەیەك ببێتە توێژینگە، هەر مامۆستایەك خۆی لێکۆڵەری فێرکاری و هەر فێرخوازێك ببێتە بیرمەند و زانایەکی چکۆڵە. بەرنامەو پرۆگرامی مامۆستای توێژەر ئەم خاڵە گرنگەی بەدواوەیە. مامۆستایەك کە خۆی کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگەی فێرکاری بە لێکۆڵینەوە لا دەبات، زۆر گرنگتر و باشتر لە لێکۆڵینەوەی ئاکادیمیك. چونکە لێکۆڵینەوەی فەرمی و ئاکادیمیك وەڵامدەری گرفتی وانەو فێرگە نین.[20] بۆیەش مامۆستایان بۆ چاکسازی پرۆسەی وانەبێژی و فێربوونی فێرخوازان، پێویستیان بە توێژینەوەی هەوڵ ڕوانینانە هەیە.[21] ئەو مامۆستایانەی کە پرۆسەی وانەبێژی و فێرخوازی بە ڕوانگەی زانستی ـ توێژینەوەیی دەخەنە بەر سەرنج و هەوڵ دەدەن بەشێوەگەلی زانستی گرفت وکۆسپەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، وەك توێژەرێك چالاکی دەکەن. بەسەرنجدان بەو خاڵە، توێژینەوەی چالاك، هەنگاوێکی کاریگەرە کە مامۆستایان لەو ڕێگەیەوە دەتوانن بەتاك و کۆ، ئاکامی هەوڵی خۆیان و قوتابیان باشتر بناسن و ڕێگە و شێوەگەلی قەرەبوو کردنەوەو چاکسازی بدۆزنەوە.[22]

ئێستا کە لێکۆڵینەوەی چالاکانە، ئەوەندە لە دەزگەی پەروەردە پێویست و گرنگە پێویستە بەستێنی ئەو توێژینەوەیە لە قوتابخانە بەدی بێت و هەرساڵی خوێندن ڕاپۆرتی توێژینەوەی چالاك بخرێنە بەر پێوەر و ئەزموونی مامۆستایانیش کۆ بکرێنەوە تا هەموو مامۆستایان لەگەڵ باشترین و شیاوترین ڕیگەچارەکانی فێرکردن و بارهێنان ناسیاوی پەیدا بکەن. ئەوە دەبێتە هۆی لێوەشاوەیی مامۆستا لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە هاندەری مامۆستایان بۆ هەوڵی فێرکاری و توێژینەوەو لە ئاکامدا بەرز بوونەوەی چۆنیەتی پەروەردە لەکۆمەڵ و خێزان و قوتابخانە.

## پێشنیار و ڕێکار

بۆ پەرەگرتنی توێژینەوەی چالاك لەپەروەردەدا لەسێ بەشدا چەند ڕێکار، پێشنیار دەکەین .

**بەشی یەکەم: لەبواری فێرکاریدا:**

گرنگترین هەنگاو بۆ پەرەپێدانی توێژینەوەی چالاك، فێرکارییە لە مامۆستایاندا کە پێویستی بەچەند هەنگاو هەیە:

1.ئامادەکردنی نامیلکە، یان کتێب بە زمانی پاراو و ئاسان، هاوڕێ لەگەڵ نموونەی توێژینەوەی چالاك.

2. بەڕێوەبردنی خولی فێرکاری بۆ مامۆستایان و کارگێڕان بەگشتی.

3.ناساندنی پەرتووك، نامیلکەو کتێب و بلاوکراوەو وتار.

4.بەڕێوەبردنی دانیشتن وکۆبوونەوە بۆ بەڕێوەبەران و جێنشینانی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان.

5.دیاریکردنی بەڕێوەبەر لەگشت قوتابخانە، ناوچە تا وەزارەت.

**بەشی دووەم: لەبواری بەڕێوەچوون:**

ئەو بەشە زۆرتر هەوڵ و چالاکی دایرەو بەشی کارگێڕانە ك ەئاماژ ەدەکەینە چەند خاڵ:

1. هەڵبژاردنی پشتیوان یان باشتر بڵێین پێوەندیدەری توێژینەوە لەناوچەو قوتابخانە بۆ راگەیاندنی دارێژەو رێنوێنی مامۆستایان.

2.راگەیاندن و دەرکردنی ئیزن نامە بۆ هاوکاری.

3.دارشتنی دارێژەی ساڵانە بۆ وێنەدەرکردنی یەکەمین دارێژەی توێژینەوەی چالاك لەلایەن بەرێوبەرایەتی و بەگشتی لەلایەن وەزارەتەوە.

4.دەرکردنی دارێژەی زەمانی و چۆنیەتی بەرێوەچوون و دەستووری کار.

**بەشی سێیەم: لەبواری بزواندندا:**

ئەو بەشە بریتییە لە هەموو ئەو هەلانەی دەبنە هۆی ئەنجامی توێژینەوەو هـۆگری لەو دارێژەیەدا.

1. لەبەرچاوگرتنی بودجەی لێکۆڵینەوە بۆ بەرێوەبردنی دەست هەقی توێژینەوە.
2. هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی توێژینەوەی چالاك.
3. بەرێوەبردنی رێورەسم و فستیڤاڵی مامۆستایانی توێژەر لەرۆژی توێژینەوەو...
4. خەلآت کردنی مامۆستایانی توێـژەر و دەرکردنـی سوپاسـنامەو رێزگـرتن لـە بەرێوبەرانی هەڵبژاردە.
5. چاپی توێژینەوەکانی هەڵبژاردە.

**سەرچاوەکان**


1. دکتر نادرقلی قورچیان و همکاران(1999) ـ نظریەهای یادگیری و نظریەی فراشـناخت در فرایند یاددهی ـ یادگیری انتشارات تربیت ـ لاپەرەی11.

2. تربیت معلم، تعریفی نو برای اسیای نوین، بە نقل از پژوهشنامەی آموزشی ژمارە1380 پووشپەری1999 ـ لاپەرەی1.

3. محیط طباطبایي، بە نقل از احمد صافی(2003) ــ تربیـت معلـم در ایـران ـ فـصلنامەی تعلیم و تربیت ، ژمارە 72،73 ـ ل13.

4. دکتر نعمتالة متین (1999) معلم پژوهندە، چرورت و نیازها ـ پژوهشنامەی ژمـارە 13 ـ تهران، پژوهشکدە تعلیم و تربیت ـ پووشپەر ، لاپەرەی9.

5. دکتر قاسمی پویا، اقبال(2000) ـ معلم پژوهنده کیست؟ پژوهش در عمل چیست؟ ـ پژوهشنامەی آموزشی ـ ژمارە24 ـ پژوهشکدەی تعلیم و تربیت ـ لاپەڕەی1.

6. دکتر قاسمی پویا، اقبال(2003) ـ راهنمای معلم پژوهنده ـ تهران، انتشارات لوح زرین ـ لاپەرەی15.

7. دکتر اقبال قاسمی پویا(2003) باسی خولی فێرکاری لەشاری ورمێ .

8. دکتر اقبال قاسمی پویا(1993) آشنایي با مفهوم، هدفها و روش تحقیق برنامەی معلم پژوهنده ـ پژوهشنامەی آموزش و پرورش ـ پژوهشکدەی تعلیم و تربیت ـ تك نگاشت ژمارە 4 ـ لاپەڕەی1

9. دکتر گویا، زهرا(1993) تاریخچەی تحقیق عمل و کاربرد آن در آموزش ـ فصلنامەی تعلیم و تربیت ـ تهران، پژوهشکدەی تعلیم و تربیت ـ ژمارە36 ـ لاپەڕەکانی26 و 27

10. دکتر سیدمحمد رچا امام جمعه و دکتر محمد سعیدی رضواني(2003) پژوهش حین عمل رویکردی نو در آموزش ضمن خدمت معلمان ـ فصلنامەی تعلیم و تربیت ـ تهران، پژوهشکدەی تعلیم و تربیت ژمارە 73-72 ـ لاپەڕەی105

11. سەرچاوەی پێستر، لاپەڕەی102

12. سەرچاوەی پێستر، لاپەڕەی102

13. دکتر محمود مهرمحمدی (2001) برداشتی نو از سگوح گسترده تحقیقات آموزشي- تربیتي، جستارهایی در پژوهش در قلمرو آموزش و پرورش ، لاپەڕەی15.

14. دکتر عزت اللەنادری ودکتر مریم سیف نراقی (2009) روشهای تحقیق وچگونگی ارزشیابی آن. انتشارات ارسباران

15. دکتراحمد صافی (2003) ـ تربیت و تأمین معلم در ایران فصلنامەی تعلیم و تربیت ـ تهران، پژوهشکدەی تعلیم و تربیت ـ شمارە 73-72 ـ لاپەڕەی11.

16. دکتر اقبال قاسمی پویا (2003) راهنمای معلمان پژوهنده ـ تهران انتشارات لوح زرین ـ لاپەڕەی37.

17. سەرچاوەی پێستر،لاپەڕەی39

18. دكتر زهرا گويا (2000) ـــ معلـم محقـق كيـست و تحقيـق او چـه ويـژگيهايى دارد؟ ـ پژوهشنامەی آموزشی ـ ژمارە 24 ـ تهران پژوهشكدەی تعليم و تربيت ـ لاپەڕەی9.

19. شـــهاب فگـــين (2011) پـــژوهش درعمـــل وراهـــای توســـعةآن ،مجلەرشـــدمعلم ،ژمارەلاپەڕەی27

20. دكتر محمودمهرمحمـدى (2000) جـستارهايى در پـژوهش در قلمـرو ئ مـوزش وپـرورش تهران، پژوهشكدەی تعليم و تربيت

21. دكتر اقبال قاسمی پويا (2002) ـ راهنمای عملی پژوهش در عمل ـ تهـران انتـشارات پژوهشكدەی تعليم و تربيت

22. دكتر عباس بازرگان(1993)اقدام پـژوهی وكـاربرد آن در تعلـيم وتربيـت، فـصلنامەی تعليم و تربيت ـ تهران، پژوهشكدەی تعليم و تربيت ـ ساڵی نۆهەم ژمارە 3و4.

23. علـيرزا محمدنـــژاد (2003) پـــژوهش در عمـــل(چرايى،چيـــستى وچـــگونگى) وتـــارى هەڵبژاردەی خولی فێركاری لەشاری ورمێ.

# ئامانجەکانی توێژینەوەی چالاک

# ـ2ـ

چەمکی توێژینـــەوەی چـالاك پـێش هـەموو شـتێك لـەدوو بەشـی بنـەڕەتی وەك توێژینەوە و چالاکی پێکهاتووە. لێکۆڵینەوە وێڕای چالاکی و عەمەل، هەوڵێکە کە لەنێوان لێکۆڵینەوە وەك کەرەستەیەك بۆ زانیاری و ئاگاداربوون وکردەوەی فێرکاری پێوەندی بەدی دێنێت.(ئاهەنچیان، بەواتای ساکی،2004)

هـاپکینز(1985) توێژینـــەوەی چـالاك، بـە تێکەڵاوییـەك لـەکارو چـالاکی و لێکۆڵینەوە دەزانێت کە تاك لەو پرۆسەیەدا تێدەکۆشێت تا چـالاکییەك بناسـێت، قەرەبووی بکاتەوەو چاکسازی بۆ بکات. ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیە، چوارچێوەیەك بۆ ناساندنی کۆمەڵێك لەشێوازی لێکۆڵینەوەیە کە کار و لێکۆڵینەوە هاوکات دەخاتە بەر سەرنج. لەبواری لێکۆڵینەوەدا وێڕای چالاکی، مامۆستا لێکدا لێکدا لـەنێوان لێکۆڵینەوەو چالاکیدا هانگاو هەڵدەگرێت کـە ئاکامەکـەی باشـتر بـوونی ڕەوتـی چالاکی فێرکارییە. (عەدالت نژاد،2009).

توێژینەوەی چالاك، ڕوانگەیەکی فێرکاری و توێژەرانەیە کە مەبەست لە فێرکردنـی و بەکارهێنانی، چارەسـەری قـەیران و ئـەو گرفتانەیـە کـە مامۆسـتایان لـەکاتی چالاکی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون لەگەڵی ڕووبـەڕوو دەبنـەوە. بـەواتای دیکـە، مامۆستا بەشێوەیەکی زانستییانەو توێژەرانە، لە پرۆسەیەکی سیستماتیکدا وێڕای تیشك خستنەسەر قەیرانەکانی سەر ڕێگە، بەتۆمارکردنی گریمانە لەمەڕ گرفتەکان، زانیاری پێویست کۆ دەکاتـەوەو گرێمانـەکان لەتاقیکارییـەك، ئـەزموون و تـاقی

دەکاتەوەو بەو جۆرە وێڕای دەست گەیشتن بە ڕێگەچارەی شیاو، گرفت و کۆسپەکان چارەسەر دەکات و بەچاکسازی پرۆسەی فێرکاری، دەگاتە ئەوپەڕی فێربوونی شیاو و بابەت (متین،2000).

## ئامانجی توێژینەوەی چالاك

پاش ناساندنی توێژینەوەی چالاك و پێناسەی مامۆستای توێژەر لەو بەشەیدا ئامانج و قازانجی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە شی دەکەینەوە.
بەگشتی توێژینەوەی چالاك دوو ئامانجی بنەڕەتی هەیە: یەکەم ڕووبەڕووبوون لەگەڵ بارودۆخ، واتە هاوبەش بوون لەپرۆسەی لێکۆڵینەوەو ئەوی دیکەیش چاکسازی( گوویا،2003 ،ل133)
جفری گلانز (1999) توێژینەوەی چالاك، بە جۆرێك لێکۆڵینەوی سیستماتیك دەناسێنێت کە وەك شێوازێك بۆ دەکارکردنی کارگێڕان، مامۆستایان و بەڕێوبەران بۆ ناسیاوی باشتر هەوڵەکانیان پێکهاتووە.(گلانز،1999)
بڕایان، توێژینەوەی چالاك بە ڕوانگەیەك لە لێکۆڵینەوەی فێرکاری دەزانێت کە دەوێدا لێکۆڵەر کەسێکە کە چالاکی فێرکاری بەڕێوە دەبات، یان ڕەوتێك دەگۆڕێت و ڕێنمایی دەکات (بڕایان،1996،ل 110) ئەو بڕوای وایە کە توێژینەوەی چالاك دوو ئامانجی سەرەکی هەیە1. قەرەبوو. 2. هاوبەشی. ئامانجی سەر بەقەرەبوو بریتییە لەسێ دەڤەرە:
ئا: قەرەبووی کردەنی و چالاکی.
ب: گەشەی دەرك و ناسینی چالاکی لەلایەن چالاکوانانەوە.
ج: قەرەبووی دۆخێك کە چالاکی تێدا ڕوو دەدات (هەمان سەرچاوەی پێشتر).
هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بدەین کە توێژینەوەی چالاك تایبەت بە پەروردەو فێرکاری نییە، بەڵکو ڕوانگەیەك لە لێکۆڵینەوەیەکە لەگشت بووارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەموو دەزگەکان وەك پزیشکی، پیشەسازی و.... دەتوانرێت بەکاربێت.
نزیك بەسەد ساڵ لەمەوبەر جان دیوی ڕایگەیاند کە مەبەست لە توێژینەوە لەپەروەردەدا یارمەتی مامۆستایان بۆ گەیشتن بەفێربوونی کاریگەرە.(مەك منیمان و هاوکاران،2007)

بەرز بوونەوەی زانستی مامۆستایان بەهۆی توێژەر بوونیان و لەئاکامدا قەرەبووی دۆخی وانەبێژی و بەرزبوونەوەی ئاستی فێربوونی قوتابیان و فێرخوازان دەکاتەوە کە ئەوە دەسکەوتی چەند لێکۆڵینەوە وەك لێکۆڵینەوەکانی (جاورسکی)یە.(گوویا،200،ل 9).

**جانسۆن(1990) ئامانجەکانی توێژینەوەی چالاك بەو جۆرە دەژمێرێت:**

1.لێکۆڵینەوەی ڕێکوپێك بۆ ساغ بوونەوەی چۆنیەتی و بەرزبوونەوەی چاکی پەروەردە.

2.دۆزینەوەی پێوەندی پێکهاتەی فێرکاری و قوتابخانە بەچالاکی وانەبێژی و فێربوون.

3.ناسیاوی لەگەڵ شێوازگەلی عەمەلی کە یارمەتیدەری بەرزبوونەوەی وانەبێژییە.

بە وردبوونەوە لەهەموو سەرچاوەکان دەتوانین ئامانجەکانی توێژینەوەی چالاك بەو شێوەیە لەچەند خاڵدا ناوبەرین کە بریتین لە:

**1.خولقاندنی زانستی نوێ:**

توێژینەوەی چالاك دەبێتە هۆی خولقاندنی زانستی نوێ.

توێژینەوەی چالاك لەخۆگری ڕوانگەیەك لە لێکۆڵینەوە، یان بەدیهێنەری زانستە کە دەوێدا مەودای نێوان شوێنی بەڕێوەبردن و بەدیهێنان لەناو چووە، یان باشتر بڵێین یەکن، بەو جۆرە بەکارهێنانی دەسکەوتی توێژینەوە هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنیەتی. (مهرمحمەدی،1998) و مامۆستایان وێڕای ئەوە کە بە ئاسانی لەو دەستکەوتانە کەڵك وەردەگرن، بەشێوەی زانستی کارامە دەبن و لە خولقاندنی زانستیشدا بەشدار دەبن.

**2. بەرزبوونەوەی چۆنیەتی ڕەوتی فێرکردن و فێربوون:**

توێژینەوەی چالاك هەموو گرفتەکانی وانەبێژی و وانگە چارەسەر دەکات، چونکە مامۆستا لەسەر چەمکێك کاری توێژینەوە دەکات کە گرفتی خۆیەتی.

**3. گەشەی پرسیارکاری:**

توێژینەوەی چالاك پرسیارکاری لە قوتابخانە پەرەپێ دەدات.

توێژەر بوونی مامۆستایان دەبێتە هۆی پرسۆکی و پرسیارکاری لە وانگەو قوتابخانە. ئەگەر فێرکاری لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە دامەزرێت، ناچار ڕەگەو پێکهاتەی قوتابخانە سەرانسەر بەپرسیار و وەڵام خوودەگرێت . لەئاکامدا وێڕای

گەشەی خودی مامۆستا، فێرخوازانیش حاڵ و ڕوحیەی توێژەری و پرسیارگەرییان تێدا بەدی دێت.( قاسمی پویا، 2003،ل43)

### 4. بووژاندنەوەی ڕوانگەو بینشی زانستی مامۆستا:

یەکێك لەئامانجەکانی توێژینەوەی چالاك بووژاندنەوەی ڕوانگەی زانستی مامۆستایە. ئەو کارە مامۆستا دڵ ئاوەڵا دەکات.

ئەگەر مامۆستایەك لەگەڵ گرفت و کاروباری خۆی لەژیان و وانگەدا بەشێوەی زانستی و بنەمایی هەڵسوکەوت بکات و لێکۆڵینەوە بۆ چارەسەری گرفتەکانی وانگە بە کاریگەر بزانێت، ئەوە خاوەنی ڕوانگەو دڵئاوەڵایی زانستییەو هۆگری پەرەسەندنی ئاستی زانستی وانگەکەیەتی. مامۆستای خاوەنی ڕوانگەی زانستی، دۆخی ئێستا بە ئاسایی نازانێت، پرسۆکە، لێکدا لێکدا ئەزموونی زیاتر دەکات و لە ترسی هەڵەکردن دێتەدەر و چالاکی دەکات. ئەو جۆرە مامۆستایانە هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن و گرفتەکانی خۆیان لە وانگەو قوتابخانە دەناسن و هۆکارەکان دەدۆزنەوەو ڕێگەچارەیان بۆ دیاری دەکەن. بەپێوەری تایبەت ڕێگە چارەکان هەڵدەسەنگێنن و ڕێگەچارەی باشتر و شیاو هەڵدەبژێرن و پاش بەرێوەبردنی داڕێژە، ڕەوتەکە پێوەر دەکات. لەئاکامدا دەبێتە هۆی پەرەسەندنی بینش و ڕوانگەی زانستی خۆی و قوتابیانی (متين،2000، ل109) کە وابوو کاتێك مامۆستا سەبارەت بەکارەکەی لێکۆڵینەوە دەکات، بڕیاردەرێکی سەربەخۆ و هەڵبژێرەرێکی باشترە (امام جمعه، و سەعیدی ڕەزوانی ،2003، ل105)

### 5. بووژانەوەی ڕوحی هاوکاری و هاوبەش بوون:

لە داڕێژەو ئامانجی توێژینەوەی چالاك، بووژاندنەوەی ڕوحی هاوکاری و هاوبەش بوون کە کۆ و کۆمەڵگەیە.

مەبەستی سەرەکی مامۆستای توێژەر چارەسەرکردنی گرفتی پەروەدە بە هاوڕێیی و هاوکارییە. لەڕاستیدا ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیە، کارێکی هاوبەشەو بەبەشداری هاوکاران وکەسانی بەرپرس و پسپۆر و..تاد .. بەرێوەدەچێت. دەبێ فێر بین پێوەندی مرۆڤانە بگرین. ئەوە خۆی هونەرە. مامۆستای توێژەر لە کوڕ و کۆیان دەدوێت و لەناو کۆمەڵدایەو بە دروستی فێر دەبێت کە پێوەندی کۆمەڵایەتی هەبێت.(قاسمی پویا،2000،ل6)

لە کۆنەوە خەڵکی ئێمە پێکەوەبوون و کار و ئیشەکانیان پێکەوەیەو یارمەتیدەری یەکدین. وشەی (هەرەوەز) لەگەڵ ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵگەی ئێمەدایە.

**6. بووژانەوەی بەرزەخوویی مامۆستا:**

توێژینەوەی چالاك، بایەخ و ڕێزی مامۆستا بەو هەموو خاڵە بەهێزانەوە زیاد دەکات و جێگەو پێگەی لە کۆمەڵگە پتەوتر و بەرزتر دەکات. ئەوە وێڕای دابینکردنی هێمنایەتی پیشەو کار، هەستی لێوەشاوەیی مامۆستا زیاتر و زیاتر دەکات. مامۆستا وەك کەسێکی پسپۆر ولێزان دەناسێنێت.

**سەرچاوەکان:**

1. امام جمعە، سیدمحمد رضا و سعیدی رچوانی، محمد(2003) پژوهش حین عمل رویکردی نو در ئاموزش زمن خدمت معلمان ـ فصلنامەی تعلیم و تربیت ـ تهران، پژوهشکدەی تعلیم و تربیت شمارە 73 ـ 72 .

2. ساکی، ڕەزا(2004) اقدام پژوهی: ڕاهبردی برای بهبود ئاموزش و تدریس. انتشارات پژوهشکدە تعلیم و تربیت، چاپ اول.

3. عدالت نژاد، ابراهیم (2009) تحلیلی بر فرصت ها و راهکارها در اقدام پژوهی، پژوهشنامە ئاموزشی، شمارە24.

4. قاسمی پویا، اقبال(2003) ـ راهنمای معلمان پژوهندە ـ تهران انتشارات لوح زرین.

5. قاسمی پویا، اقبال(2000) ـ مصاحبە (ئاشنایی با مفهوم، هدفها و روش تحقیق برنامەی معلم پژوهندە) ـ پژوهشنامەی ئاموزشی شمارە 24 ـ تهران، پژوهشکدەی تعلیم و تربیت .

6. 4. گویا، زهرا(2000) معلم محقق کیست و تحقیق او چەویژگیهایی دارد؟ پژوهشنامە ئاموزشی، شمارە 24، تهران، پژوهشکدە تعلیم و تربیت.

7. گویا، زهرا(2003) تحقیق عمل ئاموزشی و اهمیت نقش معلم بە عنوان محقق، پژوهش در ئاموزش، مجموعە مقالەتك نگاشت شمارە، تهران، پژوهشکدە تعلیم و تربیت.

8. متین، نعمتا...(2000) ـ معلم پژوهنده راهی برای تقویت بینش علمی معلمان ـ پژوهشنامەی ئاموزش ـ شماره 24 ـ تهران، پژوهشکدەی تعلیم و تربیت.

9. دکتر مهر محمدی(1998) ـ نگاهی تازه به رابگەی میان پژوهش و عمل تربیتی ـ نشریەی پژوهش در مسائل تعلیم و تربیت شماره 7 و 8 .

10. محمد نژاد، علیرزا(2003) معلم پژوهنده (چیستی، چرایی و چگونگی)، گاهنامه معلم پژوهنده، اشنویه: واحد تحقیقات ئاموزش و پرورش.

**11. Brayan, Ian (1996) Action ReaserCh and reflective practice. In scott and Usher (ed) unders taning Educationnal reaserch. Routledge.**

**12. Johanson, W.( 1990).Social Skills for Successful Groupwork, Educational Leadership, Jan.**

**13. Mcmeniman, marylin , et al (2007). Teacher Knowledge in action, faculty of education , grrifith university.**

# ئەرشیفکردنی نووسراو و بەڵگەنامە و پاڵگەکانی وەزارەتی پەروەردە

ئا : شێرزاد عەزیز عومەر*

## پێشەکی

ئەرشیف وەك كارێكی سەرەكی هەر دامەزراوەیەكی كارگێڕی بەدامەزراوییەكی زانستیانە پیادە دەكرێت، هەروەها لە ئاستی دەوڵەتیش گرنگی زۆری پێ دەدرێت. ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی بۆ قسەكانم گەواهییەكی باشن. كە ڕۆژێك لە ڕۆژان نووسراوێكی وەك ئەو نووسراوانەی لەمەڕ خۆمان بوون بەڵام كە ئەرشیف كران بوونە ئەو (توراسە) گەورەیەی كە ئێستە هەیە. ساڵانە سەدان ئەكادیمیست سەردانی دەكەن و وەك سەرچاوەیەكی مێژوویی و كۆمەڵایەتی و سەربازی و...تاد...سوودیان لێ وەردەگیرێت، كتێبخانەی واشنتۆن و ...هی دیكەیش زۆرن ئەگەر باسیان بكەین.

ئێمە گەلێکی دەوڵەمەند لەمێژوو و شارستانین.. بەڵام لە ئەرشیف هەژارو دەست کورتین، زۆر لە وڵاتانی جیهان، لە ڕۆژهەڵاتناسەکان، لە ئەورووپاییەکان، دراوسێکان، سوودیان لە کولتوورو شوێنەوارو فەرهەنگی ئێمە وەرگرتووە، ئێستە لە مۆزەخانەو کەلەپوورخانەکانی خۆیاندا وەك سامانێکی گرانبەها دەیپارێزن، بەڵام ئێمە نەمانتوانیوە سوود لە سامانی نیشتیمانی و نەتەوەیی خۆمان ببینین، چونکە کەمتر لە گرنگی و بایەخی ئەو سامانە گەیشتووین. ئەوەتا لە کتێبخانەکانی ئەورووپا، لە ئەمەریکا، لە ژاپۆن، ڕووسیا، بەسەدان سەرچاوەی بەنرخی مێژوویی دەربارەی کورد هەن، کە هێشتا ئێمە نە پەیمان پێ بردووەو نەدەستمان گەیشتووەتێ.

حزبی بەعس کە زانییان ئەرشیفی شارەوانی هەولێر لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا بڕێکی زۆری بەزمانی کوردی نووسراوە، بۆ هەڵتەکاندنی کورد لە ڕیشەوە و بۆ ئەوەی بێ کولتووری زمان و نووسینی کارگێڕی بێت. لە جیاتی ئەرشیف کردنیان، لێژنەیەکیان پێکهێنا بە سەرپەرشتی (حزب و ئەمن) هەموویان سووتاند و ئەویشیان ئەنفال کرد. ئەو ئەرشیفە گەر بمابایە، ڕەنگە لە لایەنی کارگێڕی و یاساییەوە هیچ بەهایەکیان نەدەبوو. بەڵام لە ڕووی مێژوویی و فەرهەنگی ئێستەوە دەبوونە شایەتحاڵی سەردەمی خۆیان، بۆ ئێستە. لە ڕووی شێوەی کاری کارگێڕی و زمان و ڕێنووس و هەتا جۆری بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی ئەو کات. یان هەر لایەنێکی دیکەی ئەو میللەتە. دەبوونە باشترین بەڵگەی بەردەست.

## پێناسەی ئەرشیف

**ئەرشیف:** ئەو زانستەیە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە بنەماکان و شێوەکانی پاراستن و ڕێکخستنی بابەتی کەڵەکە بوو و چۆنیەتی ئامادەکردنی بۆ بەردەستکردنیان. (وێکیپیدیا)

**ئەرشیف:** زانستی گرنگی دانە بە بنەماکان و شێوازی پاراستنی نووسراو و پاڵگە و بەڵگەنامەکان و بە ئاسان خستنە بەردەستی داواکاران. ((د.محمد محمد خضر)).

**ئەرشیف:** ئەو بابەتە کەڵەکە بووەیە کە بە هۆی کاری ڕۆژانەی کارگێڕی یەکە کارگێڕیەکانەوە دروست دەبێت و وردە وردە لەگەڵ بەردەوام بوونی کاری ڕۆژانەی یەکە کارگێڕیەکە زیاد دەبێت. ((بشار عباس)).

## جۆری ئەرشیف

ئەرشیف بەشێوەیەکی گشتی دەکرێتە دوو جۆر:

**یەکەمیان:**

ئەرشیفی بەردەست: ئەو ئەرشیفەیە کە تا ئێستە کاری لە سەر دەکرێت. (ڕەنگە ئەم جۆرەیان بە ئەرشیف ناو نەبرێت چونکە هێشتا ئەرشیف نەکراوە). بەڵام دەبێتە ئەرشیف.).

**دووەمیان:**

ئەو ئەرشیفەیە کە داخراوە و لە بەردەست هەڵگیراوە. ڕەنگە بەکارهێنانی دەگمەن بێت، یان هەر بەکار نەیەت، بۆ ئەو کارەی بووەتە هۆی دروستبوونی. بەڵام دەبێتە شایەتحاڵی سەردەمی خۆی و دەبێتە مێژوو و فەرهەنگی و کولتووری سبەی.

## بنەماکانی ئەرشیف

بۆ ئەوەی لە ئەرشیف بگەین و بیناسین پێویستە لەسەر بنەماکانی خۆی پیشان بدرێت. لە کاتی پێناسەکردنی ئەرشیف بۆمان دەرکەوت کە کارکردن لەسەر ئەرشیف پێویستی بە لێکۆڵینەوە و ڕێکخستن و دیاری کردنی شێوە و دانانی بنەمایە لە پێناو پاراستن و دووبارە ئامادەکردنیان بۆ بەردەست خستنی بابەتە بە ئەرشیف کراوەکان.

لێرەدا هەوڵ دەدەم بنەماکانی کاری بە ئەرشیف کردنی ئەرشیفی وەزارەتی پەروەردە، دابنێم، بەو ئومێدەی ئەگەر وەزارەت نیازی بوو کارێکی لەم جۆرە بکات و ئەرشیفەکەی لەو بێ نازییەی ئێستەی ڕزگار بکات.

سەرەکیترین بنەمای کاری بە ئەرشیفکردن ڕێکخستنیەتی. ڕێکخستنی ئەرشیف کاری ئێستە و دوارۆژی ئەرشیف بە چاك و خراپی دەوەستێتە سەر شێوەی ڕێکخستنی و بەڕێوەبردنی ئەو ڕێکخستنە.

بەربلاوترین شێوەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی، لەم دوو شێوەیەدا بەرجەستە دەبێت:

أ — شێوە مادییەکەی (وەك بابەت): چۆن ڕێك دەخرێت و لەسەر چ جۆرە ڕەفەیەك، یان لە ناو چ دۆلابێك دادەنرێت، یان بە چ ڕێگەیەکی دیکەی تەکنیکی دەپارێزرێت، یان... تاد.

ب — شێوە تەکنیکییەکەی (وەك کار): ئەم شێوەی کارکردنە لە شێوەی یەکەم زۆر گرنگترە، ڕێ نیشاندەر و ڕابەری گەیشتنە بەو زانیارییانەی کە لە دووتۆی ئەرشیف کراوەکاندایە، و چۆن بەردەست دەکرێت.

## بنەماکانی ڕێکخستنی ئەرشیفی وەزارەت

کاری سەرەکی ئەرشیف کردن ڕێکخستنی بابەتە کەڵەکە بووەکەیە. بە شێوەیەك پەیکەری پێکهاتەی دامەزراوەکە (وەزارەت) لەبەرچاو بگیرێت، کە ئەرشیفەکە بە هۆی کاری ڕۆژانەی ئەو دامەزراوەوە دروستبووە و لە دروست کردنیش بەردەوامە. بۆیە گرنگە پەیکەری پێکهاتەی دامەزراوەکە (وەزارەت) لای ئەرشیفکار ڕوون و ئاشکرا بێت، تا بتوانێت بنەما سەرەکییەکانی کارەکەی بنیات بنێت. لە کاتی دەستبەکاربوون بزانێت چی دەکات و چۆن ئەنجامی دەدات. هەروەها بۆ کارئاسانی لە کاتی داواکردنی بابەتی ئەرشیف کراو و گەڕانەوە و بەردەستکردنی. بە مانایەکی دیکە ئەو بنەمایەی دەکرێتە شێوەی ڕێکخستنی کاری ئەرشیف کردن. دەبێتە ئاوێنەیەك بۆ سستمی گەڕان و بەردەست کردنی ئەرشیفەکان.

مەرج نییە هەر کەسێك بیەوێت، دەستی بگاتە ئەرشیف (بێجگە لە لایەنی پێوەندیدار) ئەوانی دیکە پێویستە ڕێگەیان پێبدرێت. دیاریش بکرێت تەنیا بۆ بینینە، یان بینین و بەدەستهێنانی وێنەیەکی کۆپی کراوی. ڕەنگە هەندێك ئەرشیف لەبەر هەر هۆیەك بێت دەبێت پارێزراو و نهێنی بێت، ئەم کارەش تا ئاستێکی دیاری کراو لە هەموو جیهاندا هەیە.

بۆ ئاسانکاری زیاتری سستمی گەڕان و بەردەست کردن وێنەیەکی شێوەی کاری ئەرشیف کردنەکەو چۆنیەتی گەڕان و بەردەست کردنەکە ئامادە بکرێت تا هەر بەکاربەرێك کە ڕێگەی بە کاربردنی پێ درابێت بتوانێت بە ئاسانی بۆی بگەڕێت و بیبینێتەوە و دەستەبەری بکات.

بە شێوەیەکی دیکە دەڵێین پێویستە ڕێبەرێك بۆ چۆنیەتی ڕێکخستن و شێوەی گەڕان و بەردەست کردن لەسەر ئاستەکانی بنەمای ڕێکخستنەکان (دواتر باسی ئاستەکان دەکەین) ئامادە بکرێت. بۆ ئەوانەی بەکاری دێنن.

## ئاستەکانی ڕێکخستنی ئەرشیفی وەزارەت

وەزارەت بۆخۆی ئاستێکە و بێ گومان ئاستێکی بنەڕەتیشە. لە دوای ئەو ئاستە بنەڕەتییە ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان دێت. ئەو ئاستەش ئاستێکی سەرەکییە. لە هەر ئاستێکی سەرەکی چەند ئاستێکی لاوەکی لێ دەبێتەوە و ئەو ئاستانەش دروستکاری بابەتەکانی ئەرشیفن، بە بەردەوامی. هەندێك بابەتی ئەرشیفی هەن کە تایبەتمەندییەکیان هەیە و لەگەڵ ئەرشیفەکانی دیکە جیاوازن (وەك ئەرشیفەکانی بەشی نهێنی، ئەرشیفەکانی توێژینەوە، یان ئەرشیفەکانی ئەزموونەکان، یان هەر بابەتێکی دیکە...). ئەگەر خاڵبەندییان بکەین بەم شێوەیە دەردەکەون:

1- ئاستی وەزارەت............................ ئاستی بنەڕەتی
2- ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان.......ئاستی سەرەکی
3- ئاستی بەڕێوەبەرایەتییەکان.................ئاستی لاوەکی
4- ئاستی تایبەتمەندییەکان......................ئاستی تایبەتی

**ئاستە تایبەتمەندەکان:** تەواوی ئەو ئەرشیفانە دەگرێتەوە، کە دەکرێت بڵـێین زۆر تایبەتمەندن، وەك دۆسێیەکانی خامەی نهێنی (القلم السری). یـان ئەرشـیفەکانی تایبەت بە بڕوانامەکان و ئەزموونـەکان. و پرۆگرامـەکان. هـەر ئەرشـیفێکی زۆر تایبەتمەند پێویستە ڕێککارێکی تایبەتیشی بۆ وەربگیرێت.

زۆر گرنگە هەر لەو ئاستەدا دۆسێیەك {فایلێك : (سی دی)یەکی تایبەت بە دەقە یاساییەکان و هەموو جۆرە ڕێنماییەك} ڕێك بخرێـت و گـشت بەشـەکانی وەزارەت (سی دی)یەکی ئەو فایلەی پێ بدرێت و ساڵانەش بۆیان نوێ بکرێتەوە.

ئاستی بەڕێوەبەرایەتییـەکان، یـان ئاسـتی لاوەکـی: ئـەو ئاسـتەیە کـە بەشـە هەرەزۆری بابەتەکانی ئەرشیفی لێ لە دایك دەبێـت. ڕەنگـە کـاری زۆربـەی ئـەو ئاسـتە بـە یـەك پێـوەری ئەرشـیف کـردن کـاری لەگـەڵ بکرێـت. بـەڵام ڕەنگـە بەڕێوەبەرایەتییـەك کارەکـانی پێویـستی بـە فراوانکـردن بێـت. بـۆ نموونـە: بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسا بێجگە لە ئەرشـیفی ئاسـایی خـۆی پێویـستی بـە دۆسیەی دیکە هەبێت وەك (داواکان، لێکۆڵینەوەکان، ...تاد). یان بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری ئەمیش پێویستی بە دۆسیەی دیکە هەبێت وەك (یاداشتەکانی وەرگرتن، خەرجکردن، یەکلاکردنەوە ...تاد). هەریەکە و بە جیا و بە دۆسیەی جیا ئەرشیف بکرێت. بەڵام لە هەموو بارێکدا ئەرشیفی نووسراوەکان هەمان شتن.

بـەو پێیـە دەکرێـت ئەرشـیفێکی لاوەکـی تایبـەت بـە کـاری بڕوانامـەکان و ئەزموونەکان و یەکێکی دیکە تایبەت بە پرۆگرامەکان و سێیەمیشیان تایبەت بـە نهێنییەکان بکرێتەوە.

سەرەنجام کۆی ئەو بەشانەی سەر بە هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی دەبێتە ئەرشیفی سەرەکی وەزارەت. بە هەمان شێوە کۆی سەرەکییەکان دەبنە ئەرشیفی بنەڕەتی وەزارەت.

**بەم شێوە پێکاتەی خوارەوە:**



# ئاستە تایبەتەکان

**پلانی کار و جێبەجێکردنی**

پلاندانان پێویستییەکی سەرەکی هەر کارێکە. پلاندانان پێش ئەنجامدانی هەر کارێك دەبێتە هۆکاری سەرکەوتنی. کە پلانت هەبوو، پێش وەختە دەزانی چی دەکەیت و چیت دەوێت، ئەگەر لادان لە جێبەجێکردن هەبوو زوو خۆی نیشان دەدات، بەو پێیە زوو چارەسەر دەکرێت و بەدواداچوونی پێویستی بۆ ئەنجام دەدرێت و...تاد

**1- ئامانجەکان :**

ئەرشیف کردنی تەواوی نووسراو و پاڵگە و بەڵگەنامە و توێژینەوەکان و پرۆتۆکۆلەکان و...تاد. بە دوو ئاراستە ئەنجام دەدرێت:

1- ئاراستەی بە ئیلیکترۆنی کردن (وەك لە هەر چوار ئاستەکانی وەزارەت باس کرا بوون و پاراستنیان لە سەر (هاردی دەرەکی) و سی دی و دی ڤی دی بە پێی پێویست. بە سێ وێنە:

• (وێنەیەك بۆ (بنەما) و بە هیچ شێوەیەك بۆ بەکار هێنان نییە تەنیا بۆ ئەو کاتەی کە هەردوو وێنەکەی دیکە بە هەر هۆیەك بێت لەدەست دەچن، یان لە کار دەکەون.

• وێنەی دووەم بۆ بەشی ئەرشیف وەك بابەتی بەردەستیانە بۆ بەکار بردنە.

• وێنەی سێیەم بۆ یەکە کارگێڕییەکانی وەزارەت یەکە یەکە، کە (تەنیا بابەتەکانی تایبەت بە خۆیانی تێدایە). بۆ هەر یەکەیەك لە جیاتی دۆلابێك و دووان و سێیان لە دۆسیەی لێواو لێوی کاغەز تەنیا یەك سی دی بۆ هەر ساڵێك. سەرباری سی دییەکی تایبەت بە دەقە یاساییەکان و ڕێنماییەکان.

2- ئاراستەی دووەم یەك وێنە لە بابەتی ئەرشیف کراوی سەرەوە (ئاراستەی بە ئیلیکترۆنی کردن) خاوێنترینیان لەسەر بنامای ڕێکەوتەکەی، بەروارەکەی لە دوورترینەوە بۆ نزیکترین و ئینجا بە پێی زنجیربەندییەکەی لە یەکەوە بەرەو ژوور.(هەمان ڕیزبەند بۆ ئاراستەی بە ئیلیکترۆنی کردن هەر (500) پێنج سەد پەڕە (نەك ژمارە)، بەرگ (جزو بەند) بکرێت و تا ببێتە شایەتحاڵی سەردەمی خۆی و لە دوارۆژ ببێتە مێژوو و کولتووری سەردەمی خۆی.

2- هۆیەکان:

## یەکەم: دابینکردنی شوێن

ئەرشیفی وەزارەت کەڵەکە بووی نزیکەی بیست ساڵە. هەندێك بەڵکو زۆر لەو ئەرشیفە دوو بارە و سێ بارە و بەڵکو هەیە پەنجا بارەیە. بۆ نموونە نووسراوێکی تایبەت و نهێنی لە وەزارەتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئاراستە کراوە تەنیا وێنەیەکی لە دۆسیەکانی (ئەرشیف)ی بەشی نهێنی هەیە. ئەم ئەرشیفە یەك دانەی هەیە هیچ گرفتێك نییە. نووسراوێکی دیکە گشتاندنی قەدەغە کردنی جگەرەکێشان، یان دەست بەکاربوونی وەزیر، یان بەڕێوەبەرێکی گشتی. ئەم جۆرە نووسراوانە بۆ هەموو جومگەکانی وەزارەت دەنێررێت و چاوەڕێ دەکرێت هەموویان پارێزراو بن. پێویستە ئەو هەموو دانەی نووسراوەکان ڕێکبخرێن. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە تەواوی دۆسیەکان بە لایەنی کەمەوە لای پشتی (لای کعبی دۆسیە) لە ئەرشیفکار دیار بێت (ئەوەی مەبەستە تەواوی ئەرشیفەکانی گشت وەزارەت بە هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی کە ژمارەیان دوازدەیە و هەر بەڕێوەبەرایەتییەك کە ژمارەیان لەسەرووی پەنجا بەڕێوەبەرایەتییەوەیە) ئەمەو بێجگە لەو هۆڵەی بەناوی (ئەوراق) و ژوورەکەی بەرانبەری و بەیتوونە و سەر قالدرمە (پەیژە) و ڕەنگە شوێنی دیکە یش هەبێت من پێی نەزانم. هەمووی کۆبکرێتەوە و یەك بخرێن. بێ گومان بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان شوێنێکی فراوان (ڕاستتر بڵێین دوور و درێژ)ی گەرەکە.

## دووەم ئامرازەکان

1- ئامرازە مرۆییەکان: بێ گومان ڕاپەڕاندنی ئەم کارە پێویستی بە ئامرازی مرۆیی هەیە مەرجە سەلیقەی ئەرشیفی بە شێوەیەك لە شێوەکان هەبێت. کارەکە بە گرنگ بزانێت. نەك بە پەراوێز خستنی بزانێت. بێ گومان کارەکە لەسەرەتاوە زێدە قورسە. پێویستە سنگ فرەوانی و بین درێژی هەبێت. لە هەموویان گرنگتر بزانێت ئەرکەکەی چییە و چ ئەنجام دەدات.

2- ئامرازە ئیلکترۆنییەکان: هەر ئامرازێکی پێویست بۆ ئەنجامدانی کارەکە. بە پێی ستافە مرۆییەکە.

3- کەلوپەل: ڕەفە و دۆلاب، یان مێز (ئەگەر کۆنەش بێت) بۆ ڕیزکردنی دۆسیەکان بە مەبەستی ڕێکخستنیان. لەگەڵ کەلوپەلی سەرەکی بۆ هەر ئۆفیسێکی ئاسایی.
4- هۆیەکانی گواستنەوە: بێ گومان کۆکردنەوەی ئەو برە دۆسێیانە لە شوێنێك پێویستی بە هۆکاری گواستنەوە دەبێت. پێویستە لەکاتی گواستنەوەیان نازی دۆسێیەکان ڕابگیرێت، چونکە کاریان لەسەر دەکرێت و هەندێکیان دەپارێزرێن.
5-ئامرازی بەرگ گرتن (جزوبەند): چاکترە ئەم کارە لەگەڵ ئەرشیف کردنەکە لە وەزارەت ئەنجام بدرێت. (وەزارەت خۆی بیکات) ئەو بەرگ گرتنە بەردەوامە، بەڵام زۆر نییە. هەر کاتێك کاری بە ئەرشیف کردنی ئەو ئەرشیفە کەڵەکە بووە تەواو بێت. ئەو کارەش زۆر کەم دەبێتەوە. ئەو بەرگە دەتوانین بڵێین دادەخرێت. ئەو ئەرشیفەیە داخراوە و لە بەردەست هەڵگیراوە. ڕەنگە بەکارهێنانی دەگمەن بێت بۆ ئەو کارەی بووە هۆی دروستبوونی. هەر ئەوەیە دەبێتە شایەتحاڵی سەردەمی خۆی و دەبێتە مێژوو و فەرهەنگی و کولتووری سبەی.

## کۆتایی

بەهۆی زۆری ئەرشیفی کەڵەکە بوو و کار لەسەر نەکراو، تا ڕاستەڕێ دەبێت، هەم کاتی دەوێت و هەم شوێن، هەم ماندوو بوون. بەڵام کە کارەکان تەواو بوون، لەگەڵ کاری ڕۆژانە، یان مانگانە، یان وەرزی ئەنجام دەدرێت. دەبێتە کارێکی ئاسایی ڕۆژانە. بۆیە تا زوو کاری لەسەر بکرێت کاتەکە درەنگە. هەر لەو ماوەی دواییەدا، زانیم و ڕاستەوخۆ هەستم پێکرد، کە کاری ئەرشیف بۆ وەزارەت چەندە گرنگ و پێویستە. دڵنیام کارمەندیش زۆرن، بەڵام تا چەند لە ئاستی کارەکەدا دەبن، ئەوەیان شتێکی دیکەیە. پێویستییەکانی دیکەیش بە پارە دابین دەکرێت. بەڵام هەر هەمووی دەوەستێتە سەر بڕیارێکی ژیرانەی بڕیار بەدەستان. من جارێك وەك سەرۆکی لیژنەی لەناوبردنی ئەوراق و جارێکی تریش وەك خەم خۆرێك بە نووسراو وەزارەتم ئاگادار کردووەتەوە، ئەگەر بەو شێوەیەی ئێستەش نەبێت، بەڵام بە هەمان شێوەو واتا. بۆ هەمان مەبەست (بە زارەکیش) چەند جار سەری خۆم و کەسانی دیکەیشم ئێشاندووە. بەداخەوە وەزارەت کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو. دواجار پێ لێ دەنێم هەر ئەوەندە دەزانم، کەسانی لە من عاقڵ تر و هۆشمەندتریش هەن شتی باشتر بخەنە بەردەست، یان شتێکی بخەنە سەر و دەوڵەمەندتری بکەن.

**بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە**
**ب/ ئەرشیف**

چەندە دڵگرانم بە کەڵەکەبوونی سەدان دۆسیەی بێنازی ئەرشیفی وەزارەت و لا لێ نەکردنەوەی بەرپرسان لەم مێژوو و کولتوورە. ئەمە یەکەم هەوڵم نییە بۆ ئەم مەبەستە. گرنگی ئەرشیف ئەوە دەخوازێت بەڕێوەبەرایەتییەکی بۆ بکرێتەوە بەناوی: ﴿ بەڕێوەبەرایەتی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان﴾ سەر بە ب. گ. دیوانی وەزارەتەوە بێت و لە دوو بەش پێك بێت:

1- بەشی ئەرشیف: تایبەت بێت بە تەواوی ئەرشیفی نامە نووسراوەکانی دەرچووی وەزارەت و هاتووەکان. بە سەرجەم بەرایییەکانەوە. ئەوەندەی من بزانم ساڵانە نووسراوی دەرچوو ژمارەکان دەگاتە سەرووی (20000) بیست هەزار و ڕەنگە هەمان ژمارە یان کەمتر نووسراوی هاتوو بێت. نووسراوە نهێنییەکان. دەقە یاساییەکان لەگەڵ ڕێنماییە جۆراو جۆرەکان.

2-بەشی بەڵگەنامەکان: هەموو ئەو بەڵگەنامانەی وەزارەت بە پێی تایبەتمەندی وەك بەڵگەنامەکانی گرێ بەستەکان، داوا و بڕیارەکانی دادگە و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان و ڕاسپاردەکانی کۆنفراس و کۆنگرە پەروەردەییەکان و بڕوانامەو پرۆتۆکۆلەکان و...تاد.

هیوادارم لایان لێ بکرێتەوەو هەوڵەکەی منیش سوودێکی هەبووبێت.

لەگەڵ ڕێزمدا...

هاوپێچ
لێکۆڵینەوە بە (12) لاپەڕە.

وێنەیەك بۆ:
* بەڕێوەبەری گشتی دیوان/ لەگەڵ ڕێزم
* بەڕێوەبەری ژمێریاری نیشانە بە گفتوگۆی ڕێکەوتی 2012/6/11 لەگەڵ ڕێزم.

**شێرزاد عەزیز عومەر**
**بەڕێوەبەری سانسۆری کۆگاکان**
**2012/6/27**

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Education

إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة للديوان
مديرية الذاتية

ژمارە: ٢٦٦٧
ڕێکەوت: / / گوڵان/٢٧١٠ کوردی

No:
Date: ٢٠١٠ / ٥ /١٨

## فەرمانی وەزاری

بڕیارماندا بە :- پێك هێنانی لیژنەیەك لەو بەڕێزانەی لە خوارەوە ناووناونیشانیان دیاری کراوە بە مەبەستی جیاکردنەوەی دۆسیەی کەسی فەرمانبەرانی خانەنشین کراو و ئەو دۆسیانەی ماوەی یاسایی یان بە سەر چووە ٠

| | | |
|---|---|---|
| ١- بەڕێز/ شێرزاد عزیز قادر | ب٠سانۆری کۆگاکان | سەرۆکی لیژنە |
| ٢- بەڕێز/ عمر محمد طه | ل٠بودجە | ئەندام |
| ٣- بەڕێز/ بێخاڵ سمکۆ جمیل | ف٠میلاکات | ئەندام |
| ٤- بەڕێز/ ئاریان اسماعیل حسین | ف٠ خۆیەتی | ئەندام |

سەفین محسن دزەیی
وەزیری پەروەردە

وێنەیەك بۆ :
- نووسینگەی تایبەت
- ب٠گ٠دیوان٠
- ب/بەدواداچوونەوە٠
- ب٠ خۆیەتی/لەگەڵ هاوپێچ٠
- ب/ ژمێریاری٠
- ب/سانسۆری کۆگاکان٠
- دۆسەی کەسی/٤ ٠
- خولاو٠

وهبیه ١٢ / ٥ / ٢٠١٠

ب . خۆیەتی * کاك دلشاد

هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون : ٢٢٣٠٢٥٠/٢٢٣٢٤٧٥

E- mail :info@kurdistan-moe.org

Kurdistan Region - Erbil
Phone : ٢٢٣٢٤٧٥/٢٢٣٠٢٥٠

## کۆنووس

فەرمانی وەزاری ژمارە ٧٦٧٢ لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/٥/١٨

لێژنە بە سەرۆك و تەواوی ئەندامانی لە ڕێکەوتی ١٣/ ٦/ ٢٠١٠ لەژووری اوراق کۆبوونەوە بەمەبەستی جیاکردنەوەی دۆسێی کەسی فەرمانبەرانی خانەنشین کراو و ئەو دۆسیانەی ماوەی یاسایی یان بەسەر چووە.

لێژنە پاش تاوتۆ کردنی کارەکە گەیشتێنە ئەم ئەنجامە .

١- دۆسیەی کەسی بەهیچ شێوەیەك دەستکاری ناکرێ پێویستە کارمەندانی بەشی دۆسیەی کەسی بەبەردەوامی (ادامە) یان بکەن ناکرێ بەلاوەبندرێ.

٢- سەبارەت بەدۆسیەکانی تری ژووری اوراق . یاسای تایبەت بەلەناوبردنی (ئیتلاف کردنی ئەوراق) ژمارە ١٤١ی سالی ١٩٧٢ مان بەدەست نەکەوت تەنها ڕێنمایی دارایی ژمارە٧١٦سالی ٢٠٠١ کەوتەبەردەست ئەمەشیان تایبەت بوو بە پالگەو تۆمارەکانی ژمێریاری.

٣- ئێستا ئەم سەردەمە سەردەمی تەکنەلۆژیاو کۆمبیوتەرە بۆیە لێژنە پێشنیار دەکات .

١- دابین کردنی ئامێرێکی سکانەر توانای سکانی زۆر بێت.

٢- کۆمبیوتەرێك لە ئاستی سکانەرە کە بێت .

٣- کارمەندێك بتوانێ ئەم دوو ئامێرە بەکاربهێنێت .

٤- تەواوی دۆسیەکانی دەرکردە بە زنجیرە هەرسالێك بە جیا سکان بکرێت.

٥- بەپێ ی قەبارەی فایلەکان بخرێتە سەر سی دی (CD) یان دی ڤی دی (DVD).

٦- وێنەی یەکەمی ئەم سی دی (CD) یان دی ڤی دیە (DVD) یە بکرێتە وێنەی بنەڕەتی بە هیچ شیوەیەك بەکارنەبرێت.

٧- وێنەی پێویست بۆ بەشەکان لەسەر ئەم سی دی (CD) یا دی ڤی دیە(DVD) کۆپی بکرێت .

٨- بۆ دووبارە کەلەکە نەبوونی اوراق هەر لە وەرگرتە و دەرکردە رۆژانە یا هە فتانە یا مانگانە کاری سکان کردن ئەنجام بدرێت و پاش دڵنیابوون لەهەردوو باردا اوراقەکان اتلاف بکرێت.

لێژنە لەهەمان رۆژ کۆتایی بەکارەکانی هێنا بە ئیمزای سەرۆکی لیژنەو ئەندامەکانی.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاریان اسماعیل حسین | بێخاڵ سمکۆ جمیل | عمر محمد طه | شێرزاد عزیز عمر |
| ف. خۆیەتی | ف.میلاکات | ل. بودجە | ب.سانسۆری‌کۆگاکان |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | سەرۆکی لێژنە |
| | | | ٢٠١٠/٦/١٣ |

*بەڕێوەبەری سانسۆری کۆگەکان ـ دیوانی وەزارەت

# فێرکاری زمانی کوردی بە بیانی (ئولگویەك بۆ چۆنیەتی)

عەلی ڕەزا محەمەدنیژاد [1]
ئیسماعیل مستەفازادە [2] ، سولەیمان ئاوەری[3]

**سەرەتا:**

لە زۆربەی وڵاتانی دنیا ڕزگارکردنی زمانگەلێك کە لە مەترسی لەناو چووندان، لە ژێر فەرمانی حکوومەت، دەزگەکانی کۆمەڵایەتی ، پسپۆران وتوێژەراندایە، بۆ وێنە زمانی مانچۆ کە لە سەردەمی ڕەگەزی پاشایەتی کینگ [4] وەکو زمانی فەرمی چین ناسرابوو، ئەورۆ لە مەترسی لە ناوچووندایە.( ڕاوسکی [5] ،1998) ئەو زمانە لەژێر حیمایەتی حکوومەتی چیندایە و پارێزگاری لیٚ دەکرێت. واتە مەبەست ئەوەیە بڵێین هەموو زمانێك بۆ ڕاوەستاوی و گەشەکردن پێویستی بە پاڵپشتی حکوومەت و دارێژەی زانستی هەیە.

زمانی کوردیش یەکێك لە زمانەکانی هیند و ئەوروپییە (بابان [6] 2005) کە بە دوو خەتی عەرەبی و لاتینی دەنووسرێت و بەزاراوەگەلی جۆراجۆر کە زۆر کەڵە

نووسەر و شاعیر بەو زمانە نووسیویانە. ئەمڕۆ زمانی کوردی وەکو زۆر لە زمانانی زیندووی دنیا نابێت تایبەت بە نەتەوەی کورد بێت، بەڵکو پێویستە زمانی ئاخاوتن ، خوێندنەوە و نووسینەوەی بەشێك لە خەڵکی بیانی و غەیرە کوردیش بێت. هەر لە کۆنەوە تا ئێستە ئەو زمانە جگە لە قوتابخانە و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، لە زانکۆکانی هەندێك وڵات خوێنراوە کە باشتر وایە بڵێین ئەو فێرکارییە ساوایە. بە هۆی گرنگی فێرکاری زمانی کوردی بە بیانی، یان لە وڵاتانی بیانیش، ئەو لێکۆڵینەوەیە چۆنیەتی فێرکردنی زمانی کوردی تاوتوێت دەکات و دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە:

1. ئامانج وگرنگی فێرکردنی زمانی کوردی بە بیانی چییە؟
2. کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگەی فێرکاری زمان چییە؟
3. ڕێگە چارەی فێرکاری زمان چییە؟
4. گەڵاڵە و داڕێژەی پێشنیاری بۆ چۆنیەتی گەشەی زمانی کوردی چییە؟
5. شێوەی کاریگەری وانەبێژی لەو بوارەدا چییە؟

شێوەی لێکۆڵینەوە، شیکاری لەسەر ئەزموونی وڵاتانی دنیا لە سەر فێرکردنی زمانە. ئەو توێژینەوەیە وێڕای کۆکردنەوەی زانیاریگەلی پێویست لەو بوارەدا لە سەرچاوەکانی کتێبخانەیی و ئینتەرنێت، هەوڵی بۆ دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکان داوە.

## باس و لێکدانەوە

**پرسیاری 1: ئامانج و گرنگی فێرکردنی زمانی کوردی بە بیانی چییە؟**

فێرکاری و توێژینەوە لە دەڤەری فەرهەنگ و شارستانیەتی کوردی بە تایبەت لە سەردەمی ئێستەدا بۆ باقی نەتەوەکان و وڵاتان پێویستییەکی ئەمڕۆییە و دەکرێت بۆ داهاتوو پتر داڕێژەی بۆ دابنرێت. لەوانەیە لە ڕابوردوودا تاکو ئێستە لە هەندێك لە زانستگەکانی دنیا وەکو ڕووسیا، بریتانیا، میسر، ئێران و ...تاد وەکو وانەیەکی دڵخواز، زمانی کوردی کاری لە سەر کراوە، بەڵام لە نیوەی سەدەی ڕابوردوو تاکو ئێستە گۆڕانکاری لە بواری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بە واتای ئالوین تافلێر گۆڕانی دەسەڵاتەکان لە دنیا، گۆڕانکاریشی لە سەر تەوەری زمانیش بەدی

هێناوە. زمانی كوردیش كە تا دوێنێ تەنیا زمانی فەرهەنگ و ئەدەب و شیعر بوو، ئێستە زمانی زانست و توێژینەوەشە. پێویستە لەو دەڤەرە چالاك بكرێت و ئەو ڕاستییانە بزانین:

1.ڕاستییەكانی سەردەمی ئێستە لە مەڕ جیهانی بوون، كێ بەركێی نێو نەتەوەیی، پێوەندی ڕامیاری و ئابووری، كردەوەی بانگەشەیی نەتەوایەتی لە سەدەمی پێوەندی، هۆیەكی بە هێزن بۆ ئەوەی كە دەبێت پتر هاندەری پەرەسەندنی زمان بن، چونكە هاوكات لە گەڵ گەشەی زمان، داب و نەریت و بیری نەتەوەش پەرە دەستێنێت.

براون (1978) ڕادەگەیەنێت كە جیهان بەرەو ڕووی گۆڕانكاری بنەڕەتی هاتووە. ئەو گۆڕانكارییە وەكوو پێشوو دەتوانێت ئێمە بەرەو ئاستێكی بالآی مرۆڤایەتی بەرێت بەڵام بە لە بەرچاوگرتنی ڕابوردوو، بۆ پێشكەوتن بە دروستی هەنگاوی بۆ هەڵگیرێت. براون جگە لەوە ڕادەگەیەنێت كە ئەو گۆڕانكارییانە شوێن دەخەنە سەر شێوازی ژیان، پێكهاتەی ئابووری، ڕادەی خێزان، پێوەندی نێو نەتەوایەتی و سستمی فێركاری و.. تاد، ئەوەش هاوكاتە لە گەڵ ڕوودانی قەیرانگەلێكی زۆر. یەكێك لەو گرفتانە، گرفت بۆ فێركاری و دەزگەی پەروەردەیە، كە ئەوە ناچارمان دەكات بە سەرخۆدا بچینەوە و خۆمان بۆ جۆرێك فێركاری ئامادە بكەین كە بتوانین لە گەڵ دۆخی ئێستەیی جیهان رێك كەوین ، بۆ ئەوەش پێویست بە پلانە."(براون [7]،1978)

2. بەربلاوی ئێستەیی فێركاری زمان و ئەدەبی كوردی لە جیهاندا ساوایە و پێویستە كە بناغە و بەستێنی پتەوی بۆ دابنرێت و بۆ پەرەسەندنی گەلاڵەی بۆ دابڕێژرێت.

3. هەر وەك ئاماژە كرا سەدەی ئێستە، سەدەی پێوەندی، خوڵقاندن، توێژینەوە، داهێنان و دۆزینەوەیە. پێویستە لە گەڵ ئەو كاروانەدا هەنگاو هەڵگرین.

چالاكی فێركاری هەر وڵاتێك دەتوانین بە سوودو قازانجی نەتەوە بزانین، ئامانجی سەرەكی ئەو سامانە، گەشەی سەرچاوەو هێزی مرۆڤانەیە. بە واتایەكی دیكە چالاكی فێركاری گەشە و ئاگاداری و تواناییەكانی مرۆڤە. بە گشتی فێركاری كەرەتەیەك بۆ ناساندنی كۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی كۆمەڵگەیە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی شیاو بۆ گۆڕانكاری (بەهادر و هاوكاران،2006).

بە کورتی ئامانجی فێرکاری زمانی کوردی بە بیانی بەم شێوەیە:

1. بووژاندنەوەی زمانی دایك وگەیاندنی بە ئاستی ستاندارد.
2. پێوەندی زمانی لە نێوان میلەتان ونەتەوەی کورد.
3. گفتوگۆ و وتوێژ بۆ ڕاگەیاندنی ئاشتیخوازی و مرۆڤ دۆستی.
4. پەرەپێدانی فەرهەنگ و شارستانیەت.
5. بووژانەوە و پاراستنی کولتووری خۆماڵی.

**پرسیاری 2: کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگەی فێرکاری زمان چییە؟**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە سەرنجتان بـۆ خوێندنـەوەی پرسـیاری سـێیەم ڕادەکێـشین. مەبەست ئەوەیە گرفتەکانی سەر ڕێگە ناڕاستە و خـۆ چـارەیان بـۆ دۆزراوەتـەوە، هەرچەند تـا ئێـستە فێرکـاری زمـانی کـوردی بـە بیـانی سـاوابووە و توێـژەران ئەزموونێکی وایان نەدۆزیوتەوە تا قەیران و گرفتەکان دیاری بکرێن.

**پرسیاری 3: ڕێگەچارەی فێرکاری زمان چییە؟**

بە دوای ئەزموون گەشەی زمانی لە لایەن وڵاتانی دنیا و دانانی کۆرسی زمانی لە فێرگە و زانکۆکان، پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری، خوێنـدنی بـاڵا، پـەروەردە و ئاکادیمیای زمانی کوردی، میدیاکان و هەموو کارگێڕانی بـواری گەشـەی زمـانی کوردی ڕەوتێك بۆ گەشەی زمانی ڕەچاو بکەن. داڕێـژە وگەڵاڵـە داڕێـژن. بـۆ ئـەو هەوڵە، سەرەتا دەکرێت توێژینەوەی بەربڵاو و قووڵ بکرێت. ئەگەر بڕوا بەوە هەیـە (توێژینەوە، پلان، ئەنجام). واتە سەرەتا توێژینەوە بۆ گـۆڕانی دۆخـی ئێـستەیی و لەسەر بناغەی دەرەنجامی پتەوی توێژینەوە، داڕێژە و پلان بۆ ڕەوتی کار دابنرێت. لە ڕاستیدا کارناسان، خاوەن بیران و پسپۆڕانی گەڵاڵـە و نەخـشەی بیـست ساڵی داهاتوو لەو بوارەدا دەبێت داڕێژن.

ڕوانگەی هەر داڕێژە (پرۆگرامێك) لە ڕاستیدا ڕوحـی حـاکم بـە سـەر هـەموو ئەندامانییەتی و هەڵوێستی ئەو وڵاتـە، یـان کۆمەڵگەیـەدا نیـشان دەدات. ئـەو ڕوانگەیە بە پاڵپشتی بیرۆکەیەك وەك بیری پێوەندی، ئاشتیخوازی، گەشەی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی نەتەوەکەمان و... تـاد.. دیـاری دەکرێـت. لێـرەدا پرسـیاری گرنگ کە پێش دیاریکردنی ئامانجگەلی پەرەی زمانی و فێرکاری دەبێت لەبەر چاو بگیرێت، ئەوەیە کە مەبەست و ئامانج دەبێت لەسەر چ بنەمایەك دابمـەزرێت؟ لـە کۆمەڵگەکاندا، لـە سـەر بنـەمای فەلـسەفەی دەسـەڵات، بناغـەی دیـاریکردنی

ئامانجەکان دیاری دەکرێن، واتە نیاز و پێویستی کۆمەڵگە، نیاز و پێوستی فێرخوازان و نیاز و پێویستی پسپۆڕان. (ڕاڵف تایلەر[8]، 1969) ئەمەی خوارەوە ڕەوتی دیاریکردنی ئامانجەکان نیشان دەدات.




ئولگووی ڕاڵف تایلەر
1969

ـ پەرەسەندنی زمانی کوردی لەو وڵاتانەی کە پێشینە و پێکەوەلکاوی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی هاوبەشییان هەیە، زۆر سانا و سەرکەوتووانەیە، بەڵام لەو وڵاتانەی کە پێوەندی کەمترە، دەبێت هێز و بڕستێکی زۆرتری بۆ تەرخان بکرێت.

ـ لەو وڵاتانەی کە خوێندکار بڕیارە وانەی زمانی کوردی هەڵبژێرێت و بیخوێنێت، جگە لە وانەبێژی مامۆستایەکی لێهاتوو، پێوەندی ئەو خوێندکارانە لە گەڵ دانیشتووانی کوردی ئەو وڵاتانە (وەك قوتابی، خوێندکار، دانیشتوو، پەنابەر،کارگێڕانی باڵوێزخانە و ..تاد .. لە دەرەوە) ڕێگەیەکی باشە بۆ بووژاندنەوەی زمانی.

ـ مامۆستایەك کە بڕیارە زمانی کوردی لە وڵاتێك بڵێتەوە دەبێت زمانی ئەو وڵاتە باش بزانێت، ئەزموونی ئەو وڵاتانەی بۆ پەرەی زمانی خۆیان کاریان کردووە نیشان دەدات کە ئەو مەرجە، داڕێژەی گەشەی زمانی بەرەو سەرکەوتن دەبات، چونکە پێوەندی دۆستانە لەگەڵ فێرخوازان دەبێت و دەتوانێت هاندەریان بێت.

ـ کات لە هۆیە کاریگەرەکانی فێربوونی زمانە، هەرچەندە زمانی فێربوون درێژتر بێت، لێهاتەی زۆرتری لێ دەکەوێتەوە (یورودایس[9] 2001، داعاد[10] 2001، مارزانۆ[11] 2000، کەماڵی 2003، ئاشر و گارسیا[12] 1982 و ئۆیاما[13] 1979) بۆ فێرکردن و بووژاندنەوەی زمانی، کات و ماوەی فێرکاری لە حەفتەدا دەبێت لە بەرچاو بگیرێت.

ـ دانات‌ۆ[14] (2000)، لانتالف[15] (2000) و لانتالف و ئەپل[16] (1994) لە سەر ئەو باوەڕەن چونکە فێربوونی زمانی دەرەکی جیا لە بافت و پێکهاتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەڕێوە ناچێت، بۆیە بۆ فێربوونی کارامەی زمان دەبێت پێکهاتەی کولتووری و کۆمەڵایەتی ئەو ڕەت و بافتە بخرێتە بەر سەرنج.

ـ چاپارۆ[17] (2006) لەو بڕوادایە بۆ دەرکی ڕەوتی چەوت و دژواری زمان، دەبێت ئاقاری فێربوون و تایبەتمەندییەکانی بناسین.

ـ ڕەوتی وانەبێژی کارامە، ئاستی خوێندواری، تەمەنی دەسپێکی فێربوونی زمان، هۆش و فامی فێرخوازان لە سەرکەوتنیان کاریگەرە. (دونوان و گروس[18]، 2001)

ـ توێژینەوەی لیاقەتدار و هاوکارانی(2009) نیشان دەدات کە دەرفەتی فێربوونی زمان بە سەرنجدان بە باری فیزیۆلۆژی مرۆڤ بۆ فێربوونی زمان لە تەمەنی گەورە ساڵیدا لە دەست دەچێت و لە سەر دەستکەوتی لێکۆڵینەوە بەستێنی کولتووری و دەروونی کۆمەڵگە و توانای فێربوونی زمان لە فێرخوازان، داڕێژەی فێرکاری بۆ تەمەنی خوارتر واتە منداڵی باشترە.

**پرسیاری 4: گەلاڵە و داڕێژەی پێشنیاری بۆ چۆنیەتی گەشەی زمانی کوردی چییە؟**

پێشنیاری دامەزراندنی لیژنەی( فێرکاری زمان و فەرهەنگی کوردی ) سەرەکی ترین کارە، چونکە ئەو گرووپە ڕاستەوخۆ گەلاڵەی پەرەسەندنی زمانی کوردی لە سێ دەڤەری ژێرەوە بەڕێوە دەبات:

ئا. گەشە و پەرەپێدان: ئەو بەشە چالاکی و ئەرکی ڕاگەیاندن و پەرەی زمان و ئەدەبی کوردی، دامەزراندنی کورسییەکانی فێرکاری زمان لە ناوەند و زانکۆکان و ئاسانکاری بۆ پێکهاتنی وانگەی فێرکاری و وتوویژ سەبارت بە پەرەی زمانی کوردی بە ئەستۆوەیە. ئەندامانی ئەو بەشە وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی پەروەردە و ئاکادیمیەی زمانی کوردی، وەزارەتی دەرەوە و شەش حەوت کەس لە پسپۆران و خاوەن بیر و توێژەران پێکدێن.

ب : فێرکاری: وانەی فێرکاری زمان لە بواری ئامانج، مامۆستا، فێرخوازان، کتێب و شێوەی وانەبێژی دەخەینە بەر باس. ئاست و چۆنیەتی فێرکاری لە گەشەی زماندا نەخشی بەرچاویان هەیە. چۆنیەتی فێرکاری پێوەندی بە پاڵپشتی بەڕێوبەرایەتی و توێژینەوە هەیە. بە هۆی گرنگی بەشی فێرکاری ئاماژە دەکەینە سەر هەل ومەرجەکانی فێرکاری وەك فێرخوازان، مامۆستا، کتێب و شێوەی فێرکاری.

پ: خوێندکاران: خولی فێرکاری بۆ تەمەنی جۆراجۆر ڕەچاو بکرێت و پێش فێرکاری زمان دەبێت پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ فەرهەنگی ئەو زمانە گرنگە. ناسیاوی لە گەڵ فەرهەنگ و هونەر و هوویەتی وڵات و نەتەوەیەك هاندەری فێربوونی زمانە. لە سەر ئەوەی ڕادەی هۆگری فێرخوازان یەك نییە، دەبێت داڕێژەیەك بۆ ئەو هۆگرییە هەبێت و بزوێنەیەکی هاندەر بۆ فێربوونی زمان.

مامۆستا: پەروەردە کردن و دابینکردنی سەرچاوەی ئینسانی وەك مامۆستای پسپۆر و لێزان لە بواری زماننانسی بۆ بەکارهێنانی زمان و ئەدەبی کوردی لە بنەڕەتییەوە تا زانکۆ، بەرزبوونەوەی فێرکاری دەستەبەر دەکات.
کتێبی فێرکاری: کتێبی باش و بەکەڵك و نرمامێر (داڕێژەی کۆمپیووتەر) کۆڵەکەی فێرکاری زمان بە کورد و غەیرە کوردە. لە زۆر وڵاتانی دنیا کتێب بەڵگەیە و پێویستە کتێبی نوێ بە شێوازی فێرکاری نوێ بنووسرێت و نرمامێر(داڕێژەی کۆمپیووتەری) ی فێرکاری بۆ دروست کرێت.
ج: شێوەی فێرکاری: شێوەی فێرکاری بە جیا باسی لێ دەکرێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە هاوکات لە گەڵ پێشکەوتنی فێربوونی ئیلکترۆنیکی و هۆشمەندسازی فێرکاری، بۆ ئەو بەشەش هەنگاو هەڵگیرێت.
چ : پشتیوانی: ئەو بەشە بریتییە لە داڕێژەگەلێك کە پاش دامەزراندنی کورسی یان پێکهاتنی وانەی زمانی کوردی بەڕێوەدەچن.
ئەو داڕێژانە پاڵپشتی فێرکاری زمانن وەك کونفرانسی مامۆستایانی فێرکاری زمانی کوردی، بەڕێوەبردنی خولی فێرکاری، دامەزراندنی تاقیگەی زمان، پاڵپشتی و تەرخان کردنی پارە، بڵاوکردنەوەی پەرتووك، گۆڤار، دانانی پێشانگە و ئینسکلۆپیدیای ئینسانی و ..تاد.. لە بەشی پشتیوانی توێژینگەی زمانی کوردی، پشتگری زانستییانەی هەموو گەڵاڵە و داڕێژەیەکە. توێژینگە بە ڕوانگەی ڕێخۆشکەری، چالاکی دەکات.

**پرسیاری 5: شێوەی کاریگەری وانەبێژی لەو بوارەدا چییە؟**

شێوەی وانەبێژی هۆکارێکی بنەڕەتییە کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا، دەڤەری فێرکاری زمان زیاتر لە دەڤەرەکانی دیکەی فێرکاری گۆڕانی بە سەردا هاتووە. شێوەی کۆنی فێرکاری کە زیاتر لە دوو هەزار ساڵە لە دەسپێکی تێدەپەڕێت لە سەدەی بیستەمدا جێگەی دەدا بە پێکهاتەگەرایی و لە یەکەم ڕۆژانی ئەو سەدەیە دنیایەکی نوێی خستە ڕووی زمانەوانان. ئەو ڕوانگەیە بە ڕێزمانی گۆڕانکاری ئافرینەر گۆڕانی بەسەردا هات و شێوەی فێرکاری زمانی پێوەندی لەوو سەرچاوەی گرت(صفاری، 2010) واتە زۆر شێوەی دیکەیش بۆ فێرکاری زمان بەدی هاتن وەك کارکردگەرایی، فێرکاری کار بنیات و سەرئەنجام بە دەست پێ کردنی شێوەی پۆست میتۆد و چارەسەری مەسەلە و هەر وەها شێوەی ڕەفتاری تەواو ، شێوەی

شانۆیی، شێوەی باس و گفتوگۆ، شێوەی ئەزبەر کردن، شێوەی پرسیار و وڵام (دوو هونەری بڕوانە و بڵێ،گوێ بدەیە و وەڵام بدەوە)، شێوەی کتێب خوێندنەوە، شێوەی ئیلکترۆنیکی و ..تاد.. لە یەك دەیەی ڕابردوودا، فێرکاری زمان ئازادی زیاتری وەدەست هێنا. هەرچەندە ڕوونکردنەوەی ئەو شێوازانە لێرەدا ناگونجێت، بەڵام هەر شێوەیەك بەکار بێت گرنگ ئەوەیە تواناییەکانی زمانی لە فێرخوازان بەدی بێنێ.

بلیاف ، زماناسی رووسی بڕوای وایە کە فێربوونی زمان بریتییە لە کۆمەڵێك توانایی کە بریتین لە :

1.توانایی زاراوە 2.توانایی وشە زانی 3. توانایی ڕێزمانی 4. توانایی بەکارهێنانی مەعریفی5. هەستی زمانی 6. بیرکردنەوە بە زمان (زندی،2011،ل 105).

خاڵی گرنگی دیکە ئەوەیە لە هیچ زمانێکدا بۆ فێرکاری لە ناوەرۆکی تایبەت و پسپۆرانە کەڵك وەرناگیرێت ،بۆ وێنە بۆ فێرکردنی زمانی کوردی بە بیانی وەك زمانی دووەم، نابێت دەق لەبەیتی مەم و زین هەڵبژێررێت. بەڵکو ناوەرۆك لە سەر ئامانجی فێرکاری دیاری بکرێت. ئەو ناوەرۆکە تایبەتە، بۆ فێربوون و بە کارهێنانی کەمینەی وشە و دەستەواژە، دەبێت زۆرترین دەرك و فام دەستەبەر بکات. بە کورتی باشترین شێوەی وانەبێژی دیاری ناکرێت، بۆیەش هەر شێوازەش جێگە و پێگەی خۆی هەیەو دەکرێت لەکاتی گونجاودا کەڵکی لێ وەربگیرێت.

دەسکەوت:

یونسکۆ لە چەمکی فێرکاری چوار بنچینەی زانست و کۆڵەکە دیاری دەکات وەك فێربوون بۆ چالاکی، فێربوون بۆ بوون، فێربوون بۆ زانیاری، فێربوون بۆ ژیان. کەوابوو مرۆڤ بۆ دەرکی دەوروبەری خۆی ناچار بە فێربوونە. فێربوونی زمان و بە تایبەت ئەو زمانەی کە زمانی زانست و پێشکەوتنە زۆرتر پەرە دەگرێت. بۆ پەرەی زمانی نەتەوە پێویستە توێژەران وخاوەن بیران داهێنان بکەن تا زمانی کوردیش وەك زمانە کانی دیکە، زمانی زانست بێت تا گەلانی جیهان بخوازن بەو زمانە بئاخڤن و فێری بن. بۆیەش دەبێت هەموو کارگێڕانی بواری گەشەی زمانی کوردی، هەوڵ بدەن زمانی کوردی پەرە پێ بدەن. لەم وتارەدا پێشنیازی گەڵاڵە و نەخشەی بیست ساڵی داهاتوو و دامەزراندنی لیژنەی( فێرکاری زمان و

فەرهەنگی کوردی ) کرا تا ڕاستەوخۆ گەشەی زمانی لە وڵاتانی بیانی و بۆ ناوخۆ پەرە پێ بدات.

## پەراوێزەکان

1. مامۆستای زانکۆ و پەروەردە- شاری شنۆ
2. مامۆستای زانکۆ وپەروەردە- شاری مەهاباد
3. مامۆستای زانکۆ وپەروەردە- شاری مەهاباد
4. Qing
5. Rawski
6. Baban
7. Brown
8. R .Tyler
9. Eurydice
10. Daad
11. Marzano
12. Asher. & Garcia
13. Oyama
14. Danato
15. Lantolf
16. Lantolf,& Apple
17. Chaparro
18. Donovan & Gross

**سەرچاوەکان:**

1. بهادر حمیداله، سلگانی عربشاهی سید کامران، سلمانزاده حسین، بیابانگردی زینب، یادێورنیك روش منصوره، شکرابی ربابه(2006)بازنگری برنامەهای درسی، مرکز مگالعات و توسعه ێموزش دانشگاه علوم پزشکی ایران،تهران: انتشارات تحفه.

2. زندی، بهمن(2011) زبان آموزي، تهران: انتشارات سمت.

3.صفاری مقدم، احمد(2010) رویکردی جدید در آموزي زبان فارسی به غیر فارسی زبانان، فصلنامه زبان شناخت، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، شماره اول:70 ـ51.

4. کمالی، بهناز(2003) زبان شناسی و آموزي و پرورش، تهران: انتشارات مدرسه.

5. لیاقت دار محمدجواد، بیرمی پور علی، محسنی مقدم فریبا(2009) بررسی زمینه های فرهنگی و روانی جامعه و نیز ظرفیت فراگیران برای تحقق آموزي زبان انگلیسی در دوره ابتدایی، فصلنامه نوآوریهاي آموزشي ،شماره31.

6. Asher ,J . ,& Garcia, R. (1982). The optimal age to learn a foreign language.In Krashen, S.D.,Scarcella ,R.C., & Long, M.H. (Eds), Child – adult differences in second language acquisition (pp 3 – 12),Rowley, MA: Newbury House Publishers , Inc

7. Baban.S(2005) Phonology and Syllabication in Kurdish Language Kurdish Academy Press,First Edition, Arbil, (in Kurdish)

8. Brown.L.( 1978) The Twenty - ninth Day. Newyork: Norton. 197.

9. Chaparro ,E.A.( 2006) Monitoring the early literacy skills of English language learners in kindergarten and first grade, Retrieved from, http:www.lib.umi.com

Daad , N. (2001). Second language study in elementary schools , .10
23_Sanfrancisco: 8 (3), 21

Danato , R(2000). Socio cultural contributions to understanding the .11
foreign and second language classroom, In Lantolf, J.P., editor , socio
50_cultural theory and second language learning, pp: 25

Donovan, M.S., & Gross,C.T.,( 2001).Minority students in special and .12
.gifted education, Washington D C : National Academy press

Eurydice(2001). Foreign language teaching in schools in Euroe, .13
.Eurydice European unit: Belgium

Lantolf , J.p.( 2000). Socio cultural theory and second language .14
,learning, Oxford: Oxford University press

Lantolf , J.p. ,& Apple,G(1994).Vygotskian approaches to second .15
.language research, norwoo,NJ: Ablex press

Where the .Marzano,R.( 2000). A new era of school reform: Going .16
continent research for education and _research takes us,Aurora, Co:mid
.learning

Oyama, S. (1979). A sensitive period for the acquisition of a .17
nonnative phonological system. In krasen,S.D., Scarcella, R.C., & Long,
adult differences in second language acquisition (pp. _ M.H. (Eds), Child
38),Rowley, MA: Newbury House Publishers , Inc_22

Rawski, E. S. (1998 )The Last Emperors: a Social History of Qing _18
Imperial Institutions, Berkeley and Los Angeles: University of California
Press, ISBN 0520212894

# ڕەوەندی دانانی بەرنامەی وانەیی

مستەفازادە ئیسماعیل

یەکـــەم هـــەنگاوی دارێـــژەی بەرنامـــەی وانـــەیی نـــوێ، توێژینـــەوەو بـــەراوردی پێداویـــستییەکانە دەرەنجـــامی ئـــەم قۆناغـــە، هەســـت بەپێویـــستی داڕشـــتنی بەرنامەیەکی وانەیی‌یە.

ئەو توێژینەوانەی کە لەم قۆناغەدا ئەنجام دەدرێن بریتین لە:

1-1- بەدوادا چوونی سیاسەت و ڕێ و شوێنی گشتی و نوێی وەزارەتی فێرکـردن و پەروەردە.

2-1بەدواداچوونی دەرەنجامی ئەو توێژینەوانەی کە لەمەڕ وانەیەکی تایبەت ئەنجام دراون.
3-1- بەدواداچوونی دەرەنجامی دوایین تاقیکاری لە بەرنامەی وانەیی و کەڵك وەرگرتن لەڕاوبۆچوونی مامۆستایان.
4-1- خوێندنەوەیەکی دەقاودەقی بەرنامەی وانەیی دەگەڵ بەرنامەی وانەیی وڵاتانی دیکە.
5-1- خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە و نوێ لە بەستێن و ڕوانگەی جۆراوجۆری بەرنامەی وانەیی.

**2ـ داڕشتنی ڕێنوێنی بەرنامەی وانەیی.**

کەڵك وەرگرتن لە دەرەنجامی توێژینەوەکان وەك سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ داڕشتنی ڕێنوێنی بەرنامەی وانەیی.
ڕەوەندی داڕێژەی ڕێنوێنی بەرنامەکان بریتین لە:
1-2- پێشاندانی وێنەیەکی گشتی لە بەرنامەی وانەیی و سەلماندنی فەلسەفەی نیازمەندبوون بە بەرنامەی وانەیی.
2-2- پێشاندانی دەرەنجامی بەرنامەی وانەیی و ڕێسامەندبوونی بەرنامە.
2-3- دیاریکردنی مەبەست و ئامانجەکانی بەرنامەی وانەیی.
2-3-1- ئامانجی هەر وانەیەك لە قۆناخێکی خوێندن لە سێ بازنەی (حیگە): فێربوونی، ناسین، کارزانی و ڕوانگەیی، بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجی پەسەندکراوی ئەنجوومەنی باڵای وەزارەتی فێرگە و پەروەردە.
2-3-2- دیاریکردنی مەبەستی وانەکانی هەر پۆلێك لەو سێ بازنەیەدا.
2-4- پێشاندانی ناوەرۆك.
2-4-1- دەرخستنی واتا بنەماییەکانی گرێدراو بە هەر خولێکی خوێندکاری.
2-4-2- بەخشتەکردنی تێکڕای ناوەرۆك و کارزانی تایبەت بە هەر خولێکی خوێندکاری لە سێ بازنەی (ناسین، کارزانی و ڕوانگەیی).
2-4-3- دەرخستنی هەر ڕێنوێنیەکی گرێدراو بە چوارچێوەی پەرتۆکی وانەیی، ڕێنوێنی مامۆستا، ڕاهێنان، کۆمەك فێرکاری، کۆمەك وانەیی و کەرەستەی فێرکاری، (فیلم و نەوار و CD).
2-4-4- پێشاندانی خاڵ بژێری ناوەرۆك .

5-4-2- دیاری کردنی خاڵ بژاری ڕێکخستنی ناوەرۆك.
6-4-2- دیاری کردنی پێوەندی ئاسۆیی واتا بنەڕەتییەکانی وانەکان لەگەڵ وانەکانی هاوپۆل.

5-2- شێوازی وانەگوتنەوە.
دەرکردنی شێوازێکی گونجاوی فێرکاری ـ فێربوون و ڕێنوێنی پێویستی وانەگوتنەوە لە سەر بنەمای ڕەوت و مەبەستەکانی بەرنامەی وانەیی.
6-2- دەرخستنی شێوازی هەڵسەنگاندنی گەشەی خوێندکاری
1-6-2- ڕێنوێنیەکی گشتی لەمەڕ هەڵسەنگاندنێکی گونجاو و هاوسەنگ لەگەڵ ڕەوت و ئامانجەکانی بەرنامە.
2-6-2- پێشنیاری گونجاوی شێوازی هەڵسەنگاندن.
3-6-2- دیاریکردنی دابەشی هەر یەك لە سێ بازنەی (ناسین و کارزانی و ڕوانگەیی) لە هەڵسەنگاندا.
7-2- پێشاندانی هەر چەشنە کارزانی مامۆستا بۆ داڕشتنی بەرنامەی وانەیی (دیاریکردنی تەوەرەکانی سەرەکی فێرکردنی مامۆستایان).
1-7-2- چۆنیەتی گشتی و تاکەکەسی مامۆستایان
2-7-2- پێشاندانی زانین و زانیاری، کارزانی و ڕوانگەی پێویست بۆ مامۆستایان.
8-2- دیاریکردنی ڕێسامەندی (ستاندارد)، کەرەستەی پێویست بۆ پیادەکردنی بەرنامەی وانەیی.
1-8-2- شوێنی فێرکاری لە باری: دەرەتان، ڕیزبەندی کورسی دانیشتنی شیاوی پۆل و...
2-8-2- دابینکردنی کەرەستەی پێویست وەك: کەرەستەی بینین و بیستن، تاقیگەیی و کارگەیی.
9-2- دەرکردنی شێوەی پەرەپێدانی بەرنامەی وانەیی، فێرکاری ڕاستەوخۆ (هزری) و ناڕاستەوخۆ (غیرحزووری) و پێشاندانی شێوازی گونجاوی دی لە بارەی: مامۆستایان، سەرپەرەشتان، خوێندکاران، بەرپرسان و... هوە.
**3- بایەخدان بەڕێنوێنی بەرنامەی وانەیی**

بە مەبەستی دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی پێشبینی نەکراوی ڕێنوێنی بەرنامەی وانەیی داڕێژراو لە لایەن تۆێژەرێکەوە (هەڵبژێری ئەم کەسە ئەندامی لیژنەی بەرنامەڕێژی وانەیی نییە) پرۆژەیەك بۆ دیاریکردنی بایەخی بەرنامەکان دادەنرێت.
ئامانجی ئەم پروژە و کۆمەڵەی ئاماری بریتین لە:
1-3- مەبەستەکانی پرۆژەی بایەخبەخشی ڕێنوێنی بەرنامە.
- پێداچوونەوە بۆ ڕێژەی هەماهەنگی بەرنامەی وانەیی لەگەڵ ڕێسامەندییەکی پێشبینیکراو لە چوارچێوەی ڕێنوێنی بەرنامەی وانەیی پەسەندکراوی نووسینگە.
- پێداچوونەوە بۆ ڕێژەی بوونی ڕوویکەردی وانەیی.
- پێداچوونەوە بۆ دڵنیایی لە گونجاوبوونی شێوەی فێرکاری ـ فێربوون بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی شوێنی فێرگەیی لە باری (شوێن، ژمارەی خوێندکار، شوێنی گونجاوو پەروەردەی مامۆستایان و...).
- پێداچوونەوە بۆ ڕادەی هەماهەنگی ڕەوشی هەڵسەنگاندنی گەشەی خوێندن.
- پێداچوونەوە بۆ ڕادەی توانایی ئەنجامی هەڵسەنگاندنی گەشەی خوێندن بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی کاتی شوێنی فێرگە.
- پێشبینی زانست و کارزانی پێشبینینەکراوی پێویستی مامۆستا.
2-3- کۆمەڵە و نموونەی ڕێژەیی (ئاماری).
لەم قۆناغەدا، نموونەی ڕێژەیی تۆێژینەوەی بایەخبەخشی بریتین لە ژمارەیەك:
- کارزانانی بەرنامەی وانەیی.
- کارزانانی فێرکاری و پەروەردەیی.
- کارزانانی هەڵسەنگاندنی گەشەی خوێندکاری.
- کارزانانی پێوەندیدار بە بابەت.
- مامۆستای بە ئەزموونی دەستەی فێرکاری.
- گروپە وانەیی پێوەندیدار.
- گرووپە فێرکارییەکان
3-3- دەستکاری و ڕێکوپێککردنی ڕێنوێنی بەرنامەی وانەیی داڕێژراو (بە بایەخ بوونی ڕێنوێنی بەرنامەی وانەیی).

لەم قۆناغەدا، دەرەنجامی پێداچوونەوە و خوێندنەوەی ڕەوەندی بەرنامە، لە لایەن توێژەرەوە بە لێژنەی وانەیی پێوەندیدار ڕادەگەیەندرێت و لە ئەنجوومەنی بەرنامەدارێژی لێژنەی وانەیی بڕیاری لە سەر دەدرێت.

## 4- داڕشتنی بەرنامەی وانەیی و مادەی فێرکاری

لەم قۆناغەدا کە بەشی سەرەکی ڕەوەند لە خۆ دەگرێت، لێژنەی وانەیی لەگەڵ ڕاوبۆچوونی ئەنجوومەنی لێژنە، بۆ هەڵبژاردنی لێژنەی پەرتووکنووسی و داڕێژەی بەشەکانی دیکەی بەرنامە، بڕیاردەدەن.

ئەندامانی لێژنەی هەڵبژێرراو دوای پەسەند کردنیان لە لایەن بەرپرسایەتی نووسینگەوە. بەپێی ڕێکاری دیاریکراو لە ڕێنوێنی بەرنامەی پەسەندکراو بۆ دابینکردنی پەرتووکی وانەیی، پەرتووکی ڕاهێنان، پەرتووکی ڕێنوێنی مامۆستا، شریت و فیلمی فێرکاری، بڕیاردەدەن.

## 5- بایەخدان بەبەرنامەی وانەیی

لەم بەشەدا ڕەوەندی داڕێژەی بەرنامە، وێکڕای بەرهەمە فێرکارییەکانی بەدیهاتوو لێکدەدرێنەوە. گرفتە پێشبینی نەکراوەکانیش چارەسەردەکرێن بەر لەوەی بەرنامە بەکار بهێنرێن، ئەم کارەش لە دوو قۆناغدا ئەنجام دەدرێت:

1-5- بایەخ پێدان لە ڕوانگەی داڕێژەرانی بەرنامە و خاوەن ڕا و مامۆستایان.

1- 1-5- ئامانجەکان

- ڕادەی یەکگرتنەوەی بەرنامە لەگەڵ زانستی ڕۆژ.
- ڕادەی هەماهەنگی بەرنامە لەگەڵ پێداویستی و ئاستی توانای خوێندکاران.
- هەماهەنگی بەرنامەکان و کارکردی بەرنامە.
- هەماهەنگی ناوەرۆك لەگەڵ ئەزموون و پێشینەی زانستی خوێندکاران.
- گونجاوبوونی ڕادەی داگیرەی (قەوارە)ی ناوەرۆك لەگەڵ زەمانی دیاریکراو بۆ وانەگوتنەوە.
- ڕادەی زانست و کارزانی پێویست و کارای مامۆستایان بۆ وانەگوتنەوە.
- هەماهەنگی پێویست لە نێوان شێوازی (فێربوون — فێرکردن) و ناوەرۆکدا.

5-1-2- کۆمەڵگە و نموونەی ڕێژەیی

کۆمەڵگە و نموونەی ڕێژەیی وەك بەندی (2-3)یە.

5-1-3- چاك کردن و دەستکاری بەرنامەی وانەیی (بەرهەمی بەرنامەی وانەیی).

لەم قۆناغەدا بە لەبەرچاوگرتنی بوچوون و کاردانەوەکان، ئەنجوومەنی لیژنەی وانەیی، بۆ گەشەپێدانی بەرنامەی وانەیی بڕیار دەدات.

5-2- بایەخ بەخشی لە ڕووی ئەنجامەوە (ئەنجامی تاقیکردنەوەیی).

تاقیکردنەوە، بایەخ بەخشی بەرنامەیە بۆ ئەنجامدانی بەرنامە.

بۆ ئەم مەبەستە، بەرنامەی دابینکراو لەسەر چەند پۆلێك تاقی دەکرێتەوە تا خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بەرنامە لەسەر خوێندکاران بناسرێن.

ئەم تاقیکردنەوەیە دوو ساڵ درێژەی دەبێت. لەهەر قۆناغێکدا بەشە جیاجیاکانی ناوەرۆك وەك: کەرەستەی فێرکاری، شێوازی فێرکردن و فێربوون، ڕەوشی هەڵسەنگاندن و هەرشتێك پێوەندی بە بەرنامەی وانەییەوە هەیە، تاقی دەکرێنەوە و پێیاندا دەچنەوە.

5-2-1- ئامانجەکان

- دیاریکردنی ڕادەی گەیشتن بە ئامانجەکان.
- پێداچوونەوەی دوایین نووسراوی (دانە)ی مادەی فێرکاری بەرنامە (ناسینی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی مادەی فێرکاری).
- دیاریکردنی ڕادەی کاریگەری شێوازی فێربوون — فێرکاری بەرنامە.
- دیاریکردنی گونجاوی مادەی فێرکاری لەگەڵ چۆنیەتی خوێندکاران.
- دیاریکردنی گونجاوی شێوازی فێربوون و فێرکردن لەگەڵ تواناکانی کاری مامۆستایان.
- دیاریکردنی گۆنجاوبوونی هەڵسەنگاندنی گەشەی خوێندکاری لەگەڵ ناوەرۆك و کارایی شێوازەکان.
- دیاریکردنی گونجاوی شێوازی هەڵسەنگاندن لەگەڵ چۆنیەتی خوێندکاران.

- دیاریکردنی شێوازی هەڵسەنگاندنی گەشەی خوێندکاری لەگەڵ تواناکانی ئەرکی مامۆستایان.
- هەڵسەنگاندنی ڕوانگەی مامۆستایان، خوێندکاران و سەرپەرشتیاران لە هەمبەر بەرنامەی وانەیی نوێ.
- هەڵسەنگاندنی کەرەستەی فێرکاری فێرگەکان بۆ ئەنجامی بەرنامەی نوێ.
- دیاریکردنی ڕادەی داگیرەی ناوەرۆك لەگەڵ زەمانی پێشبینیکراو بۆ ئەنجامدانی.
- کۆکردنەوەی زانیارییە بنەڕەتییەکان بۆ فێرکردنی مامۆستایان.
- کۆکردنەوەی زانیارییە بنەڕەتییەکان بە مەبەستی ئەنجامی بەرنامە.
- ناسینی گرێ و گرفتەکان لە هەمبەر ئەنجامی بەرنامە.

5-2-2- شێواز و کەرەستەی کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان.

چونیەتی کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان، خوێندنەوەی مەیدانییە لە ڕێگەی ڕابێژی ، وتووێژو دیتنەوە (بینین) و... .

کەرەستەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بریتین لە:

پرس بەرگ ، ڕاوێژبەرگ و بەرگی نووسینی دیتنەکان و... .

5-2-3- شێوازی ڕێژەیی و لێکدانەوەی زانیارییەکان

زانیارییەکان لە ڕاوبۆچوونی خوێندکاران، مامۆستایان، بەرپرسان،سەرپەرشتیاران، مامۆستایانی ڕێنوێن و لێژنەی فێرکاری پێوەندیدار لە ڕێگەی تەوسیفییەوە لێك دەدرێنەوە.

5-2-4- کۆمەڵگەی نموونەی ڕێژەیی.

مەبەست لە خوێندنەوەی کۆمەڵگە: مامۆستایان، خوێندکاران، بەرپرسان، سەرپەرشتیاران، مامۆستایانی ڕێنوێن و لێژنەی فێرگەیی و پێوەندیدار بە خولی خوێندکارییە.

5-2-5- نموونەی ڕێژەیی

ئەلف) لە ساڵی یەکەمدا.

لە یەکەمین ساڵی ئەنجامی تاقیکردنەوەی بەرنامەی وانەیی لە پۆلەکانی چەند فێرگە (وێکڕا 10 تا 20 پۆل) وەبەر تاقیکاری سەرەتایی دەنوێن.

ب) لە ساڵی دووەمدا

لە دووەمین ساڵی ئەنجامی تاقیکاری، وڵات بە پێنج بەشی جوغرافیایی دابەش دەبێت (باکوور، باشوور ناوەند و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا). لە هەر بەشێکدا شارێك، لە هەر شارێك دوو شارستان (ئاوەدان، مەحروم)، لەهەر شارستانێك چوار پۆل (دوو پۆلی کچانە، دوو پۆلی کوڕانە)، (شاری و لادێیی) هەڵدەبژێرن.

$5\times2\times4=40$ پۆل

لەدیاریکردنی نموونەی ئەنجامی تاقیکاری، پێویستە لە نموونەی بژارکردنیاندا چاودێریکردنیان ئاسان بێت.

## 6- دەستکاری کردنی کۆتایی بەرنامەی وانەیی و کەرەستەی فێرکاری

### 6-1- پێشاندانی دەرەنجامی ئەنجامی تاقیکاری.

بەڕێوەبەری ئەنجامی تاقیکاری بەرنامەی وانەیی دەبێت وەڵامی ئەم پرسانەی خوارەوە بخاتە ڕوو:

- چ بەشێك لە بەرنامە پێویستی بەدەستکارییە؟
- چ بەشێك شیاوی ڕاگرتنە؟
- مامۆستایان پێویستییان بە چ فێربوونێکە؟
- ئایا ناوەڕۆکی پەرتووکەکان لە کاتی خۆیدا ئەنجامیان ئاساییە؟
- ئایا کەرەستە و پێداویستی دیکە بۆ ئەنجامی بەرنامە لە فێرگەکاندا دابین دەکرێت؟

- پێویستی دیکەی ئەنجامی سەرتاسەری بەرنامە چییە؟

### 6-2- داوەری دەرەنجامی توێژینەوە و دەستکاری کردنی بەرنامە.

بەڕێوەبەری پرۆژەی ئەنجامی تاقیکاری لەگەڵ لێژنەکانی پێوەندیدار، زانیاری بەرگەنووسراوی دیتراوەکان، وتووێژەکان و پرس بەرگەکان هەڵدەسەنگێنێت و لە بارەی چۆنیەتی دەستکاری بەرنامە، داوەری دەکەن.

لەم قۆناغەدا، پێداویستی فێرکاری مامۆستایان لە پێش چاو دەگرن و دواییش بۆ داڕشتنی بەرنامە بە لێژنەی پەروەردەی مامۆستایی ڕادەگەیەنرێت.

مامۆستایانی بەڕێوەبەری ئەنجامی تاقیکاری بەرنامەی وانەیی، لە هەر دوو قۆناغی (ساڵی یەکەم و دووەم) پێش دەستپێکی کار لە پۆلە تایبەتەکان لە فێربوونی پێویست کەڵك وەردەگرن و لەگەڵ ئامانج و کارکردنیان ئاشنا دەبن.

## 7- ئەنجامی سەرتاسەری بەرنامەی وانەیی

ئەنجامی سەرتاسەری بەرنامەی وانەیی، پێویستی بە ئەم بەستێنانەیە:

1-7- دیاریکردنی شێوازی سیاسەتێکی هەمەلایەنەی نووسینگەی بەرنامەڕێژی و ڕێخراو بۆ ئەنجامی سەرتاسەری بەرنامە.

2-7- ناساندنی تێکڕای بەرنامەی وانەیی لە هەموو شارەکاندا (ئاشنایی بەرپرسانی پەروەردەی شارەکان لە ئاستی جۆراوجۆر، مامۆستایان، سەرپەرشتیاران و... لە هەمبەر بەرنامەی نوێ).

3-7- دڵنیابوون لە فێرکاری مامۆستایان وەك گرنگترین هۆکاری پاڵپشتی ئەنجامدانی بەرنامەی نوێ و گەیشتن بە ئامانجەکان.

4-7- ڕچاوکردنی پێداویستی ئەنجامی بەرنامەی نوێ لە فێرگەکاندا.

8- تاقیکاری کۆتایی لەبەرنامەی وانەیی.

دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵ ( نزیکەی 3 تا 5 ساڵ) لەئەنجامی سەرتاسەری بەرنامە، دیسانەوە هەڵدەسەنگێنرێت.

دەرەنجامی ئەم هەڵسەنگاندنە، گۆڕان و سەقامگیری بەرنامە بە دەستەوە دەدات و وەك پرۆژەیەکی سەربەخۆ لە نووسینگەی بەرنامەڕێژیدا لەلایەن توێژەرانی بە تواناوە ئەنجام دەدرێت.

# ئامانجە پەروەردەییەکان

ئا : سامان مامڵێسی*

لەگەڵ بارگۆڕان و پێشکەوتنە نوێیەکانی ژیاندا، چەمکە پەروەردەییەکانیش، ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە و، بەڵگەنمای دیکەیان وەرگرتووە، چیدی پەروەردە تەنیا گەڕانەوە نییە بۆ دووتوێی نووسراو و تیۆرە کۆنەکان، باوی (پەروەردەی لەقالبدراو) نەماوە، بەڵکو ئەوە ئەزموون و تاقیکردنەوەیە بڕیار دەدات، کامە بیردۆزە، دارای جێبەجێکردنە و کامەشیان شایەنی تووڕدانە، سەردەم سەردەمی پەروەردەیەکە، ئامێتە لەگەڵ داهێنراوە نوێیەکان و، ئاوێزان لەتەک ئازادییە تاکییەکان، هاوتا وەل دۆستایەتییەکی پتەو، لە نێوان مامۆستا و فێرخوازەکەی، پەروەردەیەك ئاتاج بە بینا گونجاوەکان، ڕازاوە بە ئامرازە فێرکارییەکان، بەڕێوەبەرانی پسپۆر، مامۆستایانی دڵسۆز، خوێندکارانی کارامە، نەك

پەروەردەیەکی مردوو، کە فێرخوازان لە کتێبەکەیان دوورکەونەوە، دەبنە نەخوێندەوارێکی مۆدێرن.

پەروەردە واتە داهێنان، داهێنانی بیر و ئایدیا، پێش کەرەستە و ماتریاڵ، چونکە هەموو داهێنراوێك، لە سەرەتادا تەنیا بیرۆکەیەك بووە و هیچی دیکە، دواتر خۆئامادەکردن و نەخشە ڕێ و، پاشان بەکارخستنی کەرەستە و، لە کۆتاییشدا، داهێنراوێکی نوێ.

دیسانەوە، پەروەردە واتە ئیشی دەست و ئامادەسازی، بۆ دەست و پەنجە نەرمکردن، لەتەك پیشە و کارە دەستکردەکاندا، ئەمڕۆ ئامانجەکانی فێرکردن و فێربوون، بریتین لە سێ قردێلە و، دەبێت مامۆستایانی کارا، بە گەردنی فێرخوازانیاندا، هەڵیانبواسن، قردێلەی یەکەم، ئامانجە مەعریفییەکانن و (بلۆم) بەسەر پێنج ئاستدا دابەشی کردوون، دووەمینیان، ئامانجە ویژدانییەکانن، کە بەسەر شەش ئاستدا دابەش کراون، سێیەمیشیان، ئامانجە بزاوتی و لێهاتووییەکانن.

هەر یەکێك لەم سیانەییە، بێ ئەوی دیکە ناتوانن، سێگۆشە پەروەردەییەکەمان بۆ تەواو بکەن.

پاشان، پەروەردە واتە، خوێندنەوی ڕابردوویەکی شکۆدار، داڕشتنەوی بۆ ئەمڕۆیەکی بریندار، لە پێناوی دەسکەوتنی داهاتوویەکی پرشنگدار.

ناکرێت و ناکارێت، پەروەردە خولانەوە بێت لە بازنەی ڕابردوودا، هەروەك ناکرێت، متبوون بێت لە گۆشەی هەنووکەدا، بەو شێوەش، نابێت تەنیا خەیاڵ پڵاوی بێت بۆ داهاتوو.

ئێمە دەبێت بنەما و بنچینە پەروەردەییەکان، بناسین، مێژووی قوتابخانە و سەرهەڵدانی بیردۆزەکان، بزانین، ڕەوتی بەرەو پێشڤەچوونی پەروەردە، پشتگوێ نەخەین، پەروەردەی هاوچەرخیش لەبەر چاومان بێت، تاکو بتوانین، بگەینەوە بە کاروانی داهێنان و، خەڵك و خوای خۆمان، خزمەت بکەین.

## 1ـ ئامانجە مەعریفییەکان

دیارە هەموو کاریك کە مرۆ دەیکات، ئامانج و مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە، گەر نەزانین بەتەمای چین و ئامانجمان لە وانە وتنەوە چییە، بێ گومان ناتوانین فێرخوازەکانمان بگەیەنینە مەنزڵ.

کەسی بێ ئامانج، وێڵێکی سەرگەردان و لە کاروان بەجێماوە و ناشزانێت ڕێگە دەرکات. جا هەر لەم سۆنگەیەوە، زانایان و هزرڤانانی بواری پەروەردە، لە هەوڵە بەردەوام و لێکۆڵینەوە بێ وچانەکانیاندا، گەیشتوونەتە دیاریکردنی چەند ئامانجێك لە کردەی فێربووندا، بەڵێ دەبێت فێرخوازی ئازیز و مامۆستای بە ئەمەك بزانن کە ئەم ئامانج ناسینە، هەنگاوی یەکەمە و ناکرێت بازی بەسەردا بدرێت.

گرنکی زانینی ئەم ئامانجانە، لەوەدایە لە لایەکەوە بنەڕەتێکن لە ئاراستەکردنی ڕەفتاری فێرخوازدا، لەولایشەوە، ئەو شتانە دیاری دەکەن کە بۆ پرۆسەی فێربوون پێویستن، هەروەك هاوکارن بۆ ڕزگاربوون لە بارودۆخە نەرێنییەکانی نێو پرۆسەکە، دیسانەوە ئەو کاتەیش کە کارەکە هەڵدەسەنگێنرێت، پێویستن.

ئەگەر فێربوون(التعلم) بریتی بێت لە گۆڕانێك لە ڕەفتاردا و لە ئەنجامی لێزانین (خبرە)یەکەوە سەری هە لّدابێت، ئەوە دەبێت بزانین ئامانج لەو گۆڕانە چییە و لە پێناوی چیدایە؟

ئامانجە فێرکارییەکان، سیانن و لە ئامانجە مەعریفی و ئامانجە ویژدانی و ئامانجە ڕەفتارییەکان پێکدێن.

(bloom) داهێنەر و دیاریکەری ئامانجە مەعریفییەکانە، بە شێوەیەکی هەرەمی، بەسەر ئەم شەش ئاستەی خوارەوەدا دابەشی کردوون:

**یەکەم:** مەعریفە( knowledge)، ئەم ئاستە پشت بەو ئەگەرە دەبەستێت، کە پێویستە فێرخواز بە توانا بێت لە بەردەستخستن و هێنانەوەی چەند زانیارییەکی دیاریکراو لە یادەوەری خۆیەوە، بە مەرجێك زانیارییەکان لەتەك تەمەنی خۆیدا وێك بێنەوە.

تاقیکردنەوەی ئەم ئاستە، بە پرسیارکردن لە فێرخوازەکە، دەربارەی واتای هەندێك لە وشەکان، دەست پێدەکات، پاشان پرسیارەکان، پلە بە پلە، لە سووکەوە بۆ قورس ڕیز دەکرێن.

**دووەم:** تێگەیشتن (Comprehension) ئەم ئاستەیان، هەریەك لە ڕاڤە و وەرگێڕان و تەواوکردن لەخۆ دەگرێت. کاتێك دەردەکەوێت، کە لە فێرخوازەکە بخوازین، ئەوەی لە وانەکە تێگەیشتووە، بۆمان ڕاڤە بکات، وەلێ بەو مەرجەی وشە و دەربڕینەکان هی خۆی بن.

**سێیەم:** ئەنجامدان (Application) ، لێرەدا فێرخواز لەوە زیاتر پێویستە کە تەنیا لەبەرکردن و زانیاری گێڕانەوە ئەنجام بدات، بەڵکو دەبێت ئەوەی لەبەری کردووە، لە هەڵوێستە جوداجوداکاندا جێبەجێی بکات و ئەنجامی بدات.

**چوارەم :** شیکردنەوە (Analysis)،مەبەست لەم ئاستەیان ئەوەیە، ناوەرۆکی بابەتێك یان پێکهاتەیەك، بۆ ڕەگەزە سەرەکییەکانی دابەش بکرێنەوە.

**پێنجەم:** پێکهێنان(Synthesis)، ئەمیان پێچەوانەی ئاستی چوارەمە، مەبەست لێی پێکهێنانەوە و لێکدانەوەی بەشەکانی بابەتێك، یان ناوەرۆکیکە، تاکو ببنەوە بە یەك.

**شەشەم:** هەڵسەنگاندن (Evaluation)، ئەم ئاستە ئەوە لە فێرخواز دەخوازێت، بڕیار و حوکمی خۆی بدات بەسەر ئەو بابەتانەدا کە خوێندوونی، یان دەیانخوێنێت.

**2ـ ئامانجە ویژدانییەکان:**

پەروەردەی بێ ئامانج، پەروەردەیەکی هەڕەمەکییە و سەرسمدان و بەدەمداکەوتنە، وانەیەکی بێ ئامانج، جۆرێکە لە سەرپێیی، سەروەختی بڵاوبوونەوەی دیاردەی مۆژدەدەری (تبشیر)، دروشمیان ئەوەبوو: (قل کلمتك وامش) قسەی خوت بێژە و وەڕۆ، چونکە تاکە ئامانجیان ئەوەبوو، بانگەوازی نەسرانییەت بە گوێی مسوڵماناندا بدەن، جا ئیدی بەرهەمی چی دەبێت، ئەوەیان بەلاوە گرینگ نەبوو، ئەوڕۆش، دروشمی مامۆستا بووەتە ئەوەی: (دەرسەکەت شەرح بکە و وەڕۆ)، جا ئیدی سەرەنجام و بەرهەمی چی دەبێت، ئەوە کێشەی تۆ نییە! بەرهەمی دەبێت، یان نابێت، فێرخوازەکان لێی تێگەیشتوون، یان نا، ئامانجەکانت پێکاوە، یان نا، ئەمانە لە خولیای مامۆستادا شوێن بزرن.

ڕاستییەکی تاڵ هەیە و دارای نکۆڵیکردن نییە، ئێمەی توێژی مامۆستا، بە پێچەکانی تونێلێکی پەروەردەیی بێ ئامانجدا، خولمان خواردووە، نە لە سەروەختی فێرخوازیدا، نەش لە تافی مامۆستاییدا، نەمان بیست و نەشمانزانی، ئامانج لە وانە وتنەوە چییە!

بەڵێ" لەپێش چاوبوونی ئامانجە پەروەردەییەکان لای مامۆستا، لایەنێکە لە پەروەردەی هاوچەرخدا، لە ڕووی گرینگی پێدانەوە پشکی شێری بەرکەوتووە.
ئامانجە ویژدانییەکانییش، (krathwohl) کردوونی بە پێنج بەشەوە" ئەوانیش:
**یەکەم:** وریایی و وەرگرتن (Reciving)، فێرخواز هەست بەوە بکات، چەند ورووژێنەر و دیاردەگەلێك هەن، ئەم حەزی بە وەرگرتنیانە و ئاگای لێیانە.
**دووەم:** وەڵامدانەوە و بەدەمەوەچوون (Response)، لەوە تێدەپەڕێ، فێرخواز تەنیا بە ئاگا بێت، بەڵکو پاڵنەرێکی وای هەیە، کە بە شێوەیەکی چالاك لە شتەکان تێبگات.
**سێیەم:** نرخاندن (Valuing)، فیرخواز بتوانێت، نرخێك بدات بەو شتەی، یانژی ئەو دیاردە و ڕەفتارانەی، کە دەیانبینێت، یان دەیانخوێنێت، واتە لە ناخەوە شتەکان بناسێت و، هەڵیان بسەنگێنێت.
**چوارەم:** ڕێکخستن (Organization)، وا دەخوازێت مامۆستا ئەو نرخاندنەی فێرخوازەکە، بە شێوەیەکی بەدوای یەکداهاتوو، بنوێنێت و، پێوەندییە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان دوو بابەت، یان دوو دیاردە، یان دوو ڕەفتار، دیاری بکات، وەکو ئەوەی فێرخواز کۆڕێك لەسەر چۆنیەتی و ڕێگەکانی وەبیرهێنانەوی زانیارییە ئەزبەرکراوەکان ساز بکات.
**پێنجەم:** جیاکاری و لێکجوداکردنەوە (Characterization)، فێرخواز بتوانێت شوێنگەی هەر یەکێك لە زانیارییەکان، یانژی هەر یەکێك لە بەهاکان، بناسێت و لە شوێنی شیاوی خۆیاندا، بە پێی ڕیزبەندیی هەرەمەکە، دایان بنێت، وەکو سستمێکی پێکەوە بەستراو و هاوڕێك، لە ناخیدا جێگیر بن و، بۆ ماوەیەکیش بێت، لە ویژدانیدا بمێننەوە و بەسەر ڕەفتارەکانیدا، زاڵ بن.

## 3ـ ئامانجە دەروونبزاوتییەکان
پەروەرشیاری بە نێوبانگ ( سکینر) دەڵێت: ئەوەی زور گرنگە" ئەوەیە دەبێت ئامانجە پەروەردەییەکان ڕوون و دیاریکراوبن و، بۆ هەمووان وەکو یەك بن.
دیارە کەسێك نییە بێ ئامانج، وەلی هەم مامۆستا و هەمیش فێرخواز، دەبێت ئامانجەکانیان لە وانەوتنەوە و خویندن لا ڕوون بێت، جا ئەو ئامانجانە چ

مەعریفی یان ویژدانی بن، یان ئامانجی دەروونبزاوتیی (نفسحركي) بن، یان ئامانجی ڕەوتاری بن.
ئامانجە دەروونبزاوتییەکان" ئەو ئامانجانەن دەکۆشن بۆ بەهێزکردن و پەرەدان بە لێهاتوویە جووڵەئامێز و کارە دەستییەکانی وەك خویندنەوە و نووسین و مەلەوانی و بەکارهێنانی ئامێرەکان و، ژەنینی ئامێرە موسیقییەکان و دەربڕینی فرێزە زمانەوانییەکان.
ئەم جۆرە لە ئامانجی پەروەردەیی" بە کۆڵەکەی سەرەکیی فێربوون و فێرکردن دادەنرێت، چونکە پەروەردە واتە: پێگەیاندنی تاکێکی خزمەتگوزار، جا دەبێت چی لەوە باشتر بێت تاکێك پەروەردە بکرێت، بتوانێت بە بەرهەمی دەستەکانی کەرەستەیەك بسازێنێت و ئامێرێك دروست بکات، بە دەنگی زوڵاڵ و ژێیەکانی زمانێکی بێگانە بلێتەوە، بە ڕوح و ناخییەوە ئاوازێك بژەنێت؟ بەڵێ" پەروەردەیەك، فێربوونێك، فێرکردنێك نەتوانێت وەها فێرخوازێك بێنێتە کایە، ئادەی چۆن پێی دەوترێت پەروەردە؟ خوێندنی بوارەکانی دەسڕەنگینی و لێزانییە ناوەکییەکان، یەکێکە لەو لایەنانەی لە وڵاتی ئێمەدا، پشتگوێ خراوە، ئەوەی بەلای خەڵکەوە گرنگ نەبێت ئەم بوارەیە.
ئەوەش جێگەی بەرباس خستنە، پێکهاتەی زاراوەکەیە لە دوو وشە،( دەروون) و(بزاوت) کە لە زوبانی عارەبدا دوو وشەی (نفس) و( حرکی) بۆ دانراوە، کە بەڵگەنمای ئەوەیە، فێربوون و فێرکردن پێوەندییەکی وابەستەگییان بە لایەنی دەروونی مرۆوە هەس، ناکرێت زانیارییەك فێری فێرخوازیك بکەیت، بەبێ ورووژاندنی دەروونی، بابەتێت لە دەروونداو جێی خۆی نەکاتەوە، نابێتە زانیاری،(فرۆبڵ) وتەنی: هەر زانیارییەك بەزۆر لە دەروونداو جێی بکرێتەوە، خێراترینی ئەو زانیارییانەیە کە لە بیر دەچێتەوە.
بۆیە جێی خۆیەتی ئێمەی مامۆستا، ئاگاداری ئەم ڕاستیانە بین و، بتوانین لە دەروونی فێرخوازەکانماندا، تۆوی خۆشویستنی بوارەکانی لێهاتوویی دەسڕەنگینی و تاقیکارییە دەستییەکان بچێنین، تاکو بتوانین نەوەیەکی بەرهەمهێن پێشکێش بە نیشتمانەکەمان بکەین..
**سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: أساسيات في علم النفس التربوي، د. طارق كمال، مؤسسة شباب الجامعة، أسكندرية،2010، ص ( 132- 140).**

*ماستەر لە هاندانی پەروەردەیی

# کارەکانی کۆنفرانسی زمانی کوردی لەبارەی پەروەردە و میدیاوە

ئا: د.ئەحمەد قەرەنی*

لە ڕۆژانی (16 تا 18ی کانوونی یەکەمی 2012) کۆنفرانسی ساڵانەی زانستی زمانی کوردی، کە تایبەت بوو بە (پەورەردە، میدیا)، لە هۆڵی (سوبحی کۆیی ـ کتێبخانەی زەیتوون) لە پارکی شەهید سامی عبدالرحمن لە هەولێر

بەڕێوەچوو. بەپێی نووسراوی ئەکادیمیای کوردی ـ کارگێڕی ژمارە (467 لە 16 ـ 9 ـ 2012) لیژنەی باڵای کۆنفرانسەکە لە نوێنەرانی وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمیای کوردی و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پێکهاتبوو ( هەروەکو لە پاشکۆی ژمارە (1) دا هاتووە).

لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بە نوێنەرایەتی بەڕێوەبەرایەتیی گشتییەکانی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیی گشتییەکانی پەروەردەی هەر سێ پارێزگەی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و ئیدارەی گەرمیان و بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە کەرکووك (52) ئەندام بەشداربوون ( هەروەکو لە پاشکۆی ژمارە (2) دا هاتووە).

لە بواری پەروەردەدا (16) توێژینەوەی زانستیمان وەرگرت، کە (14) چواردەیان لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە پەسەندکران، لەمیانی هەر سێ ڕۆژی کۆنفرانسەکەدا دەرفەت هەبوو کە (10) دە توێژینەوەی تایبەت بە تەوەری پەروەردە و (8) هەشت توێژینەوەی تایبەت بە تەوەری میدیا پێشکەش بکرێن.

سەرجەم توێژینەوەکانی تایبەت بە بوارەکانی پەروەردە و میدیا کە دەکاتە (22) بیست و دوو توێژینەوە لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ دەکرێن و لێرەدا بەپێویست دەزانین کورتەی هەر (14) چواردە توێژینەوەی تایبەت بە تەوەری پەروەردە بڵاو بکەینەوە، بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤاری پەروەردە و فێرکردن لە مەبەست و هێڵە گشتییەکانی کۆنفرانسەکە ئاگادار بن:

**1. توێژینەوەی (د. بێستوون حەسەن ئەحمەد) لە سکولی پەروەردە ـ فاکەلتی پەروەردەی چەمچەماڵ سەر بە زانکۆی سلێمانی بە ناونیشانی ( وەرگرتن و دەربڕین بە شێوەیەکی پەروەردەییانە لە زمانی کوردیدا – وەرگرتنی زمانی یەکەم و فێربوونی زمانی دووەم ( زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) وەك نموونە).**

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بۆ باسی وەرگرتنی زمانی یەکەم کە زمانی کوردییە، تەرخانکراوە. لە بەشی دووەمدا باس لە فێربوونی زمانی دووەم دەکرێت، کە زمانەکانی عەرەبیو ئینگلیزی لە ناوەندەکانی پەروەردەیی هەرێمی کوردستاندا دەخوێنرێن، بە نموونە وەرگیراون، ئەوەندەی بە

پێویست زانرابێت نموونە لە زمانەکانی عەرەبیو ئینگلیزییەوە هێنراوەتەوە. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا جگە لە لیستی سەرچاوەکان، چەند ئەنجامێك خراونەتە بەرچاو.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی چۆنیەتی وەرگرتنی زمانی یەکەمو فێربوونی زمانی دووەم، تاوەکو مامۆستای وانەکانی زمانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی ئاگاداری بەڕیوەچوونی ئەم پرۆسەیە بن. لە پێناوی جەختکردنەوەی زیاتری ئەو لایەنانەی، کە پێویستن. بەمەبەستی سەرکەوتنی زیاتری ئەم پرۆسەیە. ئەنجامی توێژینەوەکەیش ئەمانەی خوارەوە بوون:

1- پێویستە مامۆستا ئاگاداری ئەم چەمکانە بێت: (وەرگرتنو وەرگرتنی نائاگایانەو فێربوون، تێگەیشتنو بەرهەمهێنان)و لێیان تێبگات، لە فێربوونی زمانی منداڵاندا سوودیان لێوەربگرێت.

2- نابێت ئەم چەمکانە وەك پرۆسەیەکی کرداری پێش یەکدی بخرێن، بۆ نموونە ناکرێتو نابێت فێربوون پێش وەرگرتنو بەرهەمهێنان پێش تێگەیشتن بکەوێت.

3- مامۆستا لەم کردانەدا وەرگرتنو فێربوون، ناکرێتو نابێت پشت بە وێنەو داتاشۆو نەخشەو لایەنی کرداری نەبەستێت. چونکە لەگەڵ وەرگرتن، یان فێربوونی هەر وشەیەکدا وێنەی ئەو شتە لە مێشکی وەرگر، یان فێربوودا تۆماردەکرێت. ئەگەر وینە نەبوو وەرگر، یان فێربوو خۆی وینەیەکی وەهمی تۆماردەکات، کە هەندێك جار هەڵەی لێدەکەوێتەوە.

4- لایەنەکانی دروستەو واتاو دەربڕینە چەسپاوەکان زۆرترین هەڵەیان تێدا دەکرێت، ناکرێتو نابێت مامۆستا لەمانە بێئاگە بێت.

5- دەبێت هەموو فێربوونێك بە لایەنی واقیعو جیهانی دەرەوەی زمان ببەسترێتەوە، هەر فێربوونێك لایەنی پراکتیکیو بەستنەوەی بە واقیعەوەی لەگەڵدا نەبێت، شیمانەی لە بیرچوونەوە زۆرتر دەبێت.

2. **توێژینەوەی (د. شێرکۆ حەمەدەمین قادر) لە بەشی کوردی ـ سکوڵی زمان لە زانکۆی سلێمانی بە ناوونیشانی (شیکردنەوەی بابەتەکانی زمانی کوردی بەپێوەری زمانەوانی، کتێبی قۆناغی بنەڕەتی، وەك نموونە...) بوو.** ئەم توێژینەوەیە، شیکردنەوەیەکی زمانەوانییانە و بابەتییانەی بابەتەکانی زمانی کوردی کتێبی

قۆناغی بنەڕەتییە، لە ڕاستیدا بە وردبوونەوە لە کتێبی قۆناغەکانی دیش، دەردەکەوێت جیاوازییان نییە، ئێمە بە پێوەری زمانەوانی و بابەتییانە، ئەو بابەتانەمان شیکردووەتەوە، بۆمان دەرکەوتووە، کە بابەتەکان هەڵە و ناتەواویی زۆریان تێدایە، لەگەڵ ئەوەی خوێندکار لە زانکۆ وەریاندەگرێت زۆر جیاوازن، بۆیە توێژینەوەکە لە ئەنجام و پێشنیازەکاندا، ئەوەی خستووەتە ڕوو، کە پێویستە، سەرلەنوێ بە هاوکاری زانکۆ و ئەکادیمییای کوردی، وەزارەتی پەروەردە بابەتەکانی زمان و ئەدەبی کوردی بنووسرێتەوە و چاپبکرێنەوە، کە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی زمان و ئاستی قۆناغی بنەڕتی بگونجێت. لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا توێژەر پێشنیاز دەکات کە:

ئەم توێژینەوەیە، دەمانگەیەنێتە ئەوەی کتێبەکانی قۆناغە جیاوازەکان، کە لێرەدا نموونەکان لە قۆناغی بنەڕەتی وەرگیراون، بە پێوەری زمانەوانی و شیکردنەوەی بابەتییانە و زمانەوانییانە هەڵەی تێدایە، بە جۆرێك دژیەکی لەگەڵ بابەتەکانی زانکۆ زۆر ڕوون و دیارە، ئەمەش لە ڕووی زانستییەوە ناپەسەندە، بۆیە پێشنیاز دەکەین:

- بە هاوکاری بەشە کوردییەکان، پێداچوونەوە بۆ بابەتەکانی ڕێزمان بکرێت و لەگەڵ زانستی نوێی زماندا بگونجێنرێت.

- خوێندنی بەشە کوردییەکانی کۆلێژی پەروەردە و پەروەردەی بنەڕەتی تا ئەندازەیەك جیاوازبێت لە کۆلێژی زمان و زیاتر تەری ببێت بە بابەتەکانی وەزارەتی پەروەردە.

. هەرچەندە، بابەتی ئەم توێژینەوەیە نییە، بەڵام ڕێنوسی کتیبەکان زۆر خراپە، پێویستە سود لە ڕێنوسی ئەکادیمیای کوردی وەربگیرێت و کتێبەکان بەو شێوەیە چاپبکرێنەوە.

. ڕێزمانی زارەکان وانە و کتێبی تایبەتی بۆ دابنرێت و بخوێنرێت، زۆر زانستی و بەکەڵکترە، لەو چەند ڕستەیەی، کە ئێستا هەیە و سەر لە قوتابی و خوێنکار تێك دەدات .

**3. توێژینەوەی هاوبەشی (د. کاروان عومەر قادر) و ( د. شاخەوان جەلال فەرەج) لە بەشی کوردی . سکوڵی زمان لە زانکۆی سلێمانی، بە ناوونیشانی (فێرکردن لە نێوان ڕستە و دەقدا) بوو.**

لەم توێژینەوەدا هاتووە، کە یەکێك لە گەورەترین ئەو گرفتانەی، کە بە شێوەیەکی گشتی ڕووبەڕووی سەرجەمی پرۆسەی پەروەردە و بە شێوەیەکی تایبەت ڕووبەڕووی فێربوون و فێرکردن لە وانەی (زمان و ئەدەبی کوردی) لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا بووەتەوە، بریتییە لەو فەلسەفە و لایەنە تیوری و تەکنیکییەی خودی پرۆگرامی ئەم وانەی پێ داڕێژراوە، چونکە ئەگەر لە سەرجەم قۆناغەکاندا لە کرۆکی ئەم بابەتە ورد ببینەوە، دەبینین، کە بنەمای داڕشتنی بڕگە و بابەتەکانی زیاتر لە سەر فەلسەفە و تیوری قوتابخانەی زمانەوانی دروستەکارییە، کە ئەم قوتابخانەیەش جگە لەوەی یەکەم قوتابخانەی زمانەوانییەو چەندین گۆڕانی گەورەی بە سەردا هاتووە، لە هەمان کاتیشدا بە دوایدا چەندین قوتابخانەی زمانەوانی نوێ هاتووەتە بوون، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەشدارییەکی زۆر بەرفراوان لە پرۆسەی پەروەردەدا دەکەن. ئەمە جگە لەوەی هەروەك (لە کرۆکی لێکۆڵینەوەکەدا دەخرێتەڕوو) پرۆسەی فێربوون و فێرکردن بە پێی ئەم قوتابخانە زمانەوانییە زیاتر پرۆسەیەکی بەزۆرملێ و فەرمانییە. ئەم جۆرەش لە فەلسەفەی پەروەردە لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا بووەتە هۆی بزرکاندنی خودی پرۆسەکە و داماڵینی ویست و خۆشەویستی لەلای خوێندکار نەك هەر بۆ فێربوون و گرنگیدان بە وانەی (زمان و ئەدەبی کوردی)، بەڵکو بۆ ئەو چەمکەش، کە لە ئێستای پەروەردەدا بە زەقی جەختی لەسەر دەکرێتەوە، کە ئەویش پرۆسەی (فێربوونی کەسیی "التعليم الذاتي.Personal Learning)یە. ئەم ئاراستەیە لە پرۆسەی پەروەردەدا بووەتە هۆی ئەوەی نە مامۆستا (وەك کۆڵەکەیەکی پەروەردەیی)، نە خوێندکار (وەك کۆڵەکەیەکی سایکۆلۆژی)، نە بابەتی فێرکردن (وەك کۆڵەکەیەکی کۆزانیاری) لە پرۆسەی گشتی پەروەردەکردندا نەتوانن ئەرك و ڕۆڵی سەرەکی و شایستەی خۆیان ببینن و خۆیشیانی تێدا ببیننەوە. لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەکە لەلایەك هەوڵدەدات بە شێوەیەکی ( دیداکتیکیی زمانەوانی ) ئەم گرفتە بخاتەڕوو و لە کۆتایی خستنەڕووەکەشیدا هەوڵدەدات بە شێوەیەکی کارەکی نموونەی کارەکی لە وانەی (زمان و ئەدەبی کوردی)دا هەرسێ قۆناغی (حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم) بهێنێتەوە و ڕاستی کێشەکە بە نموونەی کارەکی چ لە بواری ڕێزمانیدا چ لە بواری ئەدەبدا چ لە بواری خوێندنەوەدا بخاتەڕوو. بێ گومان لێکۆڵینەوەکە تەنیا بە خستنەڕووی کێشەکەوە

ناوەستێت، بەڵکو هەوڵدەدات چارەسەرێکی فەلسەفیی ڕیشەیی لە سەر بنەمای زانستی زمان (تیوری و کارەکی ) بۆ کێشەکەش پێشنیاز بکات. ئەمەش بە کارکردن دەبێت لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەدا، کە تێیدا پێشنیازی پرۆسەی فێرکردن دەکرێت بە (دەق) لە بری (ڕستە)، بە شێوازی (ویست لە سەر بنەمای فێربوونی کەسی) لە بری شێوازی (زۆرەملێ و فەرمانی).

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا جگە لە خستنەڕووی گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، لەهەمان کاتیشدا لێکۆڵینەوەکە بۆچوونەکان بە هەڵواسراوی بەجێ ناهێڵێت، بەڵکو هەوڵدەدات چەند ڕێگە و ڕێبازێکی نوێ لە (ڕاهێنانی ستراتیژی) پێشنیاز بکات بۆ چۆنیەتی و چییەتی وانەگوتنەوە و فێرکردنی خوێندکار، کە بە هەموویان بنەمای پێکهێنانی توانستی پێوەندیکردنی کۆزانیارییانە بن، نەك تەنیا بنەمای پێکهێنانی توانستی زمانی، یان ئەدەبی، یان زانستی بن. ئەنجامی توێژینەوەکەیش ئەمانەی خوارەوەبوون:

1. قوتابخانە زمانەوانییەکان و تیورییەکانیان ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان هەیە لە سەر سەرجەمی ئەو پرۆگرامانەی بۆ فێرکردنی زمانی داڕێژراون، بە پرۆگرامی وانەی (زمان و ئەدەبی کوردی)یشەوە.
2. لە داڕشتنی بڕگەو بابەتەکانی پرۆگرامی وانەی (زمان و ئەدەبی کوردی)دا قوتابخانەی زمانەوانی (دروستەکاری) پەیڕەو کراوە. ئەمەش بووەتە هۆی کەموکورتییەکی زۆر، چونکە خودی قوتابخانەکە چەندین گرفتی تیوری هەیە و چەندین قوتابخانەی زمانەوانی نوێش هاتوونەتەکایەوە، کە پێویست دەکات جارێکی دیکە پرۆگرامەکە لە سەر بنەمای ئەوان دابڕێژرێتەوە.
3. سستمی پەیڕەوکراو لە هۆنینەوەو فێرکردنی زمانی (زمان و ئەدەبی کوردی)دا زیاتر سستمی (ڕستە)یە، بە تایبەتی لە بابەتی ڕێزماندا. ئەمەش بنەمای داخران و دوورکەتنەوەی خوێندکارانە.
4. ئەگەرچی بابەتی (خوێندنەوە و ئەدەب)ی وانەی (زمان و ئەدەبی کوردی) تا ڕادەیەك بە (دەق) هۆنراوەتەوە، بەڵام کەموکورتییەکی زۆر لە جێبەجێکردنیدا هەیە، هەروەك لە تاقیکردنەوە کارەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوت.

5. لێکۆڵینەوەکە پێشنیازی ئەوە دەکات، کە سستمی (ڕستە) بگۆڕێت بە سستمی (دەق). ئەمەش بە مەبەستی هێنانەوەی (توانستی ستراتیژی)، تا خوێندکار بە هۆیەوە بتوانێت (توانستی پێوەندیکردن)ی بۆ بڕەخسێت.

4. **توێژینەوەی (د. ئاڤێستا کەمال مەحمود) بەشی کوردی ـ زانکۆی سلێمانی، بە ناوونیشانی (خوێندن بە زمانی کوردی لە خوێندنگەکانداو کاریگەری لەسەر دروستکردنی جۆراوجۆری زمانی و ناسنامەی نەتەوایەتی) بوو.** ئەم توێژینەوەیە، گرنگی بە زمانی خوێندن دەدات واتە چۆنیەتی فەراهەمکردنی زمانێك، کە هەم ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤانەی سایکۆلۆژیانەی هەبێت لەسەر خوێندکاران و هەم ناسنامەی نەتەوایەتییان بپارێزێت. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە لە نێوەند و سنووری نێوان زمانەوانی (سایکۆلۆژی، پەروەردە، کۆمەڵایەتی)دا کاردەکات، بەو شێوەیە پێناسە دەکرێن، کە بریتی بن لە لێکۆڵینەوەی ( زمان، کۆمەڵگەو لێکدانەوە سایکۆلۆژی و پەروەردەییەکانی نێوانیان)، هەر بۆیە لەم بوارەدا گرنگیمان بەو جیاوازی و هەمەڕەنگییە داوە، کە لە زمانەکانی مرۆڤدا هەیە، بۆ ئەمەش لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات هۆکارەکانی ئەم جۆراو جۆری بوونەی زمان شی بکاتەوەو بیخاتەڕوو، چونکە هۆکارەکان دەبنە بەدیهێنەری گۆڕانکارییەکان و پەیدابوونی جۆراوجۆری زمان و دواتریش هەر ئەمان ئاراستەی پەروەردەکردن لە ڕێگەی زمانەوە دیاری دەکەن.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم سنوورە نێوەندییە گرنگی بە جیاوازییە زمانییەکان دەدات بە تایبەت ئەو جیاوازییە تایبەتییانەی، کە لە هەر زمانێکدا هەیە و کاریگەری ئەو جیاوازییانەش لەسەر ناسنامەی نەتەوایەتی دەخاتەڕوو هەر لەبەر ئەم هۆکارانە ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی بە دوو چەشن پرسیارکردنەوە خەریك دەکات:

ـ ئایا خوێندن بە زمانی کوردی ( پرۆگرامەکان بە زمانی کوردی ) جۆراوجۆری زمانی دروست دەکات؟

ـ پێوەندی جۆراوجۆری زمانی و ناسنامە چییە؟ پەیوەست بە بەکارهێنان و فێربوونی زمانی دووەمەوە لە خوێندنگەکاندا. ئەنجامی توێژینەوەکەیش ئەمانەی خوارەوەبوون:

1. زمانی بێگانە یان زمانی دووەم جۆراوجۆری زمانی بەرهەم دەهێنێت بەمەرجێك لە ژێر چاودێری پلانی زمانیدا بێت، ئەگەر وانەبێت ناسنامەی نەتەوەیی بوون لە ژێر مەترسی لەناوچوون و فەوتاندندا دەبێت.
2. جۆراوجۆری زمانی پەیوەستە بە جڤاتی ئاخاوتنییەوە چونکە کۆدە تایبەتەکانی ئەمان هەڵگری توانای گشتگیربوونی هەیە بۆ ناو کۆمەڵگە.
3. فەرهەنگ و گەنجی زمانی بریتییە لە کۆدی گشتی و تایبەتی، خوێندکاری خوێندنگە گشتییەکان کۆدی گشتییان بەهێز و فراوانە بە پێچەوانەی خوێندکاری خوێندنگە تایبەتییەکانەوە ,
4. فەرهەنگ لە ئەنجامی بیرکردنەوەوەو خوێندنی زانستەوە دەوڵەمەند دەبێت و جۆراوجۆری زمانیش لە ڕێگەی خوێندنەوە سەرهەڵدەدات و دواتر ئەمیش دەڕژێتەوە ناو فەرهەنگ و زەنگینی دەکات.
5. خوێندکاران بەشێکن لە جڤاتێکی گەورەتر، کە کۆمەڵگەیە لێرەوە کۆد و جۆراوجۆرییەکانی کە خوێندکار لە خوێندنەکەیدا فێری دەبێت دەیگێڕێتەوە ناو کۆمەڵگە.
6. پەیوەست بە دەستەڵات و ناسنامەی نەتەوەییەوە ـ کاتێك دەچەسپێن و تاکی کورد متمانە بە بوونی خۆی دەکات ئەگەر هات و زمانەکەی زمانی زانست، خوێندن ـ سیاسەت و ئیکۆنۆمی بێت.

**5. توێژینەوەی (د. فەرەیدوون عەبدول) لە بەشی کوردی . زانکۆی سلێمانی بە ناوونیشانی (ڕێزمانی کرمانجیی ژووروو لە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمدا) بوو.** ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ دەرخستنی ئەو کەموکووڕیانە تەرخان کراوە لە ڕێزمانی خستنەڕووی بابەتەکاندا هەیە کە باسی کرمانجی ژووروورن لە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلەکانی حەوتەم، هەشتەم و نۆیەمی خوێندندا. بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە دەرخستنی کەموکوڕییەکانەو بەشی دووەم چارەسەرو ڕوونکردنەوەی ئەو هەنگاوانەیە کە پێویستن بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکانی کرمانجی ژووروو چ لەلایەن مامۆستاکانی زمانی کوردییەوەو چ لەلایەن ئەو قوتابیانەوە کە وانەی زمان و ئەدەبی کوردی وەردەگرن. هەر لە بەشی یەکەمیشدا کە ناتەواوییەکان خراونەتەڕوو، هەوڵ دراوە لەگەڵ هەر بابەتێکدا

لایەنە ڕاستەکانی بابەتەکان ڕوون بکرێنەوە داوای خستنەڕووی باشتریان بۆ بکرێت. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

یەکەم: ڕێزمانی کرمانجی ژووروو لە کتێبەکانی زمان و ئەدەبی کوردیدا لە ڕووی زانیاری لە سەر بابەتەکەو دەستوورو یاساو نموونەی پێویستەوە کەموکورتی زۆری تێدایە.

دووەم: ڕاهێنانەکانی بابەتەکان بەپێی پێویست پێویستیان بە پێداچوونەوەو گۆڕانکاری هەیە.

سێیەم: ڕێزبەندی بابەتەکان چاککردن و پێداچوونەوەی دەوێت بە تایبەتی لە کتێبەکانی ئەو سێ پۆلەدا، حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەموکورتییانەیش، توێژەر پێشنیار دەکات کە دەکرێت ئەو مامۆستایانەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی دەڵێنەوە بە لایەنی کەمەوە جارێك خولی فێربوون و ڕێگەکانی چۆنیەتی فێرکردنی زارەکە بە قوتابیان ببینن و لەلایەن کەسانی پسپۆرەوە لە زارەکەدا وانەکانی ئەو خولە بوترێتەوە. هەروەها مەلزەمەو کتێبی پێویست بۆ ئەو مەبەستە بدرێت بە مامۆستاکان تا لە کاتی وتنەوەی وانەکاندا سوودی لێ ببینن.

**6. توێژینەوەی هاوبەشی (د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمە سەعید لە بەشی کوردی . سکوڵی زمان لە زانکۆی سلێمانی و نەمام جەلال لە وەزارەتی پەروەردە ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان، بە ناونیشانی (خوێندنی کوردی) بوو.** ئەم لێکۆڵینەوەیە دەروازەیەك لە کتێبێك بە ناونیشانی (خوێندنی کوردی) بۆ قۆناغی بنەڕەتی پێکدەهێنێت، کە لە ئایندەدا تەواودەکرێت و بڵاودەکرێتەوە. کتێبەکە لە سێ بەش پێکدێت و هەر بەشێکیش بازنەیەك لە سێ بازنەکەی قۆناغی بنەڕەتی لە خۆدەگرێت. سەرچاوەکان بۆ بازنەی یەکەم بەپلەی دووەم لە بەراورکاریدا خۆیان دەنوێنن و بەپلەی یەکەم لەشێوەی خستنەڕووی کتێبی خوێندنی ئەمڕۆدا. کەواتە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پرۆژەیەکی بەراوردکاریدا، لە نێوان کتێبە باوڕۆیشتووەکەی (خوێندنەوەی کوردی) ـ کە تاوەکو ئەمڕۆ سوودی لێ بینراوە ـ و کتێبێك بە ناوی (خوێندنی کوردی)یەوە دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر. لایەنە گریمانەکاری (تیوری)و بەراوردکارییەکانی وەك بنەمایەك بۆ دانانی کتێبەکانی خوێندن، بەتایبەتی ئەم بازنەی یەکەمە، ڕوونکەرەوەن. ئامانجێکی سەرەکی دیکەی لێکۆڵەر لەم

لێکۆڵینەیەدا گرنگیدانە بە ڕۆڵی خوێندن و پەروەردە بە وەرگرتنی ـ فێربوونی زمانی ستاندارد.
لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە ڕوونکەرەوەییەکە لە سێ بەشدا تەواوکراوە:
بەشی یەکەم بۆ ئەو کتێبە تەرخان کراوە، کە بەناوی (خوێندنەوەی کوردی)یەوەیە لە پۆلی دووەمی بازنەی یەکەمدا دەخوێنرێت. پرۆسەی بەرانبەر بەیەکدانانەکەی بەرهەمە باوڕۆیشتووەکەو بەرهەمە نوێکە دادەڕێژێت.
لە بەشی دووەمدا مۆدێلی ڕێزمانی کوردی و تایبەتەمەندییەکانی خراونەتەڕوو. ئەم خستنەڕووە بۆ ئەوەیە، مامۆستاو دانەرە بەڕێزکانی کتێبی خوێندن لە گرنگیی ئەم ستانداردە (ڕێزمانە) وەك بنەمای زانستی بۆ بەرنامەو کارەکانیان بەئاگەبن.

بەشی سێیەم بناغەی دووەمی بەراوردکارییەکە، لەڕووی بۆچوونی پەروەردەیی، ڕێسای پەروەردەیی و بینای بەشە ـ بوارەکانی کتێبە نوێکەوە، لە خۆی دەگرێت لەگەڵ گوتەی کۆتایی. لە کورتەو پوختەدا هەم لایەنی بەراوردکاری و هەم پوختەی کارەکە پێشکەش کراوە. کورتەی ئەنجامی توێژینەوەکەیش ئەمەی خوارەوەبوو:
ئامانجی بەشی پێداچوونەوە، کە خراوەتە بەشی ڕاهێنانەوە، بۆ فێربوون و فێرکردنەو زۆر ماوە ـ سنووردارە. ئامانجی خوێندنەکە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینە. هەر بۆیە کتێبەکە ناوی (خوێندنەوەی کوردی) لێ نراوە. لەبەر ئەوەی بۆ ئەم کتێبەو، تا ئەو ڕادەیەی من ئاگاداربم، کتێبەکانی دیکەی قۆناغی بنەڕەتیی (پۆلی 3 ـ9) ڕابەریان نییە، ئامانجێك نابێت، بە وردی لەسەر ئامانج و بەتایبەتی لایەنی پەروەردەیی سەرچاوەی خوێندنەکەی گفتوگۆبکرێت. ئەوەتە، بۆ نموونە، منداڵ زمان بۆ خودی زمان فێردەبێت، نەك بۆ بەکارهێنانی بەدەم و بە نووسین. دیارە لەم لێکۆڵینەوەیشدا ماوەو کاتی ئەوەمان نابێت.
لێکۆڵەران کتێبێکی خوێندنی سەرەکی، لەتەك کتێبەکانی دیکەدا، بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی پێشنیازدەکەن، کە ئەم ئامانج و بنەما پەروەردەییانەی دەبێت: پێویستییە پەروەردەییەکانی کتێبەکە حساب بۆ توانای قوتابیان و چالاککردنیان بەپێی جیاوازییان لە تواناداد دەکات (لەیەك جیاکردنەوەی چەندیەتی و چۆنیەتی)،

بۆیە پێداچوونەوە بە کەرەستەو بابەتەکانی پۆلی یەکەمدا لە سەرەتای خودی کتێبەکەدا دەبێت و بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ زانینی ئاستی قوتابییەکانە لەلایەن مامۆستاوە، تا کەموکورتییەکانی قوتابییە لاوازەکان چارەسەربکات. لەگەڵ ئەوەیشدا ماوە ـ دیاری کراوە، بەڵام لەگەڵ چارەسەرکردنەکەیشدا بەردەوامە.

لەبەر ئەوەیش ڕابەرێك بۆ مامۆستا لەبەردەستدایە، کتێبەکە لەگەڵ پلانی ساڵی نوێدا دەگونجێت ، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی لە وانەگوتنەوەکاندا بەدی بهێنرێن.

تەرزەکانی زمان بۆ وەرگرتنی زمانی ستانداردەو بۆ فێربوونی چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانە. لەلایەکەوە یەکەکانی هەفتە بۆ فێربوونی قسەکردنە، لەگەڵ دەق ـ ڕستە ـ وشەو دروستنووسیندا. پەروەردەکردنەکە بۆ بەکارهێنانی زمانە لەناو کۆمەڵ و لە کۆمەڵگەدا، بە جۆرێك کە ئاخاوتنی منداڵ لەگەڵ چینەکان و مەوقیفەکاندا دروست و گونجاو بێت.

لەلایەکی دیکەیشەوە ڕاهێنانەکان بەو چەشنە لەگەڵ تەمەنی منداڵەکاندا گونجاون و لە ژیانیانەوە نزیکن، کە دەتوانن سەربەخۆ فێربن، هەڵهێنجان و لێکدانەوە بکەن. تێگەیشتن و وەرگرتن لەگەڵ فێربوون و نووسین بە سەلیقە دەبێت لەسەر ئاستی ڕاهێنان.

چالاککردنی قسەکردن و بەکارهێنانی زمان بەکردەوە توانستی زمانی قوتابی فراوانتر دەکات و وەرگرتنی فۆرمە زمانییە ستانداردەکانی گەشەکردنی ئاوەزەیی منداڵ دەڕەخسێنێت و توانستی لەیەکگەیشتنی فراوانتردەکات.

کتێبەکانی خوێندنی ئەم پۆلە بریتین لە کتێبی (خوێندنی کوردی)، کتێبێکی (ڕاهێنان) (دروستنووسین ـ ڕێنووس)، فەرهەنگۆك (لیستی وشەکان)، کتێبی (نووسین) (چاپ و بەدەست) لەگەڵ ڕابەرێکدا بۆ مامۆستا.

**7. توێژینەوەی هاوبەشی (د. ئیبراهیم قادر محەمەد لە بەشی کوردی . کۆلێژی پەروەردەی بنیات ـ زانکۆی سەلاحەدین، ئیسماعیل محەمەد عەبدوڵلا لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر، بە ناونیشانی ( بەراوردکردنی کتێبەکانی ئەلفوبێی (باڵدار، عەبدوڵلا حەمە ئەمین و سابیس) بوو.** ئەم توێژینەوەیە لەبارەی هەرسێ کتێبی ئەلفوبێی (باڵدار، عەبدوڵلا حەمە ئەمین و سابیس)، کە دانراون لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتیدا بگوترێنەوە و منداڵی ئەم قۆناغەیان پێ فێری خوێندنەوەو نووسین بکەن، پاش خوێندنەوەو بەراوردکردنیان و

هەڵسەنگاندنیان دەرکەوت کە بە هۆیانەوە منداڵ فێری خوێندنەوەو نووسین دەبێت بە ئاستێکی مامناوەند و لە نووسینیشدا بە ڕێژەیەکی جیاواز ـ بە پێی جیاوازیی تاکایەتیی کەسەکان ـ نووسینیش بە شێوەیەکی بەرچاو بەدی هاتووە، بەڵام لەبەر زۆر هۆی وەك: دەوام، نەشارەزایی مامۆستا، زۆریی ژمارەی قوتابیان و نەبوونی مەشق و ڕاهێنان و چالاکیی دروست، لایەنەکانی ئیستیعاب و دەربڕین و ڕەهایی لە خوێندنەوەدا کەمتر بەرەو پێشەوە چوون! وەك لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا نەبوونی ڕابەر ـ کە تەنیا ئەلف و بێی عەبدوڵڵا حەمە ئەمین ـ ڕابەرێکی بۆ چەند وانەیەك هەیە کە لە هیچ باشترە . ئەو دوو کتێبەکەی دی نییانە! لە مەشقیشدا دیسانەوە ئەلف و بیّ دوو سیّ مەشقی ناتەواوی تێدایە کە نە پەروەردەیین و نە بە ڕوونی دەزانرێت مەبەست لێیان چییە! باڵدار ڕاهێنانی تێدا نییە، پەرتووکی دووەمی سابیسیش کە پشتی بە پیت بەستووە تەنیا بۆ ناسینەوەی پیت ڕاهێنانی هەیە. ئەلف و بێی هەردوو شێوەی پیتەکان لە یەك بابەتدا پێکەوە دەقێك دروست دەکەن، کە بۆ مامۆستایان ئاسانترە کتێبی ئەلف و بیّ تەواوبکەن. کە خەمی سەرەکیی مامۆستایە، نەك چاپووك بوون لە خوێندنەوەو نووسیندا .. سابیس شارەزایی قوتابی لە سنووری پیتدا دەهێڵێتەوە و ناچێتە بازنەی وشەو ڕستەوە.

بە بۆچوونی لێکۆڵەرەوان پێویست دەکات کتێبێکی تەواو تۆکمەو دەوڵەمەند بە گشت مەرج و پێداویستییەکانی لە سەرەوە باسکران هەنگاوێکە لە بەردەم بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمدا، کە دەستی پێکردووە و ئاسانکاری بۆ بە ئەنجام گەیاندنی سەرکەوتنی بۆ مسۆگەر دەکات. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

دوابەدوای خوێندنەوە و بەراوردکردنی هەرسێ کتێبی ئەلف و بێی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی کە دانەران : ئیبراهیم ئەمین باڵدار ، عەبدوڵڵا حەمە ئەمین و سابیسی پەروەردەیی دایان ناون . لە توێژینەوەکەدا دەرکەوت : هەرسیّ کتێب بۆ فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین لە ئاستێکدان منداڵ بە ڕێگەیانەوە فێری خوێندنەوە و نووسین دەبێت ـ بەدەر لە جیاوازی تاکایەتی منداڵان و لە ئاستێکی مامناوەندا : لەبەر ئەوەی هەرسیّ کتێب کەم وکورتییان لە ڕێگەکانی دانان و گوتنەوە و وێنەو چاپکردنەوە هەیە لەگەڵ نەبوونی ڕابەرێکی بە پێزی کارئاسانکەردا، جگە لە (ئەلف و بیّ)کەی عەبدوڵڵا حەمە ئەمین کە ئەویش تەنیا چەند وانەیەکی

گرتووەتەوە، بۆیە لەوان لەبەرترە و بەمەش هێشتا کەم و کورتییەکانی دانان و دەقەکانی پڕنەکردووەتەوە. لە کتێبەکاندا : ڕێگەکان، وێنەکان، دەقەکان، ڕاهێنان و چالاکی زانستییانە بەشێوەیەکی نیوەچڵ دەبینرێت کە لەخۆیدا ئەم کەم و کورتییانە دەبنە هۆی لاوازی لە خوێندنەوە و نووسین و نزمیی ئاستی ئیستعاب و دەربڕینی زارەکی و نووسراو.

هەروەها توێژینەوەکە ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەیشی هەبوو:

1. دانانی کتێبێکی نوێ بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی لەلایەن مامۆستاو سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆرانی بوارەکەوە کە ڕابەر و کتێبی چالاکی و ڕاهێنانی تایبەت بەخۆیی هەبێت پێویستە کە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم ئێستا ئەو لیژنەیەی داناوەو دەستی بەکارەکانی کردووە، کۆمەککردنی لیژنەکە لە پێداویستییەکانی سەرکەوتنی ئەو لیژنەیەیە.

2. پرۆسەی هەڵسەنگاندن بۆ کتێبەکە و پەرەپێدانی بڕەخسێنرێت .

3. جەخت کردنەوە لەسەر پێگەیاندنی مامۆستای پۆلی یەکەم لە کۆلیژەکانی پەروەردەی بنەڕەتیدا.

4. کاراکردنی پرۆسەی سەرپەرشتیاریی بازنەی یەکەم و دووەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان و شارەزاترکردنی سەرپەرشتیاران لەم بوارەدا.

**8. توێژینەوەی (د. عاتف عەبدوڵلا فەرهادی لە بەشی کوردی . کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەدین) بە ناونیشانی (فێرکردنی زمانی کوردی لە ڕێگەی کۆمپیووتەرەوە) بوو.**

ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەوڵدانێکە بۆ خستنەڕووی ڕێگەکانی فێرکردنی زمانی کوردی بۆ بیانیان وتێیدا تیشك خراوەتە سەر چاکترین و باشترین و نوێترین ڕێگە بۆ فێرکردنی زمان لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیووتەرەوە.

لەم سەردەمەدا کۆمپیووتەر چاکترین و بەهێزترین ئامێرە بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری بوارەکانی زانست و ژیانی گشتی. لە بواری فێرکردنی زمانیشدا دەتوانێت ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ ببینێت و بەیەکێك لە ڕێگە نوێیەکانی فێرکردنی زمان دادەندرێت.

چەندین ڕێگەی جۆراو جۆر لە لایەن مامۆستا و پسپۆرانی زمانی کوردییەوە گیراونەتە بەر بۆ ئەوەی بیانییان فێری زمانی کوردی بکەن، بەلام تا ئێستا

لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەل و زانستییانە بە شێوەیەکی فراوان لەسەر ئەم بابەتە نەکراوە کە جگە لە خستنەڕووی ڕێگەکانی فێرکردنی زمان باشترین و تازەترین ڕێگە دەستنیشان کرابێت و جەختی لەسەر کرابێتەوە و لایەنی چاکە و پۆزەتیڤ و کەم و کوڕییەکانی دەستنیشان کرابێت. هەروەها بەلای کوردەوە ئەم بابەتە لەبەر ئەم هۆیانە زۆرگرنگە:

لەبەر ئەم بارودۆخە سیاسی و مێژوویی ئێستامان کە گەلی کوردی پێدا تێدەپەڕێت و زمانی کوردی گرنگییەکی جیهانی تایبەتی پەیداکردووە و گیانێکی تازەی کردووەتەبەر. بە هەزاران بێگانە بە مەبەستی دیپلۆماسی، یان بە مەبەستی بازرگانی، گەشتیاری، ... تاد ڕوو لە کوردستان دەکەن و هەوڵ دەدەن فێری زمانی کوردی بن.

بە هەزاران کورد منداڵەکانیان لە دەرەوەی کوردستان لەدایك بووە و پەروەردە کراون.. زمانی کوردی نازانن، یان خوێندنەوە و نووسینی کوردی نازانن. فێرکردنی زمانی کوردی سوودێکی گەورەی نەتەوایەتی بەمانە دەگەیەنێت، لەڕێی خۆماڵیکردنیان لە ڕووی زمانەوە.

بەپێی دەستووری نوێی عیراقی، زمانی کوردی بە زمانێکی فەرمی دانراوە.. دەبێت قوتابیانی عەرەب زمانی کوردی بخوێنن و فێر بن.

سەرەڕای ئەمانە دەکرێت بۆ فێرکردنی زمانی کوردی ئەم پرۆگرامە لە قوتابخانەکانی کوردستان لە قۆناغە جیاجیاکان سەرەتایی و ناوەندی و ...تاد جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەمە بەهۆی هۆکارە جیاجیاکانی فێرکردنەوە یارمەتی قوتابی دەدات ئەم زمانە وەربگرێت، وەك نمایش کردنی وێنەو تۆماری دەنگی، بەبێ وازهێنان لە نووسینەوەی بابەتەکان، کە ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی بابەتەکانیان بۆ ڕوونتر ببێتەوە و ئاسانتر درکیان پێ بکەن وەریانبگرن.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا زمانی کوردی زاری ناوەڕاست کراوە بە کەرەستەی لێکۆڵینەوە. بۆ ئەم مەبەستە نموونەکان لە قسە و ئاخاوتنی گشتی ڕۆژانەی خەڵك وەرگیراون.

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام ، لە دوو بەش پێکدێت.

بەشی یەکەم:

أ. ڕێگەکانی فێرکردنی زمان:

ب. بەکارهێنانی کۆمپیووتەر لەبواری زمانەوانیدا.
ت. فێرکردنی ئیلیکترۆنی.
ج. پەیڕەوی (پاوەرپۆینت .PowerPoint) و پێوەندی بە فێرکردنی زمان.
بەشی دووەم: بەشێکی کارەکییە، بۆ ئەو بەرنامە پێشنیارکراوە تەرخانکراوە کە دەکرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیووتەر و ئینتەرنێتەوە بۆ فێرکردنی زمانی کوردی بەکاربهێنرێت ، کە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە:
أ. جۆرەکانی ئەلف و بێی زمانی کوردی.
ب. ئاستەکانی فێرکردنی زمانی کوردی:
1. ئاستی یەکەم: ئەلف و بێی زمانی کوردی.
2. ئاستی دووەم: فەرهەنگی دووبارەبوونەوەی هەمیشەیی.
3. ئاستی سێیەم: مەشق و ڕاهێنان لەسەر هەندێك بابەتی جۆراوجۆر :1. جێناو. 2. ناو. 3. ئامرازی ناسیاری و نەناسیاری. 4. ئاوەڵناو. 5. جێناوی نیشانە. 6. کار. 7. ڕووگە. 8. ژمارە. 9. کات. 10. ئامرازی پێوەندی (پێشبەند). 11. داخوازی. 12. پرس. 13. جەستەی مرۆڤ. 14. کاروپیشە).
ئاستی چوارەم: گفتوگۆ.
9. توێژینەوەی (م. ی. کەسەر یاسین محەمەد) ل پشکا زمانێ کوردی . فەکولتیا زانستێن مرۆڤایەتی ـ زانکۆیا دهۆك) ب ناڤونیشانێ ( ب کارهینانا فۆنیمان د ناڤبەرا (ك.س) و (ك.ن)دا) بوو.
ئەڤ بابەتە بۆ دیارکرنا هندەك ژ ئەوان دەنگ و فۆنیمێن د هەردوو دایلێکتاندا ئاریشە و جیاوازی ژ لایێ ب کارهینانێڤە هەی هاتیە تەرخانکرن، چونکە هەتا نهو چ ڤەکۆلینێن ئەکادیمیێن خوسەر ل سەر ڤی بابەتی نەهاتینە ئەنجامدان، ب تنێ د هندەك گوتار و پەرتوکێن ڕێزمانێدا ب شێوەکێ ساکار و کێماسیێن زۆر د ڤان نڤێسینانداا دهێنە دیتن، لەورا ئەڤ بابەتە ژ لایەکیڤە بزاڤەکە بۆ دیارکرنا ئەوان فۆنیمێن بیر و بۆچوون و هزرێن جودا ل سەر هەین، ژ لایەکێ دیتر ژیڤە بزاڤەکە بۆ پولینکرن و جیاوازیێن ب کارهینانا فۆنیمان د ناڤبەرا (ك.س) و (ك.ن)دا. ب وێ هیڤیێ کو ئەڤە ببیتە بنیاتەك بۆ ئەنجامدانا ڤەکۆلینێن هویرتر و بەرفرەهتر، چ د ئاستێ دەنگسازی و چ د ئاستێن دیترێن شروڤەکرنا زمانێ کوردیدا.

ئەڤ ڤەکۆلینە د ئاستێ دەنگسازییا زمانێ کوردیدایە، بەلێ بۆ پتر ئاشنابوون ل سەر ب کارهاتنا فۆنیمان د نموونێن جودا جوداییێن (ك.س) و (ك.ن)دا، ڤەکۆلەری پەنا بریە بەر هەردوو ئاستێن (وشە سازی) و ( ڕستەسازی) ێ، ئەو ژی بۆ وێ مەرەمێیە داکو ئاماژە ب ئەوان فۆنیمان بهێتە دان ئەوێن ب ڕێکا ئەوان ئاستان ب دەستڤە دهێن و ژ لایەکێ دیڤە ئەڤ ڤەکۆلینە ب شێوەزارێ بادینی هاتیە نڤێسین و پتریا نموونە و کەرەستێن پێدڤیێن وێ ل سەر شێوەزارێ ئاخڤتنکەرێن (ك.س) و (ك.ن) (هەرێما کوردستانا عیراقێ) هاتینە وەرگرتن و ب تنێ کێمەك نەبن، ژ ژێدەر و ڤەکۆلینان هاتینە وەرگرتن، هەروەها ل دویف پێدڤی هندە جاران ئاماژە ب هندەك شێوەزاران هاتیەکرن، کو تایبەتن ب هەردوو دایلێکتێن دیارکریڤە. ئەڤ ڤەکۆلینە ل دویف ڕێبازا (وەسفی. سایکرونی) هاتییە ئەنجامدان و ژ پێشەکی و دوو پشك و ئەنجامان پێکدهێت:

پشکا ئێکێ: ل سەر دوو بابەتان هاتییە دابەشکرن، بابەتێ ئێکێ باس ل فۆنیمێن زمانێ کوردی د کارێن پێشتردا دکەت ل گەل دیارکرنا پاشکۆیەکێ کو فۆنیمێن زمانێ کوردی ل دەڤ نڤێسەران ل دویف زنجیرەکا مێژوویی تێدا هاتینە ڕێزکرن. بابەتێ دوێ یێ تایبەتە ب هەلسەنگاندنا کارێن بەرێ نەخاسمە هەلسەنگاندنا ئەوان دەنگێن ب ئاوایەکێ گشتی هەتا نهو ئاریشە و بیر و ڕاییێن جودا ل سەر هەین. پشکا دوویێ دیسا ژ دوو بابەتان پێکدهێت، بابەتێ ئێکێ بۆ جیاوازییا ب کارهینانا هندەك فۆنیمان د (ك.س) و (ك.ن)دا هاتییە تەرخانکرن و د بابەتێ دوویێدا هۆکارێن ئەڤان جیاوازییان هاتینە باسکرن.

ل دوماهییێ ژی، ئەنجام و ژێدەر و ل گەل پاشکویەکێ و کورتیا ڤەکۆلینێ ب زمانێ عەرەبی و ئنگلیزی، وەکو پێدڤی هاتینە ڕێزکرن. ژ ئەنجامێن ئەڤێ ڤەکۆلینێ ژی ئەڤێن خارێ بوون:

1- ژ سەرجەم ڤەکۆلینێن ل سەر دەنگ و فۆنیمێن زمانێ کوردی هاتینەکرن دیاردبیت کو بارا پترا ڤەکۆلەران بۆچوونێن جودا ل سەر [ئ]، [ح]، [ص]، [چ]، [گ]، [ڕ]، [ع]، [غ]، [ق]، [ڵ]، [پء]، [تء]، [چء]، [کء]،[وو ] و[ī] هەبوو، هەروەها هندەك ڤەکولەران [ڤ] ژی ئێخستییە ژێر ئەڤێ کێشێ.

2. [ئ.]: نەفۆنیمە د زمانێ کوردیدا، سەبارەت نڤێسینا وێ ژ ئەگەرێ فێربوون و ڕاهاتنێیە ل سەر، ب تیپێن عەرەبی.

3- [ح]: نهو جهێ خۆ د ناڤ فۆنیمێن زمانێ کوردیدا کریە.

4- [ص]،[چ]،[گ] و[غ]: دەنگێن زمانێ عەرەبینە، ب تنێ وەکو ئەلۆفۆن د زمانێ کوردیدا کاردکەن، دیسا [ع] ژی دەنگەکێ بیانییە و شیانا گۆهورینێ هەیە بۆ دەنگێن دیتر، بەلێ ب کارهێنانا دەنگێ د دویڤ [ع] ژیرا ل جهێ وێ د پەیڤێن کوردیدا، کار ل واتایێ ناکەت.

5- [ڤ]: فۆنیمەکا سەربەخۆیا زمانێ کوردییە.

6- [ق]: فۆنیمە د زمانێ کوردیدا، چونکی د هژمارەکا زۆرا پەیڤێن فەرهەنگا نهو یا کوردیدا دیاردبیت، واتە مەرجێن فۆنیمێ پەیرەو دکەت.

7- [ڵ] ل (ک.ن) هەروەکو [پء]، [تء]، [چء] و [کء]ە ل (ک.س) نە ب تنێ ل هەمی دایلێکتێن زمانێ کوردی، بەلکو ل هەمی دەڤەران و هەمی دەما ژی تایبەتمەندیێن فۆنیمێ پەیرەو ناکەت.

8- [وو]: ب تنێ د دوو سێ پەیڤەکاندا نەبیت، ئەگەر هەر پەیڤەکا دیتر کو [و] تێدابیت چ ب (و) یان (وو) بهێتە لێڤکرن هەر ئێك واتایێ ددەن.

9- [i]: فۆنیمە د زمانێ کوردیدا.

10- د شیاندایە جیاوازییا ب کارهینانا فۆنیمان د خشتەکێدا ب ڤی رەنگێ ل خوارێ دیار بکەین. ئانکو ئەو فۆنیمێن ل (ک.س) بۆ فۆنیمێن بەرانبەر ل (ک.ن) دهێنە گۆهورین :

| فۆنیمێن ئالۆگۆڕ دبن ل (ک.س) | فۆنیمێن بەرانبەر ل (ک.ن) | فۆنیمێن ئالۆگۆڕ دبن ل(ک.س) | فۆنیمێن بەرانبەر ل (ک.ن) |
|---|---|---|---|
| ... | د، ن، ە | ھ | ...، ی |
| ت | د | ا | ی |
| د | لە | ێ | ا، ی، ە، ... |
| ژ | لە، ش | ە | ا، ... |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڤ | و، م، ب | و | ە |
| ل | ڵ | ی | و |

10.گەلەك هۆكار بۆ جیاوازییا ب كارهینانا فۆنیمان د ناڤبەرا (ك.س)و(ك.ن)دا هەنە.گرنگترین هۆكار، ڕێژا تێكهەلبوون و تێكهەل نەبوونێیە، واتە چەند كوردیێن دیاركری ژ هەڤ دویر بكەڤن دێ بەرە بەرە جیاوازییا ب كارهینانا فۆنیمان د ناڤبەرا واندا زێدەتر لێ هێت و بەروڤاژی.

10. توێژینەوەی (م. ی. ڕێزان عوسمان مستەفا) لە بەشی كوردی . فاكەلتی زمان ـ زانكۆی سۆران. بە ناونیشانی (**دەربڕین و وەرگرتن لە زمانی پەروەردەدا . لێكۆڵینەوەیەكی دەروونناسی شیكاری ڕەخنەییە).**

ئەمە لێكۆڵینەوەیەكی دەروونناسییە، بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو فاكتەرە عەقڵی و هەستی و زمانی هونەرییانەی ...تاد لەسەر چۆنیەتی و چەندیەتی پێشكەوتن و ڕەنگدانەوەی پرۆسەی وەرگرتن و دەربڕین لەڕووی پەروەردەو فێركردنەوە هەیە باسی لێوەبكرێت و خاڵە بەهێز و لاوازەكان و چارەسەركردنیان دیاری بكرێت.

گرنگی ئەم لێكۆڵینەوەیە لەوەدایە كە پێداویستی سەردەم لەئاست ئاوەڕدانەوە لەم جۆرە بابەتانە لە كۆمەڵگەكەمان، پەیوەستە بە ژیانی تاك لەگشت قۆناغەكانیدا. لێكۆڵینەوەكە لە پێشەكییەك و دوو بەش پێكهاتووە: بەشی یەكەم: بە ناوونیشانی (هونەری دەربڕین و وەرگرتن و چۆنیەتی سروشتی و پێوەندی بەپرۆسەی فێركردن و بیركردنەوەوە.)، بەسەر چوار تەوەردا دابەش كراوە، لەتەوەری یەكەمدا هەندێك پێناسەو بۆچوونی لێكۆڵەران خراوەتە ڕوو، لەتەوەری دووەمدا باسی سروشتی پێكهاتەی پرۆسەی وەرگرتن و دەربڕین كراوە و لەتەوەری سێیەم و چوارەمدا باسی پێوەندی هەر یەك لە پرۆسەی فێربوون و بیركردنەوە بە پرۆسەی وەرگرتن و دەربڕینەوە كراوە. لەم ڕووەوە پشت بە بیرو بۆچوونی كۆمەڵێك زانا و پسپۆری ئەم بوارە بەستراوە. بەشی دووەم، بەناوونیشانی ( هونەری وەرگرتن و دەربڕین لە نێوان گرنگی و ئەو هۆكارانەی كاریگەرییان لە چۆنیەتی بەرەو پێشچوون و دواكەتوویی و چارەسەركردنیدا) هەیە، ئەم بەشەش بەسەر چوار

تەوەردا دابەش کراوە: گرنگی پرۆسەی وەرگرتن و دەربڕین کرۆکی تەوەری یەکەم لەخۆدەگرێت، تەوەری دووەم هۆکارو تایبەتمەندی و چۆنیەتی گەشەپێدان و پێشخستنی ئەم پرۆسەیە شی دەکاتەوە، لەتەوەری سێیەم و چوارەمیشدا ئەو لایەن و فاکتەرانە دیاری کراون، کە دەبنە هۆکاری هەریەك لە دواخستن و چارەسرکردنی پرۆسەی وەرگرتن و دەربڕین. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و کۆمەڵێك ڕاسپاردە خراوەنەتە ڕوو بەمەبەستی چارەسەر و بەرەو پێشبردنی ئەم پرۆسەیە، لەوانە:

1. وەرگرتن و دەربڕین پرۆسەیەکی عەقڵی هەستی زمانەوانییە، سەرکەوتوویی پەیوەستە بەشارەزایی و بەدواداچوونەوە.

2. تایبەتمەندی ئەم پرۆسەیە لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە پەیوەست نییە بە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی تاك (قوتابی) بەڵکو پرۆسەیەکی زیندووی بەردەوامە، بەسەرجەم ژیانی مرۆڤایەتییەوە پەیوەستە.

3. کاریگەری هەستەکان لەڕووی تێڕوانینی خود بۆ سەرکەوتوویی کەسایەتی، وەك تاکێك لەم بوارانەدا.

4. ئاستی دەروونی و هەستی گوێگر کاریگەری لەسوود وەرگرتنی پەیام هەیە، جا پەیامەکە سەرچاوەیی، یان هەواڵی، یان پرسیاری بێت، قوتابیش دوای وەرگرتنی پەیامەکە، یان وەڵامدەداتەوە، یان بەپێچەوانەوە.

5. ئەم پرۆسەیە هۆکارێکی بنچینەییە لەبەرەو پێشبردن و بەهێزکردنی کردەی بیرکردنەوەو وەبیرهێنانەوەو ورووژاندنی هەستەکان .

6. پردی پێوەندی نێوان تاك وکۆمەڵە، بۆ گوزارشتکردن لە خود و گەیاندنی بیرەکانی بە بەرانبەر.

لەبارەی ڕاسپاردەکانیشەوە توێژەر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیانی پۆلی (10 .11) پێشنیار دەکات: لە پێناو پێگەیاندن و زیاتر بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانستی و وشیارکردنەوەی قوتابیان و یارمەتیـدانیان تـاڕادەی چـۆنیەتی شـێوازی وەرگرتنێکی سەرکەوتوو، دەربڕینێکی زانستی و هونەری سەرنجڕاکێش و قەناعەت پێهێنــەر، هونــەری وتارنووسـین و خوێندنــەوەو بیرکردنــەوەی دروســت و پــشت بەخۆبەستن و بڕیاردان، بەپێویستی دەزانـین وەك لایــەنێکی زانـستی، کــە بابــەتی (ڕۆمان و شانۆگەری ـ کوردی و جیهـانی) وەك بابـەتێك (هەفتــەی کاتــژمێرێك) بخرێتە نێو پرۆگرامی خوێندنی قوتابییانەوە، لە قۆناغی ئامـادەیی (10 و 11 ی

هەردوو بەشی زانستی و وێژەیی)، چونکە ڕۆمان لەڕووی هونەرییەوە گشت ژانرە ئەدەبییەکان لە خۆدەگرێت، جگە لەوەی لەڕووی زانستیشەوە ڕۆمانووس لە ڕێی ڕۆمانەوە تیشك دەخاتە سەر گشت بوارێکی زانستی کە مەبەستیەتی (ئایین ، فەلسەفە، دەررووناسی، فیزیا، کیمیا، مێژوو .....) کە خۆی لە خۆیدا هەوێن و ناوەرۆکی بابەتەکەیەتی. لە خوارەوەش هەندێك لەو ئامانجانەی کە مەبەستمانە و کاری بۆ بکەین دەیخەینە ڕوو:

1. بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابیان لەڕووی شیکردنەوەو دۆزینەوەی هۆ و هۆکار لەنێوان دیاردەکان و چونیەتی شێوازی دەربڕین کە جێگەی نیگەرانییە، زۆرینەی قوتابیانی ئێمە لەم ڕووەوە لاوازن، ئەمەش بەهۆی مەلزەمەو کورتکردنەوەی بابەت لەلایەن مامۆستایانەوە وایان لێهاتووە تەنیا بابەت ئەزبەربکەن. خۆیان بیری خۆیان بەکارنەهێنن و درك بەتواناکانی خۆیان ناکەن. ئەمەش لەڕێی ڕاهێنانی قوتابییەوە دەبێت لەسەر کردەی وەرگرتن و دەربڕین.

2. وشیارکردنەوەی قوتابیان لە ئاستی کەسایەتییان، کە دەبێت حسابیان بۆ بکرێت کە قەوارەیەکی بچووکن، بەڵام لە گەشەکردنان و دەبێت خۆیان بۆ داهاتوو ئامادەکەن کە دەیانەوێت بەچی بگەن، چونکە ئایندە لەئەستۆی ئەواندا دەبێت، کەواتە چۆن دەبنە خاوەن کەسایەتییەکی پتەو و بەهێز بتوانن ڕووبەڕووی ژیان ببنەوە، چونکە هەر ئەوە گرنگ نییە ببنە خاوەن بڕوانامە، بەڵکو کەسایەتییەکی بەهێز لە پشت بڕوانامەکەوە بێت،کە دوای چەندین ساڵ بە دەستی دەهێنن.

3. قوتابی گرنگی و بایەخی بەشەکەی خۆی بزانێت،کە بەشی زانستی، یان بەشی وێژەیی بێت، ئەوە هەردوو بەش تەواوکەری یەکدین و هەریەکەیان لە خزمەتکردنی بوارەکانی ژیاندا تایبەتمەندی زانستی خۆیان هەیە.

4. بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری قوتابیان و هەڵوێستیان لە بارەی ئینتیمابوونیانەوە بۆ خاك.

5. وشیارکردنەوەیان لە ئاست پەروەردەیەکی زانستی دروست و سەردەمیانە، ئەمەش بەسوود وەرگرتن لە فەلسەفە و پەروەردەی نوێی جیهانی و داب و نەریتی خۆمان، لەهەمان کاتدا هاندانیان بۆ وتار نووسین و هونەری دواندن (ڕاستەخۆ کە لەهەندێك لە بۆنەکاندا قسە بکەن).

6. وشیارکردنەوەی قوتابیان بـۆ خوێندنـەوە بـە گـشتی و مێـژووی نەتەوەکـەیان بەتایبەتی. یارمـەتیـدەرە بـۆ وەرگرتنێکـی بـاش و لەسـتراتیژیەتی شـیکردنەوەو بڕیاردان شارەزادەبن.

7. کردەی وەرگرتن بۆ وشیارکردنەوەو ڕێنماییکردنیان لە چۆنیەتی داڕشتنی پـلان لە ژیانی خۆیاندا یارمەتیدەر دەبێت.

8. هاندانیان بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێی زانستی و داهێنانی زانستیدا، جا لـە بواری زانستە زانستییەکان بێت، یان زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بێت.

9. ڕێنمایی کردنیان بۆ ناونان لە دیاردەکان (دەربڕینی مەودای سەرکەتوویی تـاک دەخاتە ڕوو).

11. توێژینەوەی **(م. ی. بڕوا ڕەسووڵ ئەحمەد) لـە بەشـی کـوردی . فاکـەلتی پەروەردەی بنەڕەت ـ زانکۆی ڕاپەرین، بەناوونیشانی ( چۆن بیانی فێری زمانی کوردی بکرێت؟)** بوو.

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەو پلان و میکانیزمانەی، ئاسانکاری دەکەن، تا بیانی فێری زمانی دووەم ببێـت. لێکۆڵینەوەکـە لـە دوو بەشـدا و لـە چوارچێوەی زانستی زمانەوانی کارەکیدا، باس لە پاڵنەرو پێویستییەکانی فێربوونی زمان دەکات. هەروەها ئەو بوارانە دەخاتەڕوو، کە پێویستە کاریان لەسەر بکرێت، تا زمانی کوردیش بە پێی ستاندارده جیهانییەکان ئامادە بکرێـت و بیـانی فێـری ببێت.

توێژەر لەو باوەڕەدایە کە دەبێت لە چەند بوارێکدا کاری جدی و بەپەلە بکرێت، تا خەڵکانی بیانی بتوانن بە ئاسانی فێری زمانی دووەم بن، وەك:

1. بواری پەروەردە:

لە کۆمەڵگەدا پەروەردە لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەی تازە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. پەروەردە (کۆمەڵێك پرۆسەیە، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێـت شـارەزایی و زانیاری و نەریتی کۆمەڵگە بە نەوەی تازە بگەیەنرێت). (ویکیپیدیا). بێ گومـان پەروەردەش وەك زانست لەسـەر چـەند بنەمایـەك دەوەسـتێت، کـە گرنگترینیـان فەلسەفەیە. فەلسەفەی پەروەردە، جۆری ئەو پەروەردەیە دیاری دەکات، کە نەوەی تازە پێدەگەیەنێت. پەروەردە پێوەندی بە چەند لقێکی تری زانستەوە هەیە، لەوانە:

دەروونزانی، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، زانستی زمان، زانستی کۆمپیووتەر و ... تاد.
لە پەیوەست بە زمانەوە پێویستە پەروەردەی ئێمە ڕۆڵی کاریگەر بگێڕێت لە زیندوو ڕاگرتنی زمانەکەمان، لە ناو ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا، بە تایبەتی لەناو منداڵان و خوێندکاراندا، چونکە ئەوان پێوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی دایکیان و زمانی بیانی هەیە و تەمەنیان لە بارە بۆ ئەوەی نەمامی بیری زمانی نەتەوایەتی، لە ناخیاندا چەکەرە بکات و زمانەکەیان لە پایەیەکی بەرزدا ببیننەوە و بە کەمتر لە زمانانی تر لێی نەڕوانن. خزمەتکردنی زمان لە ڕێگەی پەروەردەوە ئەرکی حکوومەت و وەزارەتی پەروەردەیە، بە کارکردن لەسەر دانانی مەنهەجی گونجاو و بارکراو بە بیری نەتەوایەتی.
2. بواری فەرهەنگسازی و ڕێبەری گەشتیاری:
لە زمانانی جیهان گرنگی زۆر بە لایەنی فەرهەنگسازی و وەرگێڕان دەدرێت، تەنیا مەبەستیش لەوە فێربوون، یان شارەزابوونی زمانێکی ترە. بە داخەوە لە هەرێمی کوردستان ئەم بوارە وەك پێویست لای لێ نەکراوەتەوە. ئەگەرچی لە کتێبخانەکانی کوردستان، ژمارەیەکی بەرچاو فەرهەنگ و ڕێبەری فێربوونی زمانی هەیە، بەڵام زۆر لەوانە لەسەر بنەمای فەرهەنگی زمانێکی تر دروستکراون و کەمتر بە شێوەی زانستی و بە پێی پێویستی زمانی کوردی و ڕەچاوکردنی باری کۆمەڵایەتی هەرێمەکەمان چاپ کراون. لە هەرێمی کوردستان بایی ئەوە پسپۆر و شارەزای زمان و فەرهەنگ هەیە، کە بتوانن دیاردە و ڕووداوە تایبەتمەندەکانی زمان و کولتووری گەلەکەمان شی بکەنەوە و لە دووتوێی فەرهەنگ و ڕێبەری فێربوونی زمانیدا بیخەنە بەرچاو خەڵکانی بیانی، تا لە ڕێگەیانەوە لە فێربوونی زمانی کوردیدا سوودیان پێ بگەیەنێت. بۆ ئەوەی لایەنی فەرهەنگسازیمان هەمە لایەنە بێت دەبێت فەرهەنگی تایبەت بە بوارە جیاجیاکان چاپ و بڵاو بکرێتەوە، وەکو: فەرهەنگی (سیاسی، فەلسەفی، ئایینی، جوگرافی، ئەندازیاری، زمانەوانی و ...تاد).
3. بواری کردنەوەی خول و کۆرسی فێربوونی زمان:
بۆ ئەوەی حکوومەتی هەرێم بە زوویی بیانیانی نیشتەجێی کوردستان فێری زمانی کوردی بکات، پێویستە سەنتەر و پەیمانگەی تایبەت بە فێربوونی زمان

دامەزرێنێت و ڕێگە بە هیچ بیانییەك نەدات بچێتە سەر کار، تا زمانی کوردی بە تەواوی فێرنەبن. مەنهەج و سیاسەتی کۆرسەکانیش، لە ژێر چاودێری حکومەت و دەزگە پێوەندارەکاندا بێت، بەجۆرێك لایەنە کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەکەی بە کەسانی بیانی بگەیەنێت و لەگەڵ فێربوونی زماندا، بە داب و نەریت و تایبەتییەکانی کۆمەڵی کوردەوارییان ئاشنا بکات، بە مەرجێك لە ستانداردە جیهانییەکان دەرنەچێت. بۆ ئەم مەبەستە دەکرێت سوود لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی جیهان وەربگیرێت، لە دانانی پرۆگرامی کۆرسەکان. ئێمە لە پاشکۆی ئەم توێژینەوەیەوە چەند نموونەیەکی کۆرسی فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەخەینەڕوو.

4. ڕێکخستنەوەی ئەلف و بێی زمانی کوردی و کارپێکردنی بەشێوەیەکی گشتگیر:

یەکێك لە کێشەکانی دیکەی زمانی کوردی بوونی چەند (ئەلف و بێ)یەکە، کە تارادەیەکی زۆر زمانی کوردی لە یەکدی دابڕیوە. لەم هەرێمەی ئێمەدا دەکرێت (ئەلف و بێ)یەکی ڕێکخراومان هەبێت و دەزگە ئەکادیمییەکانی زمان، کەموکورییەکانی نەهێڵن و حکوومەتیش بە بڕیار لەسەرجەم دامودەزگەکانیدا بەکاری بهێنێت و دەزگەکانی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەش پەیڕەوی بکەن و لێی دەرنەچن. ئەمە کۆمەك بە بیانیان دەکات بێ کێشە دوای فێربوونی زمانی کوردی فێری خوێندنەوەو نووسینیش بن.

5. بواری زمانی ئامێر و بردنی زمانی کوردی بۆ نێو جیهانی تەکنەلۆژیا:

ئەمڕۆ مرۆڤ لە پێوەندییەکی فراوان و ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ تەکنەلۆژیا و ئامێر. بەکارهێنانی ئامێرەکانی کۆمپیووتەرو مۆبایل و ...تاد، بوونەتە پێویستییەکی ڕۆژانەی خەڵك، وەك دەشبینرێت زمان پێکنەری سەرەکی ئەم ئامێرانەن و بێ بوونی زمان کاریان نەنگ و ناتەواوە. زمان بەگشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی دەتوانێت لەم ڕێگەیەشەوە سوود لە بەجیهانی کردنی زمانەکەی و بەزیندو ڕاگرتنی وەرگرێت. ئەگەر ئەم خاڵە جارێکی دیکە بە بواری بازرگانییەوە ببەستینەوە، دەکرێت حکوومەتی هەرێم ڕێگە بەهیچ کۆمپانیایەکی تەکنەلۆژیا نەدات کاڵاکانی لە کوردستان ساغ بکاتەوە، تا زمانی کوردی لە پاڵ زمانەکانی دیکە لە ئامێرەکانیاندا بە کارنەهێنن، هەروەها حکوومەت هەوڵ بۆ ئەوە بدات زمانی

کوردی بە دەستوور و ڕێزمانێکی دروستەوە بەشدار بێت لەو سایتە ئیلیکترۆنیانەی تایبەتن بە وەرگێران، بۆ نموونە سایتی (Google translation)، یان سایت و پێگەی گونجاو لە نێو تۆڕی ئینتەرنێدا دابنێت ، کە بەبێ مامۆستا و بەشێوازی کەسی، بیانی فێری زمان بکات.

لە کۆتاییدا توێژەینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە زمانی کوردیش وەك زمانانی دیکەی جیهان شیاوی ئەوەیە، بیانی فێری ببێت. هەنگاوی یەکەم پێویستە کێشەی زمانی کارگێڕی یەکلابکرێتەوە، ئینجا ڕێ و شوێنی گونجاو بە ئاراستەی فەراهەمکردنی هەموو پێویستییەکانی فێربوونی زمانی دووەم بۆ بیانیانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بگیرێتە بەر.

ئێستایش ئەرکی ئەم کۆنفرانسە و لایەنە پێوەندداره‌کان ئەوەیە، داوا لە پەرلەمانی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی بە هاوکاری زانکۆکان و دەزگەی ئەکادیمی و پسپۆڕانی زمان، یاسایەك دەربکات و لایەنی جێبەجێکاریش کاری لەسەر بکات، تا بیانیانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان ناچار بکات فێری زمانی کوردی بن. دواجار پێویستە زانکۆکانی کوردستان، یان پەیمانگەی تایبەتی فێربوونی زمان دابمەزرێت و لە ڕێگەیانەوەو لە خولی بەردەوامدا بیانیان فێری زمانی کوردی بکرێن.

12. توێژینەوەی **(م. ی. شێروان حوسێن حەمەد) وانەبێژ لە بەشی کوردی ـ زانکۆی ڕاپەرین، بە ناوونیشانی (گەشەکردنی زمانی منداڵ بەپێی قۆناغەکانی خوێندن ـ قۆناغی باخچەی ساوایان و بنەڕەتی بەنموونە) بوو.**

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ باسکردن لە گەشەکردنی زمانی منداڵ بەگوێرەی قۆناغەکانی خوێندن، بەتایبەتی قۆناغی باخچەی ساوایانو بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستاندا، بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری ئەنجام دراوەو پشت بەهەندێك نموونەو بەڵگەی زیندووی ڕۆژانە دەبەستێت. هەر یەك لەم قۆناغانە گرنگییەکی تەواویان لەم ڕووەوە هەیە، چونکە زمان لەم قۆناغەدا گەشەیەکی فراوان بەخۆوە دەبینێتو لەم ڕووەشەوە قوتابخانەو باخچەکانیش ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. لێکۆڵینەوەکە، لە دوو بەش پێکدێت. بەشی یەکەم بۆ ڕۆڵی زمان لەبواری پەروەردەو مێژووی پەروەردە لە کوردستانو باسکردن لە زمانی هەر یەك لەقۆناغەکان تەرخان کراوە، .
بەشی دووەم بۆ گەشەکردنی زمانی منداڵ، بەگوێرەی قۆناغەکانی خوێندن تەرخان کراوە. قۆناغی باخچەی ساوایانو بنەڕەتی بە نموونە وەرگیراوەو لەهەر یەکەیاندا،

بەوردی ڕێگەکانی دەوڵەمەندکردنو پاراستنی زمانی منداڵ باس کراوە. لە کۆتاییشدا، هەندێك پێشنیارو ئەنجام خراونەتە ڕوو کە دەشێت وەزارەت سوودیان لێ وەربگرێت.

لەبارەی گەشەکردنی زمان لەقۆناغەکانی خوێندندا توێژەر جەخت لەسەردوو قۆناغی زۆر گرنگ دەکات، کە ڕاستەوخۆ پرۆسەی پەروەردە لێیان بەرپرسەو کاریگەری گەورەشی لەسەر گەشەکردنی زمانی منداڵو دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی هەیە، بەجۆرێك تا کۆتایی ژیانی کاردانەوەی لەسەر دەبێت، ئەوانیش:

1.: قۆناغی باخچەی ساوایان:

ڕەنگە زۆر لە شارەزایانی پەروەردە لەو باوەڕەدابن کە زمانی منداڵ لە تەمەنی 4و5 ساڵیدا بەرەو کامڵبوونو گەیین بچێتو کۆتایی بێت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم قۆناغە لەڕووی کۆکردنەوەو دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی منداڵ یەکجار گرنگە، پێویستە مامۆستایانی باخچەی ساوایان بەهەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەن، بەتایبەتی فێرکردنی ئەو وشەو زاراوانەی کە واتایەکی جوانو ڕێزدارییان هەیەو وا لەمنداڵ بکەن، کە لەو وشە ناشیرینو خراپانە دوور بکەوێتەوە کە لە کۆڵان فێریان بووە. هەروەها بایەخدان بە توانای قسەکردن لای منداڵ چونکە زانراوە کە (توانای زارەکی منداڵ لەم قۆناغەدا زۆر بەخێرایی گەشە دەکات، دەتوانێت ڕستەی تەواو درێژ دروست بکات ئەگەر یارمەتی بدرێتو فێربکرێت) بۆیە پێویستە مامۆستایان لەهەندێك وردەکاری زمانی منداڵ لەم قۆناغەدا فێربکرێن، بەتایبەتی دەبێت مامۆستای باخچەی ساوایان توانای دیاریکردنی نەخۆشییە زمانییەکانی هەبێت. هەروەها بتوانێت ئەوانە دەستنشیان بکات کە لەزمان سستن و ڕاهێنانی تایبەتیان پێبکات، بۆ ئەوەی نەبێتە نەخۆشییەکی درێژخایەنی زمانی. بۆ ئەمەش پێویستە ساڵانە خولی تایبەت بۆ مامۆستای ئەم قۆناغە بکرێتەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە کوردستان، نەبوونی کەسانی شارەزایە، لەم قۆناغەدا، بۆیەش باخچەی ساوایان نەبووەتە شوێنێك بناغەیەکی بەهێزی بۆ فێرخواز تێدا دابڕێژرێت، تەنانەت لە ڕووی زمانەوە ڕۆڵێکی پێچەوانەیشی گێڕاوە، بەوەی کە

زۆرجار گوێمان لەدایکانو باوکان دەبێت، کە منداڵەکانیان فێری هەندێك وشەی خراپو زمانێکی پیس بوون دوای ئەوەی چوونەتە باخچەی ساوایان.

لایەنێکی دیکەی ئەرکی مامۆستا، لەم قۆناغەدا ئەوەیە، کە بتوانێت شەرمو نامۆیی خوێندکار برەوێنێتەوە، چونکە ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی، کە زمانیان دوابکەوێت، لەدەربڕیندا سەرکەوتوو نەبن، دەبینین لەتەمەنی گەورانیشدا ئەم هۆکارە دەبێتە هۆی تەتەڵەی زمانیو زمان گیران، ئەمەش بۆ نەخۆشی زمانی تەشەنە دەکات. لەسەر ئەم بنەمایانەو بۆ پەروەردەکردنێکی دروست، پێویستە مامۆستا لەم قۆناغەدا توانای زمانی منداڵ بەهێز بکات، بەم ڕێگەیانە:

پرسیارکردن: پرسیار لە قوتابیان بکات، بەجۆرێك کە هاتووە چی بینوە، لەگەڵ کێ هاتووە؟

بۆ ئەوەی بتوانێت توانای دەربڕینی منداڵ بزانێت. بەڵام دەبێت سەرنجی ئەوە بدات، کە منداڵ تێگەیشتنو گوێگرتنی باشترە لەقسەکردنی، بۆیە زۆری لێنەکات بۆ قسەکردن، لەڕیگەی قسەکردنەوە زۆر هیلاکیان نەکات.

گوێگرتن: یەکێکە لەگرنگترین کۆڵەکەو ڕێگەکانی فێربوونی زمان. تەنانەت بۆ زمانی دووەمیش. پێویستە مامۆستا لەم قۆناغەدا منداڵان لەسەر گوێگرتن ڕابهێنێت بۆ ئەوەی توانای بیستنو لاسایی کردنەوەی دەنگەکان بەباشی فێربێت. بەڵام پێویستە ڕێنماییو ئامۆژگاریو قسەکان سادەو کورتو ڕەوان بن. چونکە منداڵ لەو تەمەنەیدا توانای گوێگرتنی زۆری لەسەریەکی نییەو زوو ماندوو دەبێت، بەمەش گوێناگرێتو بیر دەڕوات.

دوورکەوتنەوەی مامۆستایانو دایکانو باوکانیش لەهەڵەی زەقی زمانی، لەبەکارهێنانی ئاخاوتنی خۆیان، چونکە ئەمە بۆ منداڵەکان دەگوێزرێتەوە و تا گەورەش دەبن ئەم هەڵانەیان لەگەڵدا دەبێت.

گێڕانەوەی چیرۆكو حیکایەتی زۆر سادەو ساکارو وتنی گۆرانیو سروود لەم قۆناغەداو دواتر پرسیارکردن لە منداڵان دەبێتە هۆی گەشەی عەقڵیو زمانی بناغەیەکی پتەوی زمانی بۆ منداڵەکە دادەڕێژێت.

پێویستە مامۆستاو چاودێر لەباخچەی ساوایان ، هەندێك ڕاهێنانو مەشقی زمانی بەمنداڵان بکەن، بۆ ئەوەی توانای دەربڕینو گەیاندیان بەهێزبێت، ئەمەش لەڕێگەی باسکردنی هەندێك شتی سادەوە دەبێت لەلایەن منداڵەکانەوە، گوێگرتنی

مامۆستایان بەسەرنجەوەو دواتر هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، چونکە وەك ئاشکرایە لە تیۆرەکانی فێرکردنەدا هاتووە، بەشێك لە فێربوون لەڕێگەی هەوڵو هەڵەوە دەبێت. لەڕوانگەی زانستی زمانیشەوە، منداڵ لە قۆناغی باخچەی ساوایان ـ تەمەنی چوارو پێنج ساڵی ـ بەتەواوی یاساو ڕێسا زمانییەکانی زمانی دایك فێردەبێتو توانای ئەوەی هەیە، کە ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزیش بەکاربهێنێت. بەڵام هێشتا هەندێك دیاردەی دیکەی زمانی هەن کە ناتوانێت بەتەواوی بەکاریان بێنێت، وەك بەدروستی بەکارهێنانی جێناوە لکاوەکانو کاتەکانی کارو ڕستە مۆرفۆسینتاکسییەکان.

## 2. قۆناغی بنەڕەتی:

ئەم قۆناغە لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتییەوە، دەست پێدەکات، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە زمانی کوردی، لە خوێندن و فێرکردندا، بەشێوەیەکی فەرمی مێژوویەکی زۆر دوورو درێژی نییە، هەرچەندە لە خوێندنگە ئایینییە کۆنەکانی کوردستاندا جارجار بۆ لێکدانەوەی وانەکان بەکارهاتووە، کە تەنیا بۆ تێگەیشتن بووە، هەر لەو پێناوەشدا دەبینین، شاعیرانو مەلایان ئەو سەردەمە فەرهەنگی عەرەبی کوردییان داناوە، دیارترین نموونەش لەم بارەیەوە (نەوبارا بچووکان)ی ئەحمەدی خانییە. (فەرهەنگۆکێکە خانی بۆ منداڵانی کوردی داناوە، لە پێناوی ئەوەی فێری زمانی عەرەبی بن، لەساڵی 1682ز تەواوی کردووە.)[1] ئەمە سەرەتای گرنگی دانە بەزمانی کوردی و لە ناو پرۆسەی فێرکردندا، بۆ ئەوەی مەلا لە ڕێگەیەوە زمانی عەرەبیو کوردی بزانێت. دوای ئەویش نموونەی ئەحمەدیەمان هەیە، کە (لە 365 بەیتی هۆنراوە پێك دێت و شیخ مارفی نۆدێ لە ساڵی 1752. 1753 دایناوە، بۆ ئەوەی ئەحمەدی کوڕی پێ فێری زمانی عەرەبی بێت، کە فەرهەنگی عەرەبی کوردییە)[2] ئەمانە سەرەتای بایەخدانن بەزمانی کوردی لەناو خوێندندا، بەشێوەیەك ویستوویانە قوتابی تەنیا بە عەرەبی نەخوێنێت و بزانێت دەقە عەرەبییەکان بکاتەوە بە کوردی، هەرچەندە هەردووکیان بەشێوەی هۆنراوە نووسراون، بەڵام بۆ کاتی خۆی گرنگی تەواویان هەبووە. بۆ مەسەلەی زمانی کوردی لەقاڵبی زمانێکی خوێندنو نووسین نەك تەنیا زمانی قسەکردن.

کاتێکیش خوێندنگەی دەوڵەت دامەزراوە، فێرخوازانی کورد هەر بەزمانی بێگانە خوێندوویانە. مێژووی خوێندنگەش لە کوردستان، بۆ دوای یەکەمین جەنگی جیهانی دەگەڕێتەوە، هەرچەندە لە ساڵی1913 خوێندنگەی (عەبدولڕەزاق بەدرخان) لە شاری (خوی) دامەزرا، بەڵام تەمەنێکی کورتی هەبوو، زوو داخرا. نووسینەکانی پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردی، تا دەگاتە ساڵی 1970 بە پێی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئازار، دەبوو خوێندن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستان بە کوردی بێت. بەم پێیە لەدوای ڕێککەوتننامەی یازدەی ئازار، زمانی کوردی پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینیوە، بووە بە زمانی یەکەم لە ناوچە کوردنشینەکانو زمانی دووەم لە عیراق بە گشتی، بەڵام گرفتەکانی زمانی پەروەردە لەو کاتەوە دەست پێدەکەن، کە مامۆستایانی کوردستان، پەرتووکەکانیان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی. بەڵام لێرەوە کێشەیەکی سەیر لەنووسینی کوردیدا ڕووی دا، هەریەکەیان بەشێوەیێك دەینووسی، بەتایبەتی کرمانجی سەروو و خواروو. ئەم دیاردەیە تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك جار نەشارەزیانە هەوڵی تێکەڵکردنی دوو دیالێکتە سەرەکییەکەش دەدرێت. کە کەمتر زیانی نییە لەبەکارهێنانی دوو زارەکە بەشێوەی سەربەخۆ.

گەشەپێدانی زمانی منداڵ لەم قۆناغەدا دەکەوێتە ئەستۆی پەروەردەوە، کە بتوانێت سەرباری زمانی دایك بەئاسانترین شێوە زمانی دیکەیشی فێربکات، چونکە بیردۆزە پەروەردەییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە دەبێت منداڵ لەقۆناغە سەرەتاییەکانی فێربووندا بەئاسانترین شێوە فێربکرێت، وەلێ پرۆگرامەکانی کوردستان منداڵی کورد زۆر ماندوو دەکەنو لەزمانی دایکیان تێناگەن، تەناتەت زۆر لە مامۆستاکانیش توانای تێگەیشتنیان نییەو بابەتەکان بەجێ دەهێڵن. بەو پێیە، خوێندنگە کاریگەری خراپی لەسەر دروست بوونی بناغەیەکی پتەوی زمان لای منداڵ هەیە، ئەمەش بۆ شێوازی هەڵبژاردنی ئەو وشەو دەستەواژانە دەگەڕێتەوە کە لە کتێبە فێرکارییەکاندا هەن، کە نابنە هۆی بەهێزکردنی زمانی دایك لای منداڵەکە، هەروەها نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو بەهێزو تۆکمە لە سەرتاسەری کوردستان، ئەمڕۆ لە سێ پارێزگەی کوردستانی باشوور، لەپۆلی یەکەمی بنەڕەتی دوو ئەلف و بێی جیاواز دەخوێنرێت، ئەمەش

بەڵگەی ئەوەیە، کە حکوومەتی هەرێمو وەزارەتی پەروەردە سیاسەتێکی زمانیی بەهێزیان نییە، بۆ پێگەیاندنی نەوەکانیان، ڕەنگە ئەمە تاکە نموونە بێت لەدنیادا.
بەڵگەو پاساوی نووسەرانو وەرگێڕەرانی پرۆگرام بۆ ئەو جۆرە زمانە، ئەوەیە کە گوایە هەوڵیان داوە وشەی نێوان ئەم دوو زارە سەرەکییەی زمانی کوردی تێکەڵ بکەن، بۆ ئەوەی زمانێکی تەواو و کامڵ بەرهەم بێت و ببێتە زمانی فەرمی لەوڵاتدا. ئەمە لەجیگەی خۆیەتی، بەڵام ئایا تێکەڵ کردنەکە، لەسەر بنەمایەکی زانستییە یان نا؟ بە ڕای ئێمە کاتێك ورد لەزمانەکە دەڕوانین، دەبینین لە تیکەڵکردنەکەدا هیچ بنەمایەکی فەرهەنگیو زمانەوانی لەبەرچاو نەگیراوە، ئەوەندەی لایەنی دیکەی ڕامیاریو ناوچەگەری بەدی دەکرێت. ئەم جیاوازییە تەنیا لەئاستی فەرهەنگدا نییە، تەنانەت هەست دەکرێت دوو ڕێزمانی جیاواز لە نێو ئەم کتێبانەدا هەیە. وەلێ لەڕووی زانستی زمانەوە، زمان تابەرەو ئەوە بچێت یەك فۆرمی ڕێزمانی هەبێت باشتر کاری پێدەکرێت. بەڵام ئەم فۆرمە نەگۆڕە ڕێزمانییە ڕەچاونەکراوە، زیاتر لەفۆرمێکی ڕێزمانی دەبینرێت، ئەمەش زمان بەئاراستەیەکی خراپدا دەبات. بەکارهێنانی وشەو تەنانەت دەستەواژەی دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی لەزمانی ئەدەبیدا نە هەڵەیەو نە تاوانە، ئەگەر بەشێوەیەکی گونجاو و لێزانانە بەکاربرێت. ئەمە بۆ نووسینو دانانی پەرتووکی خوێندنیش بەهەمان شێوەیە. ئەمە وادەکات کە خوێندکار ئینتمای بۆ زمانی خۆیشی نەمێنێت، لە گەشەکردنی زمانیشدا تەنیا زمانی ناوچەیی گەشەدەکات، نەك زمان وەك ڕێگەی پەروەردەو پێگەیاندن، هەڵوەستەکردنمان لەسەر ئەم قۆناغە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی گرفتەکان هەر لەم قۆناغەوە دەست پێدەکەنو دەشێت هەر لێرەشەوە چارەسەریان بۆ بکەین.
لەپۆلی یەکەمی بنەڕەتی، منداڵان بەشێوەکی گشتی نزیکەی هەزار وشە دەزانن، ڕۆژ بە ڕۆژ فەرهەنگی مێشکیان فراوانتر دەبێت، بۆیە دەبێت مامۆستا ڕەچاوی ئەم گەشەکردنە خێرایەی زمانی منداڵ بکات بۆ ئەوەی بزانێت چۆن وشەیەك فێری خوێندکارەکەی دەکات، هەروەها بەشێکی زۆری منداڵان لەم قۆناغەدا لە درکاندنی هەندێك دەنگدا سەرکەوتوو نین، بۆیە چەندین ڕێگە هەیە کە مامۆستا بۆ ڕاست گۆکردنی دەنگەکە بەکاریان بێنێت. هەروەها تێبینی جیاوازی ئاستی منداڵان بکرێت، ( بەپێی تویژینەوەیەکی مەیدانی کە لە نێو خوێندکارانی کورددا

کراوە، ژمارەی ئەو وشانەی منداڵانی شار لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی دەیزانن 1145 وشەیە، بەڵام ئەو وشانەی منداڵانی گوند دەیزانن 1105 وشەیە.) کە دیارە بواری وشەکان جیاوازە.

لایەنێکی دیکەی زمانی منداڵ لەم قۆناغەدا بریتییە لەفێربوونی زمانی خوێندنەوەو نووسین، کە هەریەك لەمانەش ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر گەشەکردنی زمانی منداڵ دەبێتو هەر لەم قۆناغەدا منداڵ بەرەو ئەوە دەچێت، کە لایەنی کۆمەڵایەتی لەزماندا فێرببێت. بۆیە پێویستە لەم ڕووەوە مامۆستایان یارمەتیدەریان بن.

دەشێت لەم قۆناغەدا منداڵ فێری خەتخۆشی بکرێت، وەك هۆکارێکی سەرەکی کە تا دواین قۆناغی ژیانی لەگەڵیدا دەبێت، کە ئەمەش پێویستە مامۆستای ئەلف و بێ ئەم بەهرەیەی تێدابێت. (سەرکەوتنی منداڵ لە فێربوونی خوێندنەوەو نووسیندا، بەپلەی یەکەم پشت بەستە بەئاستی ئامادەکاری زمانی منداڵەکەوە، هەر کەمو کورتییەك لەم لایەنەدا (ئامادەکاری زمانی)، هۆیەکە لە هۆیەکانی سەرنەکەوتنی منداڵ لە خوێندنیدا) بەڵام ئەم ئامادەکارییە زمانییە لەناو منداڵانی کورددا نابینرێت، بۆیە زۆر لە قوتابیان تا دەگەنە پۆلی سێیەم و چوارەمیش بەباشی فێری خوێندنەوەو نووسین نابن. کە ئەمەش پێویستی بەپێداچوونەوەی ورد هەیە هەر لە باخچەی ساوایانو شێوازی پێگەیاندنی مامۆستا بۆ ئەم قۆناغەو هەروەها هەڵسەنگاندنەوەی پرۆگرامەکانی پۆلەکانی یەكو دووی بنەڕەتی.

لەکۆتایی ئەم لێکۆلینەویەدا، چەند ئەنجام و ڕاسپاردەیەك خراونەتەڕوو:

1. گەشەکردنی زمان لای منداڵ، یەکێکە لە بابەتە وردو هەستیارەکانی، بواری زمانەوانیو دەروونناسی، پێویستە دایكو باوکانو مامۆستایان شارەزاییەکی ئەوتۆیان هەبێت، کە بتوانن، منداڵەکانیان بەشێوەیەکی دروست فێری زمان بکرێن. ئەمەش لەڕێگەی بەرنامەو پرۆگرامی وردی خوێندنەوە دەکرێت، کە بە پلەی یەکەم ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە.

2. بناغەی گەشەکردنی زمانو قۆناغەکانی، هەر لە زگی دایکەوە دەست پێدەکەن، بەڵام هەر لەگەڵ هاتنە دنیای منداڵەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ منداڵ ڕێگەو شێوازەکانی پێوەندی کردن دەگۆڕێت، بۆیە لە تەمەنی یەك ساڵیدا، گۆڕانی بەرچاو

و جیاواز لە ڕێگەکانی پێوەندی کردنی منداڵدا دەبینرێن، بەجۆرێك چەند قۆناغێکی جیاوازی تێدا دەردەکەوێت.
3. مێژووی پەروەردەو بەکارهێنانی زمانی کوردی قۆناغێکی باشی بڕیوە، بەڵام تا ئێستا ئەو پرۆگرامانەی کە بۆ هەر قۆناغێکی خوێندن دانراون، بەپێی پێویستیو ئاستی فێرخواز نین، لەڕووی زمانەوە. چونکە ڕەچاوی بەهێزکردنی فەرهەنگو زمانی منداڵانی کورد نەکراوە، بگرە زۆرجار بە ئاراستەیەکی پێچەوانەوە کاری لەسەر کراوە. کە تێیدا منداڵی فێری پووکانەوەی زمان کردووە. بەتایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتی.
4. ئاراستەو سستمی پەروەردە، بەتایبەتی لە پێش ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر سستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا بێن، ئەوەیان سەلماندووە، کە فێرخوازی باشو زیرەك ئەوانەن کە کەمترین قسە دەکەنو بەشدارییان نییە، کە ئەمەش زۆر لە توانای زمانی کەمکردووەتەوەو بەتەمەنی گەورەیش توانای دەربڕینی لاواز بووە، بەڵام دوای گۆڕینو پێداچوونەوە بە سستمی پەروەردە، ئەمە تاڕادەیەك چارەسەرکراوە، ئەویش بە بایەخدانی زیاتر بە چالاکیو گفتوگۆی خوێندکار لەناو پۆلەکەیدا، دیاریکردنی کۆمەڵێك نمرە بۆ ئەو مەبەستە. بەڵام هێشتا پێویستی بەڕێگەو شێوازی دیکەی جیاوازتر هەیە.
5. پێویستە وەزارەتی پەروەردە باشترینو شارەزاترین مامۆستاو فێرکار بۆ قۆناغی باخچەی ساوایان دابین بکات، خولو بەرنامەی چڕوپڕی هەبێت بۆ پەرەپێدانی لایەنی زانیاری ئەو مامۆستایانە، چونکە بناغەی کەسایەتی هەر کەسێك لەو ناوەندەی خوێندنەوە دەست پێدەکات، لە قۆناغەکانی دیکەدا گەشەدەکات.
6. لەقۆناغی باخچەی ساوایاندا، فەرهەنگی منداڵ دەست بەگەشەکردن دەکات، بۆیە پێویستە مامۆستایان ئاگاداری ئەم قۆناغە هەستیارە بنو جوانترین وشە فێری منداڵان بکەن. هەروەها توانای دەربڕین هەر لەم قۆناغەدا گەشەدەکات. بۆیە پێویستە مامۆستا منداڵان فێری گفتوگۆو شێوازی دەربڕین بکات.
7. لە قۆناغی بنەڕەتیدا فێرخواز فێری خوێندنەوەو نووسین، دەکرێت. بۆیە پێویستە مامۆستایان شارەزایی تەواویان لە بنەماکانی زمانی نووسین هەبێت،

بەوردی پرۆگرامەکانی خوێندن دابڕێژرێن، کە تێیاندا بنەما زمانیو فێرکارییەکان ڕەچاو کرابێت.

8. لەبارەی زمانی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە پێویستە وەزارەتی پەروەردە، لەچاکسازییەکانی خۆیدا گرنگی زۆر بەزمانی پرۆگرامەکان بدات و زمانەکە لەو بێ سەروبەری و نەبوونی بنەمای زانستییە ڕزگاربکات، چونکە ئەمرۆ وای لێ هاتووە خوێندکاران و قوتابیان بگرە هەندێك جار مامۆستایانیش لەزمانەکە ناگەن. ئەمەش هۆیەکی سەرەکییە لە نزمی ئاستی زانستی لە کوردستاندا. بەتایبەتی گرفتی گەورە لە بەکارهێنانی دوو ئەلف و بێیو دوو زمانی جیاوازە لە کوردستاندا.

13. توێژینەوەی هاوبەشی (م.ی. یارا قادر حەمەد) لە بەشی کوردی . زانکۆی کۆیە و (م. ڕەحمان عەلی قادر) لە **(بەڕێبەرایەتی سەنتەری ئۆتیزم لە سلێمانی، بە ناونیشانی (کاریگەری ئۆتیزم لەسەر زمان و پەروەردەو چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە) بوو.**

ئەو توێژینەوەیە بابەتێکە لەسەر کاریگەری ئۆتیزم لەسەر زمان و پەروەردە، بۆ ئەو منداڵانەی کە ئۆتیزمیان هەیەو کێشەیان لە فێربوونی زمان و پەروەردەدا هەیە، لێرەدا پێوەندی نێوان زمان و ئەم نەخۆشییە ڕوون کراوەتەوە، کە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم نەخۆشییە مێشکە، بۆیە پێوەندی نێوان مێشك و زمان و پەروەردە خراوەتە ڕوو، بە شێوەیەکی تیوری باس لە بەشەکانی مێشك و ئەو بەشانە دەکات کە ئەرکیان شیکردنەوەی یاسا و ڕیسا ڕێزمانییەکان و وەرگرتنی دەنگە بە هۆی کەناڵی بیستنەوە، هەروەها جۆرو هۆکاری ئەم نەخۆشییەو مێژووی دۆزینەوەی ئەم نەخۆشییەو دەستنیشانکردنی ئەم نەخۆشییە لەلای منداڵ و کاریگەری لەسەر کێشەی زمانەکەی و دەربڕین لای منداڵ بە شێوەی پەروەردەییانە.

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی لە سێ تەوەر پێکدێت:

تەوەری یەکەم: باس لە پێوەندی نێوان زمان و کۆئەندامی دەمارو پێکهاتەی مێشك و مێشك و زمان و باسی نەخۆشییەکانی گوتن دەکات.

تەوەری دووەم: باسی یەکێك لەو نەخۆشییانە کراوە کە کاریگەری زۆری لە سەر زمان و پەروەردەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. هەروەها جۆرەکانی ئەم

نەخۆشییەو چارەسەرو ڕاهێنانیان دەستنشیان کراوە، لە هەمووی گرنگتر پێوەندی زارەکی و نازارەکی ئەو کەسانەی کە بەدەست ئەم نەخۆشییەوە دەناڵێنن.
تەوەری سێیەم: ئەنجام و لیستی سەرچاوەکانە.
14. توێژینەوەی (د. ئیبراهیم سەیدۆ ئایدۆگان) مامۆستا لە (زانکۆیا ئینالکۆ یێ ل پاریس . فەرەنسا). ب ناڤنیشانێ **( ڕۆلا مەدیایا کوردی د پەروەردەهیا جڤاکا کوردی یا ڕەوشەنبیری و زمانی دە)** بوو.

ئەڤ ڤەکۆلینە ب ڕێنڤیسا لاتینی گەهشتە کۆنفرانسی و تێدا هاتبوو:

Di ber sîstemên perwerdehiyê re, herweha sîstemeke civakî ya dayina peyaman jî tim hebûye ku îroj jî di nava piraniya civakên rojhilatî de heye. Di vi ra de, em behsa sîstema perwerdehiya civakî ya devkî dikin. Lewre « peyv » jî heger rasterast li hember civakê tê kirin, dikarin ji dibistanan jî xurttir bin. Hingê rola waazên limêja îniyê ku li mizgevtan tên kirin û celebên wê yên olên din jî dikarin weke alavên perwerdehiya giştî bêne pejirandin.
Di demên berê de, sîstemeke bangên giştî jî dihat bikaranîn. Kesên ku ji wan re « tellal » dihat gotin, biryar û agahdariyên fermî ji civakê re bi dengekî hêl dixwendin û herkes bi vî awayî li heman tiştî û di heman demê de haydar dibû. Pêwîst nîne ku em biçin wêneyên şikeftan yên ku ji aliyê herkesî ve tên zanîn û weke yekem sîstema peyama veguheztî tên pejirandin.

Bi van mînakên jorê ve, êdî em dizanin ku wêne û fotografên ku îroj di kovar û rojnameyan de û di televizyonan de tên bikaranîn li ser sîstemeke ragihandinê ya primîtîf hatine avakirin û bi pêş ve ketine ku bingêhê wan bi ragihandin û perwerdehiyê ve dikare were şîrovekirin. Hingê, ji bo me « ragihandin » jî alaveke perwerdehiyê ye. Ev jî rola medyaya îroj ya dema me ji bo me zelaltir dike. Lê belê, piştî peydabûna rojnameyan, yanî piştî keşfa medyayê ku ew jî îcadeke ewropî bû, êdî rengê perwerdehiyê guherî. Hêdî hêdî, ji dêleva tellalan, bi taybetî jî di nava elîtan de, rêyine din yên peywendî û nîqaşan hatin bikaranîn ku kovar û rojname merhaleya wan ya herî dawîn e. Li deverên ku xwendin negihîştibûyê, sîstema kevn ya perwerdehiya olî û ragihandina devkî hê jî hebû. Vê yekê jî her ji sedsala 19'an ve rewşenbîr ji civaka wan bi dûr xistin û marjînalîze kirin.

Em dizanin ku dema ku rojnameya *Kurdistanê* sala 1898'an derket, hejmara kesên ku bikariyana bi zimanê kurdî rojnameyek bixwendaya, pirr kêm bû. Gellek gotar û nivîsên rojnameyên kurdî yên dema osmanî, weke mînak *Rojî Kurd* ya 1913'an, balê dikişînin ser ku rêjeya xwendinê di nava civaka kurdî de negihîştiye % 5'ê jî. Ji ber wê ye ku Kurdên dema rojnameya *Kurdistanê* jî ji tecrubeya mirovahiyê ya ragihandinê îstifade kiribû û sîstemeke alternatîf ya xwendinê peyda kiribû. Eynî mîna tellalekî ku dihat nava civakê û biryar û agahdariyên fermî ji xelkê nexwende re dixwendin, kurdekî xwende jî rojname di nava civata xwe de, bi dengê bilind dixwend, da ku yên nexwende jî jê têbigihîjin. Gellek kesên heta bi nifşê min jî tim dibêjin "gava ku ez zarok bûm, dêya min an jî dapîra min ji min re çîrok digotin". Vegotina çîrok û destan û

efsaneyên kurdî, alavên perwerdehiya çandî û zimanî ne, lê belê xwendin alaveke perwerdehiya rewşenbîrî û heta sînorekî siyasî ye jî. Piştî perwerdehiya bi çîrokên vegotina devkî, ma gelo kî dikare bibêje ku ew îstiqameta perwerdehiya ji mezinan ber bi piçûkan ve gellek caran vajî nebûye? Kî dikare bibêje ku di şevbihêrkên nava civaka kurdî de, xortekî û an jî keçeke xwende rojnameyek an jî pirtûkek ji dê û bavê xwe re nexwendiye?
Dema nû û pêdiviyên dema nû, êdî berê sîstema perwerdehiyê jî guheriye, lê belê rastiyeke wê heye ku her weke xwe maye. Peyv û dîmen her ji nivîsê xurttir e û rasterasttir û lezgîntir e. Bikaranîna vê rastiyê ya di sîstema ragihandin û perwerdehiyê de jî dikare mirov zûtir bigihîne armancên civakî, çandî, rewşenbîri, siyasî û herweha zimanî jî. Lewre wêne be jî, waaz û axavtin be jî, û nivîs be jî, berî her tiştî peyam bi rêya zimanekî ve tê dayin. Gava ku em dibêjin “ziman”, em behsa awayekî fikirîn û derbirînê dikin ku şêwaz jî beşekî wî ye. Wêne di vê çalakiya fikirînê de pêla bingehîn e, lewre hiş û mejiyê mirov bi peyvan tev nagere, lê belê bi wêne û dîmenan ve tev digere. Hişê mirov peyva “nan” wernagire û gava ku mirov jê re bibêje “nan” jî, ew her li wêneyê “nanî” difikire.
Dunya êdî gellekî piçûk bûye û ji gundekî jî piçûktir bûye û bûye weke maleke piçûk. Dêya min ya 80 salî ku li Kurdistana Bakur dijî, bi rêya Msn’ê ve bi kurê min yê li Parîsê re dipeyivî û bi rêya Facebookê re li wêneyên wî temaşe dikir. îroj bi rêya Viber û Tangoyê ve her roj bi wî re dipeyive û li wî dinihere. Ji ber ku xwendin û nivîsandina dêya min nîne, hê jî hesabekî wê yê Facebook û Twitterê nîne, hotmail an jî gmailê nas nake, yanî ji qewla ciwanên dema me “dêya min gellekî cahil maye”, lê belê dêya min

ya nexwende jî dizane ku li ser Facebook û Twitterê dunyayeke din heye û êdî hayê wê jî ji wê dunyayê heye. Pêwîst nîne ku em li vira bibêjin ku bûyerên ku jê re digotin Bihara Ereban li Tûnis û Misirê nîşanî me daye ka rola Facebookê çendî girîng e. Herkes dizane ku her tevgera siyasî li ser tora civakî ya Facebookê jî xwedan binkeyekî ye û bi vî awayî, Facebook û Twitter jî dibin weke medyayeke alternative. Ji ber wê ye ku li welatên yek fikir û partîtiyê yên mîna Îran û Çînê, û li hin welatên mîna Tirkiyeyê, astengiyên qanûnî li hember bikaranîna înternetê hene.
Di vê rewşa ragihandina lezgîn de, êdî nûçe û bûyer jî zû tên bihîstin, lê herweha zû tên jibîrkirin jî. Mirov dikare bibêje ku êdî dunya ji berê zûtir digere.
Ev rewşa jorê ya ragihandina lezgîn û bandora medyaya dema nû ya li ser televizyon û înternetê rastiyeke din jî nîşanî me dide. Gava ku mirov bikare dunyaya rastîn û dunyaya ser înternetê ya torên civakî weke du dunyayên paralel binirxîne, hingê êdî mirov dikare behsa du sîstemên perwerdehiya civakî ya parallel jî bike. Lewre em dizanin ku ciwanên dema me, ji nûçeyên televizyonan bêtir bala xwe didin nûçeyên ku li ser Facebook û twitterê digerin. Erê, êdî weha bûye ku mirov ji hêza Facebookê ditirse, lewre Facebook dibe weke hêzeke anarşîst ya mezin, lê herweha taybetmendiyeke Facebookê ya axlaqî jî heye. Lewre, civak bi “hezkirin” û “nirxandinên” xwe ve parvekirineke li ser Facebookê diecibîne an jî li dij derdikeve. Ev jî diyar dike ku axlaqekî civakî li ser tora civakî ya înternetê be jî hatiye parastin. Lê belê divê mirov vê hêzê zêde mezin neke jî. Lewre digel ku internet êdî li her derê heye jî, zarokên me diçin dibistanan û malbatên

wan bi perwerdehiya wan ve alaqedar dibin. Heger di nava dibistan û malbat û înternetê de dengeyeke perwerdehiyê neyê avakirin, bandora înternetê jî dê zêdetir be.
Di civaka kurdî de, ji ber parçebûna welatê me, înternet û bi taybetî jî Facebook dibe Kurdistaneke alternative jî ku tê de hestên welatperweriyê gellekî xurt in. Lewre, weke ku me got, li ser înternetê sînor nînin.
Digel vê rastiya înternetê jî, civaka me hê jî gellekî li televizyonan temaşe dike. Lê belê tiştên ku em di televizyonan de pêşkêşî civaka xwe dikin, xewnên ku em pêşniyarî wan dikin, ne dûrî peywendiya bi înternetê re ye. Dîsa jî lehengekî filîmekî televizyonê an jî pêşkêşvanekî bernameyeke televizyonê dikare ji siyasetmedaran jî bêtir were naskirin û peyvên wî ji yên siyasetmedaran bêtir di nava civakê de belav bibin, lê belê ev nayê wateya ku bandora wî dê xurttir be. Lewre siyaset bi bedewiyê nayê kirin, bi fikran tê kirin, ji ber wê ye ku herçend Angelina Joli bi îmaja xwe ve xizmeta hin karên navneteweyî yên penaberan dike jî, ew ê tucarî nebe seroka partiyekê û bi îhtimaleke mezin ew ê nebe seroka Amerîkayê.
Erê, înternet gellekî xurt e, lê belê dîsa jî nikare bi qasî dîmeneke nûçeya televizyonê xizmeta perwerdehiya civakî bike. Lewre, weke ku me got, di her mala kurd de televizyon weke endamekî malbatê her heye. Belkî di her malê de kompîterek nebe, lê belê kêm zêde li her male televizyonek heye. Mînaka vê ya herî xurt ew e ku di qelenê keçên berzewac de, dêya bûkê dikare mekîneyeke kincşo bixwaze, dikare firaxşoyekê bixwaze, dikare qanape û paldankan bixwaze, zêr û pereyan bixwaze, dikare televizyonan bixwaze, lê belê ji bo zewaca keça xwe ew ê ji

mala zavê daxwaza kompîtureke Macintosh ya 27 ekran an jî telefoneke Iphone neke.

Hingê, televizyon him karekî kêfê û derbaskirina demê ye û him jî hê jî alava perwerdehî û raginandinê ya sereke ye. Ew bi van taybetmendiyên xwe ve him dikare ji dibistanên perwerdehiya giştî re bibe alîkar û him jî bibe alternatîf û bikeve şûna wan.

Medya bi xwe rojevê ava nake. Lê belê di rojevê de girîngiyê dide bûyerekê û wê bi pêş ve derdixe. Tercîha li ser bûyerekê an jî peyamekê ancax çandî û siyasî ye. Ji ber wê ye ku pirraniya kanalên televizyonan hê jî di destê hêzên siyasî de ne, lê belê kovar û rojname û radio û malperên înternetê ji aliyê kesên nesiyasî ve jî têne birêvebirin. Ji xwe, cîhê ku televizyon lê hebe, kovar an jî rojname nikarin biryara hemû civakê nîşan bidin. Ji ber vê sedemê ye ku, mînaka herî xurt ya li Tirkiyeyê hatine îslamîparêzan ya desthilatdariyê ye. DI salên nodî de, sê kanalên televizyonên îslamî vebûn ku diketin her malê. TGRT, Kanal 7 û Samanyolû. Îroj jî ev televizyon hene û ji hemû kanalên bêtir tên temaşekirin. Wê demê ray û dengên partiya Refahê di biniya ji sedî 20'î re bûn, wê demê Recep Tayip Erdogan jî endamê wê partiyê bû û şaredarê Stanbolê bû. Lê belê 20 sal bi şûn ve, dengên partiya wî ya ku navê xwe guheriye ji sedî 50'î jî derbas kiriye. Herkes dizane ku roleke van televizyonan ya xurt di vê serkevtina wî de hebû û bi rêya wan ve civak di warê siyasî û tercîhên hilbijartinê de dihat perwerdekirin.

Hingê, di warê perwerdehiyê de, êdî mirov nikare bi tenê behsa dibistanan bike û medya, herçend alava ragihandinê be jî, ragihandin bi xwe jî alaveke sereke ya perwerdehiyê ye. Heger çavdêrî û kontrol li ser nebe, civak dê nikaribe

axlaqê xwe û nirxên xwe yên hevpar biparêze û veguhezîne nifşên nû. Herweha, dîmen û wêne jî êdî rola xwe ya di perwerdehiya civakî û zimanî de wergirtine ku sîstemên perwerdehiyê divê hesabê wê jî bikin.

هەروەها لە تەوەری میدیادا ڕۆژی یەکەم هەشت بابەت پێشکەش کران، بریتی بوون لە:

1ـ کاریگەری تەلەڤزیۆنە ئاسمانییە کوردییەکان لەسەر ناسنامە و زمانی کوردی: م.سیاوەش گۆدەرزی.

2ـ چەند سەرنجێك لەسەر لایەنی ڕێنووس و زمان لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا: م.زیاد ڕەشاد قادر.

3ـ رۆلێ ڕاگەهاندنێ دبەرفرەهکرنا فەرهەنگا زمانی کوردیدا (1991ـ2012): پ.ی.د.عەبدولوەهاب خالید مووسا.

4ـ رۆڵی ڕاگەیاندن لە گەشەکردنی زمان و جێبەجێکردنی ناسنامەی نیشتمانی (بە زمانی عەرەبی): م.سوهێر جەرادات.

5ـ ڕاستی یان لاگیری لە سروشتی دامەزراوەیی گوتاری هەواڵدا: شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی گوتاری ڕۆژنامەنووسیی کوردی: د.سەباح ڕەشید و د.ڕەحیم سورخی.

6ـ ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە گەشەکردنی ڕێنووسی لاتینیدا: د.ئیبتسام ئیبراهیم.

7ـ زمان و بەکارهێنانی لە میدیاکاندا: د.هەڤاڵ ئەبوبەکر.

8ـ سیمینارێك بە ناونیشانی (پێوەندی نێوان زمان و ڕاگەیاندن): سەرۆ قادر.

**ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنفرانسی ساڵانەی زانستی زمانی کوردی**

کۆنفرانسی ساڵانەی زانستی زمانی کوردی، کە تایبەت بوو بە بوارەکانی پەروەردە و میدیا لە هەرێمی کوردستان، بە دروشمی (زمان ناسنامەی نەتەوەیە)، لە هەولێری پایتەخت، لە ڕۆژانی (16. 18ی کانوونی یەکەمی 2012 بەڕێوەچوو. ئەم کۆنفرانسە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و ئەکادیمیای کوردی، بە هاوکاری هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئامادەکرا.

لە کۆنفرانسەکەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە پسپۆرانی پەروەردەیی کە بریتی بوون لە سەرجەم شارەزایانی پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرپەرشتانی پسپۆری زمانی کوردی لە هەردوو قۆناغەی بنەڕەتی و ئامادەیی، هەروەها هەندێك لە مامۆستا و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەو خوێندنگەکان، کە سەر بە هەر چوار بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك و گەرمیان، لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە کەرکوك بەشداربوون. هەروەها لە بواری میدیادا، ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە شاری: هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەرکووك، مووسڵ، بەغدا، خانەقین، گەرمیان و سۆران لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە میدیاکارانی دامەزراوی میدیای جۆراوجۆر لە هەرێمی کوردستان، ئامادەبوون، وێڕای ئەمەیش مامۆستایانی پسپۆر لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی، ئامادەبوون. پێویستە ئەمەیش بگوترێت کە نوێنەری زانکۆکان بە زانکۆکانی پۆلیتەکنیکییەکانەوە، لەگەڵ ژمارەیەکی باش لە مامۆستایانی پسپۆری زمانی کوردی، لە زانکۆکانی هەرێم ، بەشداربوون.
لەماوەی سێ ڕۆژی کۆنفرانسەکەدا، (18) توێژینەوەو سیمینار، پاش هەڵسەنگاندنی زانستییانە، پێشکەش کران. گرفتەکانی زمان لە بوارەکانی پەروەردەو میدیا، هەروەها ڕۆڵی هەردوو بوار لە پەرەپێدانی زمان، خرانە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئامادەبووانی کۆنفرانس بە سەرنج و تێبینی و پێشنیاز و ڕەخنەکانیان، ناوەڕۆکی کۆنفرانسەکەیان دەوڵەمەند کرد. توێژینەوەکان و پوختەی بۆچوونی گفتوگۆکاران، بۆ پلانڕێژی هەردوو تەوەرەکان، سەرچاوەی زانستی دەبن.
ئەم کۆنفرانسە کە بەرهەمی کاری هاوبەشی نێوان چەند لایەنێك بوو، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت و دەریدەخات کە کارکردن بە شێوازی هاوکاری و هەرەوەزی و هەمئاهەنگی ئەنجامی باش و ئەرێنی دەبێت، دەکرێت بۆ کاری هاوبەشی لە نێوان دەزگە حکوومییەکان و ئۆرگانەکانی دیکە، دەستپێك بێت، لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەیشەوە، بایەخدانێکی کاریگەر بە ئاوەزی ئەکادیمی لە هەرێمی کوردستان دەدات. ئەندامانی کۆنفرانس پێیان وایە لە بواری پەروەردەدا:
* کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن بە هەموو قۆناغەکانەوە لە هەڵەی چاپ و ڕێنووس و زمانەوانییەوە، بە هاوکاری ئەکادیمیای کوردی و پسپۆرانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پاك بکرێنەوە و چارەسەر بکرێن.
**سەبارەت بە بواری میدیا:**

* هاوکارییەکی زانستییانە لە نێوان سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و میدیاکارانی هەرێم و ئەکادیمیای کوردی هەبێت، بۆ ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانی میدیا بە گشتی لە ڕووی زمان و ڕێنووسەوە بدرێت.

ئەکادیمیای کوردی بەپێی بۆچوونی زۆربەی ئەندامانی کۆنفرانس بۆ داهاتوو لە بواری میدیا و پەروەردە پلانی زانستی هەبێت و بە دەنگ چارەسەرکردنی خاڵەکانی سەرەوە بێت. هەروەها پێشنیاز دەکەین کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە ڕووی پەرەپێدان و زمانی میدیاوە، بە هاوکاری لایەنەکانی پێوەندیدار خولی تایبەت بە مەشق و ڕاهێنان بە مەبەستی پتەوکردنی تەواوی میدیا بکاتەوە.

لە کۆتاییدا پێشنیار دەکەم کە توێژینەوە پەسەندکراوەکانی کۆنفرانس وەکو سەرچاوەی باوەڕپێکراو وەربگیرێن بە تایبەتی ئەوانەی دەبنە بنەمایەکی زانستی بۆ پرۆژەکانی ئایندەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمدا.

**لێژنەی باڵای کۆنفرانس**
**هەولێر 2012/12/18**

## پاشکۆی ژمارە ( 1 )

هەرێمی کوردستان ـ عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
ئەکادیمیای کوردی
کارگێڕی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
The Kurdish Academy

اقليم كوردستان ـ العراق
مجلس الوزراء
الاكاديمية الكوردية
الادارة

ژمارە: ٤٦٧ No:
ڕێکەوت: / / ٢٧١٢ کوردی Data: ٢٠١٢/ ٩/١٦

حکوومەتی هەرێمی کوردستان
دەرکردە
ئەکادیمیای کوردی

**فەرمان**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی، کە بە ئێمە دراوە، بڕیار درا :
بە پێکهێنانی لێژنەی باڵای کۆنفرانسی زمانی کوردی لەم بەڕێزانەی خوارەوە:

لەگەڵ ڕێزدا

| | | |
|---|---|---|
| ١- د. ئازاد ئەحمەد مەحموود | جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی | سەرۆك |
| ٢- نەوزاد عەبدولعەزیز ساڵح | ڕاوێژکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان | ئەندام |
| ٣- د. کەریم ساڵح عەبدول | ڕاوێژکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | ئەندام |
| ٤- د. ئەحمەد محەمەد قەرەنی | ڕاوێژکاری وەزارەتی پەروەردە | ئەندام |
| ٥- ئازاد حەمەدەمین شێخ یوونس | نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان | ئەندام |

**د. نووری تاڵەبانی**
**سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی**

**وێنەیەك بۆ /**
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان نووسراوتان ژمارە (٢٤٢) لە ٢٠١٢/٩/٦ / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی نووسراوتان ژمارە (١٠٨٣) لە ٢٠١٢/٩/١٣ / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی پەروەردە نووسراوتان ژمارە (٣٥٥) لە ٢٠١٢/٩/١٠ / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- سەندیکای ڕۆژنامەنووسان نووسراوتان ژمارە (٥٩٩) لە ٢٠١٢/٩/١٠ / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- نووسینگەی سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- نووسینگەی جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- ژمێریاری
- فایلی گشتی
- خولاو

پۆستی ئەلیکترۆنی : Kurdistanacademy@yahoo.com
ناونیشان : هەولێر / شەقامی هەڵەبجە
ژ. ت: ٢٢٢٤٥٠١ - ٢٢٢٤٥٠٢ - ٢٢٢٢٨٨١

البريد الالكتروني : Kurdistanacademy@yahoo.com
ويبسايت : info@Kurdish-academy.com Kurdish-academy.com
العنوان : اربيل / شارع حلبجة
تليفون : ٢٢٢٤٥٠١ - ٢٢٢٤٥٠٢ - ٢٢٢٢٨٨١

**پاشکۆی ژمارە (2)**

**شاندی بەشداربووی وەزارەتی پەروەردە لە کۆنفرانس**

| ژ | ناوەکان | ناونیشان | شوێن |
|---|---|---|---|
| 1. | د.احمد قرنی | ڕاوێژکار | دیوانی وەزارەت |
| 2. | ئاراس نجم الدین عبداللە | بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 3. | حسن سرتیب جاف | ی.بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 4. | اسکندر مصطفی عبدالرحمن | بەڕێوەبەری پرۆگرام | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 5. | فاروق محمد علی عباس | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 6. | صباح بۆیا سولاقا | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 7. | هونەر جلال گاهر | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 8. | عمر علس شریف | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 9. | نورالدین محمد مهدی رفیع | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 10 | عبدالکریم شمعون هرمز | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 11 | ویسی صالح حمد امین | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 12 | سالار جلال احمد | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 13 | گلارە سعدی اسماعیل | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 14 | خوناو هاوار ابراهیم | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 15 | نازدار صالح حمید | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | چاپەمەنییەکان |
| 16 | میسون عبدالجبار جلال | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 17 | لاجان الیاس علی | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 18 | نەمام جلال رشید | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 19 | عبید خضر فتح الله | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 20 | جلال محمد امین عبدالله | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 21 | موفق ولی علی | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 22 | برزۆ فیصل شاکر | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 23 | عبدالسلام علی محمد | شارەزا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان |
| 24 | نەجات کارەسول | سەرپەرشتیار پسپۆری کورد ئامادەیی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 25 | سامی اسماعیل محمد | سەرپەرشتیار پسپۆری کوردی ئامادەیی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 26 | ئەرخەوان حسین رحمان | سەرپەرشتیار پسپۆری کوردی ئامادەیی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 27 | فاروق نورەدین ئاغۆك | سەرپەرشتیار پسپۆری کوردی ئامادەیی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 28 | پەیوەند کەمال احمد | سەرپەرشتیار پسپۆری کوردی ئامادەیی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 29 | ڤیان جودەت احمد ناجی | سەرپەرشتیار پسپۆری کوردی ئامادەیی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 30 | موطیعە عبدالصمد طاهر | سەرپەرشتیار پسپۆری کوردی ئامادەیی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 31 | یوسف احمد خچر | سەرپەرشتیار پسپۆری کوردی بنەڕەتی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 32 | گلاوێژ احمد زیور | سەرپەرشتیار پسپۆری کوردی بنەڕەتی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 33 | دیمەن سعدالله حاجی | سەرپەرشتیار پسپۆری کوردی بنەڕەتی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 34 | خسرۆ علی حسین | سەرپەرشتیار پسپۆری کوردی بنەڕەتی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 35 | حنان نیازی غولام | سەرپەرشتیار پسپۆری کوردی بنەڕەتی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 36 | سوورین ئارجان علی | سەرپەرشتیار پسپۆری کوردی بنەڕەتی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 37 | سوزان علی محمد | سەرپەرشتیار پسپۆری کوردی بنەڕەتی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 38 | ئاشتی حەمە | سەرپەرشتیار پسپۆری | بەڕێوەبەرایەتی گشتی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | کاکۆل | کوردی بنەڕەتی | پەروەردەی هەولێر |
| 39 | بیان شیخ نەجم | سەرپەرشتیار پسپۆری کوردی بنەڕەتی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 40 | احمد علی محمد امین | سەرپەرشتیار پسپۆری کوردی بنەڕەتی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 41 | اسماعیل حمد عبدالله | سەرپەرشتیار | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر |
| 42 | طه یاسین طه | سەرپەرشتیاری زمانی کور | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك |
| 43 | حمید مجید محمود | سەرپەرشتیاری زمانی کور | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك ـ ئامادەیی |
| 44 | شیرین نجم الدین عارف | سەرپەرشتیاری زمانی کور | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکووك بەشی خوێندنی کوردی |
| 45 | مەریوان محمد شریف حمود | سەرپەرشتیار زمانی کوردی | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکووك بەشی خوێندنی کوردی |
| 46 | رزگار واحد حمد امین | مامۆستا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 47 | ئارەزوو محمد علی | مامۆستا | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر |
| 48 | بەختیار علی محمود | مامۆستای ئامادەیی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 49 | دەرباز مصگفی سلێمان | مامۆستای زمانی کوردی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك ـ سمیل |
| 50 | محمد عبداللە احمد | مامۆستای زمانی کوردی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك |
| 51 | شهاب احمد شمس | مامۆستای ئامادەیی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان |
| 52 | شێروان حسین حەمە | مامۆستا | پەیمانگەی پەروەردەی وەرزشی رانیە |

***ڕاوێژکار لە وەزارەتی پەروەردە**

# فەلسەفەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستییانە

ئا : سادق ئەحمەد عوسمان ڕوستایی (*)

## پێشەکی

ئەم لێکۆڵێنەوە کە بە ناونیشانی (فەلسەفەی رێبازی لێکۆلینەوەی زانستانەیە) بــە مەبەســتی ڕوونکردنــەوەو دەرخــستنی پێوەنــدی نێــوان فەلــسەفەو ڕێبــازی لێکۆلێنەوەی زانستانە بە سەرپەرشتی مامۆستای بابــەتی ڕێبــازی لێکۆڵێنــەوەی زانستانە ئامادە کراوە.

بێ گومان کە فەلــسەفە بــە زانــستی زانــستەکان یــان بــە دایکــی زانــستەکان دادەنرێت، چەترێکە بۆ هەموو بابەتەکان کە لــە ســایەو ســێبەریدا پێــشکەوتوون. وەك دەڵێن کە فەلسەفە بە کوڵــك و پێــستەوە لــە داهێنــانی یۆنانیەکانــە. هــەر فەلسەفە بوو وای کــرد کــە کــۆنترین و بــەناوبانگترین ئــەکادیمیا بــۆ لێکۆڵێنــەوە لەسەرجەم زانستەکان (بیرکاری، فەلەك، کیمیا، بایۆلۆجی) ســەرەڕای زانــستەکانی بواری مرۆڤایەتی، لە یۆنان بۆ ماوەی چەندین سەدە، لە مێــژووی کــۆن بــەردەوام بێت.نەوە لەدوای نەوە فەیلەسووف و زانای بەرهەم هێناوەو خشت خشت حیکمــەو زانست و عیرفانی بەرهەم هێناوەو کەڵەکەی کردووە تا گەیشتووەتە ئەم کۆشــك و تەلارە بەرزەی ئەمرۆ مرۆڤایەتی لە سایەو سێبەریدا حەساوەتەوەو لەبەرو بــوومی دەخوات.

## زاراوەی فەلسەفە

زاراوەی فەلسەفە(فیلۆسۆفی) زاراوەیەکی یۆنانییە و لێکدراوە، لە هەر دوو وشەی (فیلۆ) و (سۆفیا) پێکهاتووە، کە یەکەمیان مانای خۆشەویستی و دووەمیان مانای زانست (حیکمە) دەبەخشن. لە زمانی یۆنانیدا واتە خۆشەویستی بۆ دانایی و حیکمە دەگەیەنێت .

لە ڕووی بەکارهێنانەوە لە لێکۆلینەوەی بنەما یەکەمینەکان و ڕاڤەکردنی مەعریفە بەشێوەیەکی عەقلی وتراوە. لای ئەرستۆ فەلسەفە لایەنی تیوری و کرداری دەگرێتەوە، ڕواقییەکانیش لە لۆژیك و ئەخلاق و سروشتدا کورتیان کردووەتەوە [1].

## چەمکی فەلسەفە

هەموو مرۆڤێك خاوەنی فەلسەفەی خۆیەتی و فەلسەفە دایکی هەموو زانستەکانە و ئاراستەیەکە بۆ فراوانکردنی بیری مرۆڤ[2] .

## پێناسەی فەلسەفە

فەلسەفە جیهان بینییەکی (ژیرەکییە)، چالاکییەکی تیورییە لە ڕێگەی بیرکردنەوەو سەرنجدانی هوشیارانەوە هەوڵ دەدات جەوهەرو ڕاستەقینەی شت نەك ڕواڵەت. دوا هۆ نەك هۆی نزیکی قەومانی شت بزانێت. وەڵامی ئەو پرسیارو کێشانە بدۆزێتەوە کە لە بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیان دەکەونەوەو وەك گرێ کوێرەو کۆسپ دێنە بەر چاو، یان هەر نەبێت بە پاکانە کردن لێکیان بداتەوە[3] .

## فەیلەسووف کێیە

ڤیساگۆرس یەکەم کەس بووە کە ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوە ئەمەیش لەبری وشەی (دانا) چونکە دانایی سیفەتێکە تایبەتە بە خوداوەند. ئەم زاراوەیە لە ڕووی بەکارهێنانەوە بەو کەسە دەڵێین کە بە فەلسەفەوە خەریکە، بە شێوەیەکی تایبەتی تریش مەبەست لەو کەسەیە کە بایەخ بە توێژینەوە دەدات لە هۆکارە یەکەمینەکانی شتەکان و لێیان دەپرسێت و دەکۆڵێتەوە.

دانایی : لە کۆندا بەوە دەگوترا کە ئێستە بە فەلسەفە ناو دەبرێت و بە شێوەیەکی گشتی لە (لاهووت ومرۆڤ و جیهان) دەکۆڵێتەوە.

داناش ئەو کەسەیە کردەوەکانی بە شێوەیەکی دروست ئەنجام بدات، وتەکانی بەشێوەیەکی دانایانە گەڵاڵە بکات و گوزارشتیان لێ بکات، لەکۆندا ئەمە بە زانا وتراوە.

ڕێباز : ڕێباز لە زمان و زاراوەدا لە زمانەوانیدا بە واتای ڕێگەی ڕوون و ئاشکرا لە فەرهەنگی ((لسان العرب))دا هاتووە( ڕیگە، ڕێباز، ڕێگەی ڕوون وئاشکرا، ئاشکراو ڕوونکراوە، ڕێگەی ڕاست)(4).

- کۆمەڵێك ڕاو بنەماو بۆچوونن کە بۆ بیرمەندێك، یان قوتابخانەیەك دەگەڕێنرێنەوە، وەك ڕێبازە فیقهی و ئەدەبی و زانستی و فەلسەفییەکان(5).

- ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستانە نزیکترین ڕێگاەیە بۆ گەیشتن بە دەستکەوتێکی زانستی لە ماوەیەکی دیاریکراودا.(عەلی جەواد تاهیر)

- تیژێکە بەدوای دۆزینەوەی شتە شاراوەکاندا دەگەڕێت.(6)

- ئەو ڕیگەیەیە کە مرۆڤ پێی دەگاتە ڕاستی، یان ئەو ڕێبازەیە کە لە لێکۆڵینەوەو پشکنیندا بەکار دێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە ڕاستی و دروستی مەسەلەیەك(7).

## ڕووی لە یەکچووی فەلسەفەو ڕێباز

بێ گومان لەوەتەی مرۆڤ پێی ناوەتە سەر ئەم گەردوونەی کە ئێمە لەسەری دەژین بەدوای پێویستییەکانی ژیان و خۆشگوزەرانیدا وێل بووە ئەمە لە لایەك و

لە لایەکی تریشەوە لە هەوڵی خۆپاراستن لەمەترسییەکانی سەری بووە، چی لە کارەساتی سروشتی و چی لەگیانلەبەر ی دڕندەو خودی مرۆڤەکان خۆیشیان. ئەمە فەلسەفەو ڕێبازی ژیانی بووە .ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستانە لەو ساتە وەختانەی مانی شیاوو زانستانەی خۆی بۆ تەرخان کراوە کە پسپۆڕانی ئەم بوارە مێژووەکەیان تۆمار کردووە، دەنا ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستانە وەك تێزیکی فەلسەفەی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەو پێداویستییەکانی مرۆڤ لەسەرەتای مێژووی ژیانی مرۆڤەوە هەر بووە، ئەمەشە وای کردووە بوترێت هەموو مرۆڤێك خاوەنی فەلسەفە، یان ڕێباز ی بیرکردنەوەی خۆیەتی. ئا لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خزمایەتی توندوتۆڵ لەنێوان فەلسەفەو ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستانە هەیە. هەردوو تێزەکە فەلسەفەو ڕێباز بە ڕێچکەیەکی زانستانەی ورد و قووڵ هەنگاو دەنێن و پەیڕەوی پرەنسیپە زانستییەکان دەکەن کە بریتین لەوەی ساتێك دەمانەوێت پرۆسەیەکی مەعریفی ئەنجام بدەین بەم شێوەیە دەست پێ دەکەین.
1. پشکنین 2. وردبوونەوە. 3. سەرنجدان. 4. شیکردنەوەی عەقلانی ومەعریفی. 5. هەڵوەشاندنەوەو لێکترازاندنی جومگەی باسەکان. **6**. پرۆسەی بەراوردکاری لەنێوان کۆن و نوێ. 7. کۆکردنەوەو بنیاتنان. 8. ئەنجام.[8]

## پێناسەی توێژینەوەی زانستی( * )

### توێژینەوەی زانستانە:

1. لە زماندا توێژینەوە وەك زاراوەیەك لـە زمانـدا  بریتییـە لـە بەدەسـتهێنانی شتێك لەگڵ، یان لە ژێر گڵ، واتا پشکنینی سە زەوی و ژێر زەوی. ڕوونکردنەوەی شتەکان واتا توێژینەوە هەوڵ و کۆشش و تەقەلادان و لێتۆژینـەوەو گفتوگۆلەسـەر کردن و بە بەڵگە سەلماندن و گەیشتنە بە ڕاستی ڕاستەقینەبوونی شتەکان.

توێژینەوە واتە بەکارهێنان و خەرجکردنی ئەرك و وزە لە بابەتێك لە بابەتەکان و ئەو پرسانەی کە پێیەوە بەستراونەتەوە. ئەو کەسەی ئەم کارە دەکات پێـی دەڵـێن توێژەر.

2.زاراوەی توێژینەوە (ئەکادیمی):

توێژینەوە بریتیە لەو ئەرك و وزەیەی کە توێژەر خەرجی دەکات لـە (پـشکنین، دەرهێنان، لێکۆڵینەوە، شیکردنەوە، ڕەخنەدان، بـەراوردکردن) لـە هـەر بابـەتێك لەبابەتەکان بە مەبەستی دۆزینەوەو گەیشتن بـە حەقیقـەت نـەوەك جێگیرکـردن و سەلماندنی شتێك، یان پشتیوانی کردن لە بیرو ڕایەك کە لەگەڵ ئارەزوو و بۆ چوونی خۆی گونجاو بێت.

دەبێت کۆتایی توێژینەوەکە بریتی بێـت لـە ڕاپـۆرتێکی ( بابەتیانـەی، تـەواو، هەمەلایەن، تێرو تەسەل و گشتگیر) بە بەڵگەو قەواڵە پشت ئەستوور بێت و لەهەر ئارەزوو مەیلێکی کەسی بەدەربێت کە توێژەر ئامادەی دەکات بە تایبەتی توێژەری ئەکادیمی و زانکـۆیی و پێـشکەشی لیژنەیـەکی پـسپۆری دەکـات بـە مەبەسـتی ڕاکێشانی سەرنج و ڕەزامەندییان بۆ وەرگرتنی شەهادەی ماستەرو دکتۆرا.

هەردوو لێکۆڵەرو زانا (ئارسەر کۆل و کارل بیگلۆ) بەم جۆرە پێناسەی  توێژینـەوە دەکەن کە : ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلە کە توێـژەر لـە بابـەت کـارو بەلێننامەکـەی پێشکەشی دەکات بەو مەرجەی ڕاپۆرتەکـە هـەموو قۆناغـەکانی لێکۆڵینەوەکـە لەخۆبگرێت هەر لەو کاتەی کە (بیرۆکەیەك) بووە تا دەگاتە ئەنجامـە(تۆمـارکراوو ڕێکخراوەکان) کە بە سەلماندن و بەڵگەنامەو زانیاری (داتا) پشت ئەستوورن.

لەبەر ئەوە (توێژینەوە) گونجاندنە لە نێوان توانا تایبەتییـەکان و چـالاکی خـودی داهێنەرانەی خەلاق لە ڕیگەی شـیکردنەوەی لـۆژیکی و، سـەلماندنی عـەقلانی و

بەیەکەوە گرێدانی زانستی، بەمەرجێك سەرنجی خۆی بۆ خوێنەر ڕابکێشێت، وای لێ بکات لە سەرەتا تا کۆتایی بەدوایدا بڕوات و تا کۆتایی بیخوێنێتەوە (9).

ئا. فەلسەفەی زاست لە شارستانیەتی یۆنانی(**)

## یەکەم. قوتابخانەی فیساگۆرس

ئەمانە کۆمەڵەیەکی زانستی ئایینی بوون ملکەچی سیستمێکی هاوبەشبوون پێکەوە لە فەلەك و مۆسیقا کاریان دەکرد. باوەڕیان وابوو زانست چاکترین هۆکارە بۆ پاککردنەوەی ڕەوشت. ئەو کۆمەڵە فیساگۆرس لە ساڵی(572-497) پ ز دایمەزراند هەروەها دامەزرێنەری قوتابخانەیەکی زانستی گرنگە کە بایەخێکی زۆری بە بیرکاری داوە، وای کرد وەك زانستێکی سەربەخۆ پەیڕەو بکرێت، کۆمەڵێك شتی گرنگیان لەبواری بیرکاری سەلماندو دۆزییەوەو گەیشتن بەو ئەنجامەی کە ژمارە ئەو تۆخمەیە هەموو هەبووەکانی دیکەی لێ پێکدێت.

## دووەم قوتابخانەی ئیلی ( الئیلیە )

ئەم قوتابخانەیە جووڵەو جووڵەکردن ڕەت دەکاتەوە کە قوتابخانەی ئایۆنی جەختی لەسەر دەکردەوە.

## سێیەم قوتابخانەی سروشتخوازە نوێیەکان

ئەمبازۆقلیس یەکێکە لە زانایانی ئەم قوتابخانەیە دەڵێت توخمە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی گوردوون بریتین لە(ئاگر، هەوا، ئاو، خۆڵ).

## ب. زانست لە شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامیدا

زۆربەی زانایانی ئیسلام فەیلەسووف و لۆژیکزان و موتەسەوف و کەلام زان وحەدیس زان و زمانەوان و ئەدیب بوون، واتا ڕۆشنبیرییەکی ئەنسکلۆپیدیان

هەبوو. بۆ نموونە غەزالی (فەیلەسووف و فەقیھ و وتاربێژو سۆفی و لۆژیکزان بوو).
هەروەها جاحیز(بیرمەندو ڕەخنەگرو مێژوونوس و وتاربێژ بوو).
زانا موسڵمانەکان لەبواری زاستە ڕووتەکان(العلوم المجردە) زۆر بەتوانا بوون وخاوەنی داهێنانی گەورەو گرنگن لو بوارەداو جێ پەنجەیان دیارە.

## توێژەر کێیە؟

توێژەر ئەو کەسەیە هەوڵی نووسینی لێکۆلینەوەیەك دەدات و سەرجەم توانا و خواستەکانی بۆ سەر کەوتنی توێژینەوەیەك دەخاتە کار. لەمەوە دەکرێت بڵێین لێکۆڵەر و بەرهەمەکەی تەواوکەری یەکدین و بە هەردووکیان یەکدی تەواو دەکەن. هەروەها ئەو لێکۆڵەرەی بە تواناو خاوەنی زانیاری چاك بێت بابەتەکەی چاکتر دەبێت خۆ ئەگەر بێ توانایی پێوە دیار بێت ئەوە کرچ و کاڵی و نازانستی پێوە دیار دەبێت(10).

## واتاکانی لێکۆڵینەوە

دیارە لێکۆڵینەوە کۆمەڵێك واتا دەگەیەنێت، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن.
1..پۆلینکردن و ڕێکخستن. 2.دانان. 3. کۆکردنەوەی شتە پەرشوبڵاوەکان.
4.ئامادەکردن. 5. دروستکردن. 6. توێژینەوەو ڕاڤەکردن و شیکردنەوە.7. داهێنان و نوێکردنەوە. 8.جەختکردنەوە لەسەر زانیارییەکی نادیار، کە ڕاستە.واتا ساغکردنەوەی زانیاری.

## فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئاکارەکانی( *** )

بێ گومان ئەنجامدانی لێتوێژینەوەو ئەزموونە زانستییەکان ئەوەندە ئامانج نییە، بەڵکو هۆیەکە بۆ گەییشتن بە ڕاستی بە ڕێگەیەکی زانستی ڕێکخراو. ئەو کەسەی وا تێدەگات کە ئامانجی توێژینەوەی زانستی یان (ئەزموونە زانستییەکان) سەلماندن

یان جێگیر کردنە (to prove) بە هەڵەدا چووە. بەڵکو ئامانجی تۆژینەوەی زانستی لە ڕاستیدا پوچەڵکردنەوەی (disprove) هەموو ئەگەرەکانە تەنیا یەکێکیان نەبێت. دەتوانین بڵێین ئەم گریمانەیەی پووچەڵ نەکراوەتەوە بەڕاست دادەنرێت.

وا چاکە پەی بەوە ببەین کە پووچەڵنەکردنەوەی گریمانەیەك ڕاستی و دروستی گریمانەکە ناسەلمێنێت تاسەر بەڵکو دەشێت لە ئاییندەدا پووچەڵ بکرێتەوە.

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم قسانەی لەپێشەوە باسکران شتێك لەنووسینێکی یەکێك لە تیۆرە زانستییەکانی زانای بەناوبانگ (ئاینشتاین) وەر دەگرین کە دەڵێت (هەرچەندە بڕی ئەزموونی لێکۆڵینەوەکانمان زۆر بێت ناکرێت ڕاستیبوونی خۆمان بسەلمێنن بەڵام تەنیا یەك ئەزموون بەسە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین هەڵەین.

هەر وەکو لە نووسینی زانای فسیۆلۆژی بەناوبانگ (ئەی ڤی هێل) کە یەکێکە لە زانایانی فسیۆلۆژی ئەرکی جەستەیی خەڵاتی نۆبڵی بە دەست هێناوە لە بواری پزیشکی و فسیۆلۆژی لە ساڵی (1928) لە سەر باسەکەی لە فسیۆلۆژی ماسولکە دەڵێت تەنیا تیورە نەزۆکەکان (کە سوودیان نییە) ناتوانرێت تاقی بکرێنەوەو توانای لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی هەموو شتێکی هەیە.

گوتەیەکی زانا جۆن بلات بە گەواهی دێنینەوە ڕاستی خێراتر دەردەکەوێت لە میانەی هەڵەکردنی زیاتر لەوەی لە میانەی (الالتباس) دەردەکەوێت.

## خەسڵەتەکانی توێژەری زاناو خوێندکاری خوێندنی باڵا( **** )

ئەوەی لە هەمووی گرنگتر بۆ ناسینەوەی توێژەری زانستی و خوێندکاری خوێندنی باڵا هەستکردنە بە ئەمانەت و بەرپرسیارێتی زانستی .ئەم هەستکردن بە بەرپرسیاریەتییە تەنیا خودی زانایەکە خۆی نییە بەڵکو بەرپرسیاریەتییەکە هەموو هاوڕێکانی لە( ڕابردوو، ئێستا، ئاییندە) دەگرێتەوە.

1. بۆ سەرکەوتن لەبواری لێکۆڵینەوەی زانستانەو خوێندنی باڵا پێویستە توێژەر لە زانیاری وەرگرێکی سادەو ساکار کە پێی وابێت ئەم زانیارییانە گفتوگۆ و دانوستان هەڵناگرن بۆ کەسایەتییەکی زانستی بگۆڕێت کە هەمیشە گومان لەو زانیاریانە بکات کە وەریان دەگرێت و بیانخاتە ژێر پرسیارو ئەزموون و وردبوونەوە.

2. توانای توێژەر بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو تێزو باسانەی خۆی یان هی توێژەرانی دیکەش دەوەستێتە سەر بێ لایەن بوونی (مەلەکەی بیرکردنەوەی) ڕەخنەگر. ئەوجا

ئەگەر ئەو ڕەخنەگرتنە لە بیرۆکەی توێژینەوەکە بێت، یان لە نەخشەسازی و دیزایینی باسەکە بێت.

3. یان لەکاری هونەری بێت، یان ڕەخنە گرتن بێت لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتاو زانیاری یان شرۆڤەکردن و ڕوونکردنەوەی ئەنجامەکانی بێت.

4.ناتوانرێت (مەلەکەی بیرکردنەوەی) ڕەخنەگرانە پێش بکەوێت و گەشەبکات، ئەمەشیان زیادبوون و کەڵەکەبوون و پەرەپێدانی شارەزایی و ئەزموونی توێژینەوەی نوێ دێنێتە ئاراوە.

ڕۆبەرت مێرتۆن لە کتێبی (sociology of scinse)دا دەڵێت ئامانجی توێژەرو زانایان لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

1- هەوڵدان و کۆشش کردن لە پێناوی بەبەدیهێنانی جیهانگیری (العالمیە)دا.
2- زانست بکرێت بە میرات بۆ هەمووان (مشاع).
3- لە بەرچاوگرتنی ئەستۆ پاکی، بێ لایەن بوون لە ڕوونکردنەوەکاندا.
4- هەمیشە بە چاوی گومانی زانستی رێکخراو ڕەخنەگرانە لە بابەتەکان بڕوانێت.

## ئاکاری زانستیانەی توێژەرو خوێندکاری خوێندنی باڵا( ***** )

وا پێویستە توێژەرو خوێندکاری خوێندنی باڵا خاوەنی ڕەوشتێکی زانستیانە بیت، پێویستە لە کۆکردنەوەی زانیاریدا ( داتا) راستگۆ بێت ئەوجا تۆمارکردن و ڕاڤەکردن و شرۆڤە کردنیان بە بەڵگەو شیوازیکی وا کە مە رجەکانی ڕاستگۆیی و بابەتی بوونی لەخۆ گرتبێت.

پێویستە توێژەر لە هەموو خەوش و خلتەیەك دوور بکەویتەوە کە گومان لە ئاکارو ڕەوشتی زانستیانەی بکات.

زانایان ئەو هەڵسوکەوتە هەڵانەی کە توێژەر لە کاتی نووسینی باسێکی زانستیدا دەیانکات بەم جۆرەی خوارەوە پۆلین دەکەن:

1. هەڵەی بێ مەبەست (تێکەوتن) : لەم جۆرە هەڵەیە ئەوەندە بەسە کە توێژەر پێ لە هەڵەکەی بنێت. ئەگەر هەڵەکە لەدوای بڵاوکردنەوە دۆزرایەوە پێویستە سەرنجی دەزگەی چاپەکەش ڕابکێشرێت.

2.هەڵەیەك لەئەنجامی پشت گوێ خستن و بایەخ پێ نەدانەوە ئەنجام درابێت لەم جۆرە هەڵەکردنەدا توێژەر دەکەوێتە ژێر لۆمەو ڕەخنە لێ گرتن هەتا ئەگەر هۆی هەڵەکردنەکە لە ستافی (دیزاینەرو لیکۆڵەرو یارمەتیدەرەکانی) بن، لەم بارەدا پێویستە لیکۆڵەر لەسەر ئەم هەڵانە لێپیچینەوەی لەگەڵ بکرێت.

3.فێڵبازی : ئەم جۆرەیان ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کە دروستکراون، یان لە فابریکە دراون یان زانیارییە گزیکراوەکانن (غش)، یان مەبەست لێی دزینی بیرۆکەو زانیاری کەسانی دیکەیە.

دەبێت لەم هەموو کاتانەی کە هەڵەو سەرپێچی و نائەمینی ڕوودەدات، پێویستە سەرپێچیکارەکان بەرانبەر ئەمانەتی زانستی بەتوندی سزا بدرێن.

## شێواز لە نووسیندا چی دەگەیێنێت

هەر نووسینەو بە پێی ئەوەی بۆ نووسەرێك دەگەڕێتەوە ئەو نووسەرەش پەروەردەی کۆمەڵگەو ئایدۆلۆژیاو فەلسەفەیەکی تایبەتە، شێوازی نووسینەکەی بەپێی جۆری بابەت و ئاستی زانیاری و ئایدۆلۆژیاکەی دەگۆڕێت، بەڵام سەرباری ئەوانە زمانێکی پاراوو شێوازێکی باش لە خەسڵەتەکانی نووسینی سەرکەوتووە. پەیڕەوکردنی میتۆدێکی زانستیش لە نووسیندا زیاتر بەهای نووسینەکە گەورە دەکات و قاڵبێکی زانستی و واقیعی لەخۆ دەگرێت لەمەوە دەکرێت بڵێین شێوازی نووسین بە پێی جۆرەکانی نووسین دەگۆڕێت[11].

## جۆرەکانی ڕێباز

ڕێبازە زانستییەکان بۆ چەند جۆریك پۆلین دەکرێن، (ویتنی) کردویویەتی بە حەوت جۆر.

1. وەسفی. 2. مێژوویی. 3. ئەزموونگەری. 4. فەلسەفی. 5. کۆمەڵناسی. 6. پێشبینکار. 7. داهێنانکاری.
هەندێکی دیکە وەك مارکیز کردویەتی بە شەش جۆر ئەوانیش بریتین لە:
1.ڕێبازی مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆژی). 2. ڕێبازی فەلسەفی. 3. ڕێبازی لێکۆلینەوەی دۆخ. 4. ڕێبازی ڕووپێو (مسح). 5. ڕێبازی مێژوویی. 6. ڕێبازی ئەزموونگەری (12) .

## پێویستبوونی میتۆدو سوودەکانی

لێکۆلینەوەی زانستی تەواو دەرناچێت ئەگەر ڕێبازێکی دیاریکراوی بەسەردا پراکتیزە نەکرێت، هەر لەبەر ئەمەشە زانکۆکان و ناوەندەکانی لێکۆڵێنەوە وانەی ڕێبازی لێکۆڵێنەوەو بنەماکانی بە قوتابیان دەڵێنەوە، هەروەها گیانی زانستی و خۆشەویستکردنی سیفەتی لێکۆلەران و زانایان لەدەروونیاندا دەچێنن و لێهاتوویان گەشەپێ دەدەن دوور لە بە فیڕۆچوونی کات و هەوڵەکانیان. میتۆدبوون پێویستییێکی براوەیە لە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا چونکە بە هۆیەوە دەتوانین بە شێوەیەکی کردارەکی بە دەرەنجامە زانستییەکان بگەین، بەمەرجێك بە بەڵگە پاڵپشتی بکرێت کە بە شادەماری لێکۆڵینەوەی زانستی دادەنرێت و بە هۆیەوە ئامانجی لێکۆلینەوەکە دیاری دەکرێت و هەنگاوەکانیشی دەزانرێت هەروەها ئەو دەرەنجامانە دیاری دەکرێن کە دەگونجێت پێیان بگات.

میتۆدبوون لە مێژوودا گرنگییەکی تایبەت بەدەست دەهێنێت چونکە پێویستە لێکۆلەر خوێندنەوەیەکی قووڵی بۆ مێژوو هەبێت نەك خوێندنەوەیەکی ڕووکەش کە لە خۆ بە دەستەوە دان و بەپیرۆز زانینی دەق، یان ملکەچ بوون بۆ ڕووکەشی شتەکان دووریشی دەخاتەوە، جگە لەوەی پێویستە مێژوونووس لە هزری پێشوەختەوە دەست پێ نەکات یان دەرەنجامی شێوە ئامادەکراو وەرنەگرێت.
گرنگترین سوودەکانی بەکارهێنانی ڕێباز لە لێکۆلینەوەدا قوتابیان فێردەکات لەکوێوە دەست پێ بکەن و لە کوێشدا کۆتایی پێ بهێنن هەوڵ و کاتیان بۆ دابین

دەکات و لە هەڵەکردن دووریان دەخاتەوە هەروەك چۆن لێکۆڵەرانی پێش ئەوان ئەنجامیان داوە.(13)

**پەراوێزەکان**

1. محەمەد چیا، فەرهەنگی فەلسەفە، ل177، چاپخانەی مەهارت، تاران،2005

2. د. عەبدوڵڵا ئاگرین.موحازەراتی ماستەر.

3. د.حەمید عەزیز، بنەڕەتەکانی فەلسەفە، ل9 ، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، سلێمانی،2009.

4. تەلاڵ مەجزوب، ڕێبازی لێکۆڵینەوەو ئامادەکردنی، ل 12 ،پڕۆژەی کتێبی ئاتاج چاپی دووەم،2011.

5. محەمەد چیا، فەرهەنگی فەلسەفە، ل174 ، چاپخانەی مەهارت ،تاران،2005.

6.د.عەبدوڵڵا ئاگرین، موحازەراتی ماستەر.

7. د.تالیب حوسێن، ڕێبازی لێکۆڵینەوە، ل10، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم ، هەولێر،2007.

8. د. عەبدوڵڵا ئاگرین. موحازەراتی ماستەر.

(*) د.مهدی فضل الله،اصول کتابە البحپ وقواعد التصنیف، ل12 ، وەرگێڕانی لێکۆڵەر دار الطلیعة بیروت، الگبعە الپانیە،1998.

(**) ئەم بابەتە لە کتێبی (فلسفە العلم والمنهاج العلمی ) سلام جبار شهاب وەرگێڕراوە.

9. د.کەیوان ئەنوەر قادر، ڕێبازی لێکۆڵینەوەو لێکۆڵینەوەی مێژوویی، ل37 ، چاپخانەی پەیڤ، چاپی دووەم ، سلێمان،2008.

10. د.ئیدریس عەبدوڵڵا،بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستی، ل6 ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر، 2012 .

(***)ئەم بابەتە لە ئینتەرنێت لەلایەن لێکۆڵەرەوە وەرگێڕراوە

(****) ئەم بابەتەم لە ئینتەرنیت وەرگیراوەو لێکۆڵەر وەریگێڕاوە.

(*****)ئەم بابەتە لە ئینتەرنێت وەرگیراوەو لێکۆڵەر وەریگێڕاوە.

11. د.کەیوان ئەنوەر قادر، ڕێبازی لێکۆڵینەوەو لێکۆڵینەوەی مێژوویی، ل9 ،چاپخانەی پەیڤ، چاپی دووەم، سلێمان، 2008.

12. تەلاڵ مەجزووب، وەرگێڕانی مەریوان عەبدول . ڕێبازی لێکۆڵینەوەو ئامادەکردنی، ل15، پرۆژەی کتێبی ئاتاج، چاپی دووەم،2011. سلێمانی

13-. تەلاڵ مەجزووب، وەرگێڕانی مەریوان عەبدول. ڕێبازی لێکۆڵینەوەو ئامادەکردنی، ل15، پرۆژەی کتێبی ئاتاج چاپی دووەم،2011.سلێمانی.

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

1. محەمەد چیا، فەرهەنگی فەلسەفە،چاپخانەی مەهارت ، تاران، 2005.
2. د.حەمید عەزیز، بنەڕەتەکانی فەلسەفە، ئەندێشە بۆ چاپ و بلاوکردنەوەی کتێب، سلێمانی،2009.
3.تەلاڵ مەجزووب، ڕێبازی لێکۆڵینەوەو ئامادەکردنی، وەرگێڕان،پرۆژەی کتێبی ئاتاج چاپی دووەم،2011. سلێمانی.
4. د.عەبدوڵڵا ئاگرین، موحازەراتی ماستەر.
5. د.تالیب حوسێن، ڕێبازی لێکۆڵینەوە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم ، هەولێر،2007.
6. د.ئیدریس عەبدوڵڵا، بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستی، چاپخانەی ڕۆژهەلات،چاپی دووەم ، هەولێر، 2012.
7. د.کەیوان ئەنوەر قادر، ڕێبازی لێکۆڵینەوەو لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چاپخانەی پەیڤ، چاپی دووەم ، سلێمانی، 2008.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

1. د.مهدي فضل الله، أصول كتابة البحث وقواعد التصنيف، دار الطليعة بيروت، الطبعة الثانية، 1998.
2. فلسفة العلم والمنهاج البحث العلمى، الحامعة التكنولوجية، 2009 .
3. إنترنيت، فلسفة البحث العلمى وأخلاقياتة.

(*) شارەزا لە زمانی کوردی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# هەنگاوێك بەرەو لامەركەزییەت
# دوو هەنگاو بەرەو دیموكراسی

## وەزارەتی پەروەردە وەك نموونەیەكی پێشڕەو

سەرنووسەر

2ـ2

لە ژمارە (8)ی گۆڤاری (پەروەردەو فێرکردن)دا دەقی فەرمانی وەزاری ژمارە (267)ی ڕۆژی (2012/7/23) سەبارەت بە پێدانی هەندێك دەستەڵات بە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوانی وەزارەتی پەروەردەو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگەکان سەرەڕای ئەو دەستەڵاتانەی هەیانە بڵاوکرایەوە.

لەم ژمارەیەشدا بەشی دووەم لە دابەزاندنی هەندێك لە دەستەڵاتەکانی بەڕێوەبەرە گشتیەکانی پەروەردەی پارێزگەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی قەزاکان بە فەرمانی وەزاری ژمارە (25688)ی ڕۆژی 2012/12/23 دەرچووەو بەسەر هەموو دەزگە پێوەندیدارەکاندا بڵاوکراوەتەوەو هەروەها فرەوانکردنەوەو ڕێکخستنەوەی دەستەڵاتەکانی بەڕێوەبەرایەتی تەلەڤزیۆنی پەروەردەیی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەتی پەروەردە بڵاو دەکەینەوە کە هەردوو لایەنی کارگێڕی و دارایی دەگرێتەوەو بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە (6104)ی ڕۆژی (2013/3/26)پێی بەخشراوە.

# دەستەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان

## فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (25688)ی ڕۆژی 2012/12/23 دابەزاندنی هەندێك لە دەستەڵاتەکانی بەڕێوەبەرە گشتیەکانی پەروەردەی پارێزگەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی قەزاکان

**یەکەم: دەستەڵاتە کارگێڕییەکان**

1. زانین و سەیرکردن و بڕیاردان لەسەر ئەو نووسراوانەی دێنە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە.
2. ئیمزاکردن لەسەر هەموو ئەو نووسراوانەی ئاراستەی دام و دەزگەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی دەکرێن.
3. ئیمزاکردن لەسەر ئەو گشتاندنانەو بڵاوکراوانەی کە ئاراستەی قوتابخانەو خوێندنگەکان دەکرێن.
4. بەدواداچوونی دەوامی فەرمانبەران و کارمەندان و چۆنیەتی ئیشکردنیان لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی و قوتابخانەو خوێندنگەکان.
5. ڕەزامەندی لەسەر پێدانی مۆڵەتی کۆکراوەی ئاسایی بە مووچەی تەواو بۆ فەرمانبەران و کارمەندان بۆ ماوەی(29) ڕۆژ بۆ ناوەوەی هەرێم و بەپێی ڕێنماییەکان.
6. پێدانی مۆڵەتی منداڵ بوون و دایکایەتی بۆ هەموو کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی و ڕێنماییەکان.
7. بەرزکردنەوەی مووچەی مامۆستاو فەرمانبەران بەپێی شایستەبوون، یان دواخستنی بەپێی ڕێنماییەکان لە پلە (10) تا پلە (7).

8. پێدانی سەرمووچە (العلاوة السنوية) بەهەموو مامۆستاو فەرمانبەران، یان ڕاگرتنی بەپێی ڕێنماییەکان.
9. گواستنەوەو تەنسیب کردنی هەموو کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بۆ بەرژەوەندی گشتی و بەدواداچوونی کارەکانیان.

10. دانان و لادانی لێپرسراوی هۆبەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بەپێی لێهاتوویی.
11. پێشنیازکردنی گۆڕینی ناوونیشان بەپێی شایستە بوون.
12. جێبەجێکردنی فەرمانەکانی چاککردنی مووچەو ناوونیشانی فەرمانبەران و مامۆستایان ئەوانەی کە ڕاژەیان بۆ هەژمار کراوە، یان لەکاتی خزمەتدا بڕوانامەی بەرزتریان بەدەستهێناوە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان.
13. پێشنیازکردنی هەڵوەشاندنەوەی دامەزراندنی تازە دامەزراوەکان کە لێهاتوو نەبوون لەماوەی ئەزموونەکەدا، یانیش دەست بەکارنەبوون لە ماوەی (30) ڕۆژ لە دەرچوونی فەرمانی دامەزراندنیان.
14. ئیفادکردنی فەرمانبەران و مامۆستایان بۆ ناوەوەی هەرێم تا ماوەی (7) ڕۆژ زیاتر نەبێت، بەڵام ئەوانەی بەمەبەستی تاقیکردنەوەکان و خولەکان ئیفاد دەکرێن ڕێنمایی تایبەتیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.
15. ڕەزامەندی لەسەر دانانی (5) ڕۆژ دابڕان بەمۆڵەتی ئاسایی بەپێی ڕێنماییەکان پاش پێشکەش کردنی هۆی دابڕانەکەو شەرعیەتی.
16. سەرف کردنی پارەی مۆڵەتی کەڵەکە بوو لەکاتی خانەنشین کردندا.
17. ئیمزاکردن لەسەر دەفتەری ڕاژەو هەموو مامەڵەیەك تایبەت بە کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی.
18. ئاراستەکردنی سزای سەرنجڕاکێشان (إلفات نظر) بۆ هەموو کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی و پێشنیازکردنی سزاکانی دیکە.
19. دروستکردنی ئەو لیژنانەی بەپێویستی دەزانێت بۆ جێبەجێکردنی دەستەڵاتەکانی لەبەڕێوەبەرایەتییەکەی.

20. جێبەجێکردنی هەموو کارێکی یاسایی بەرانبەر هەموو مامۆستاو کارمەندان لەکاتی دابڕانیان لە دەوام و پێشنیازی کارکەنار کردنیان.

21. پێشنیازکردنی دەست لەکارکێشانەوەی (سحب الید) هەموو مامۆستا و کارمەندان و ڕاگرتنی مووچەی ئەوانەی لەلایەن دەستەڵاتی دادوەرییەوە بەند دەکرێن و کۆتایی هێنان بە دەست لەکارکێشانەوەکەو سەرف کردنی ئەو نیوە مووچانەی وەریان نەگرتووە پاش بەربوون و بێ تاوانییان لەلایەن دەستەڵاتی دادوەرییەوە.

22. پەسەندکردن و بەدواداچوونی ئەنجامی لیژنە لێکۆڵینەوەییەکان و جێبەجێکردنی بەپێی دەستەڵاتەکانی.

23. ئیمزاکردن لەسەر فەرمانی دەستبەکاربوون و دەست لەکارهەڵگرتنی هەموو مامۆستاو کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی.

24. پێشنیازکردن بۆ کۆکردنەوەو داخستن و جیاکردنەوەو یەکخستنی قوتابخانەو خوێندنگەکان.

25. پێکهێنانی لیژنە بۆ هەڵبژاردن و گۆڕینی ناوی قوتابخانەو خوێندنگەکان و پێشنیازکردنی گۆڕینی ناوەکان.

26. بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی سستمی قوتابخانەو خوێندنگەکان و ڕوونکردنەوەی تەواو بۆ جێبەجێکردنی بەشێوەیەکی دروست.

27. پێکهێنانی لیژنە بۆ دامەزراندن و دابەشکردنی مامۆستایان بەپێی ئەو پلانەی کە بەپێی ڕێنماییەکان بۆیان دانراوە.

28. پێشنیازکردنی ئیفادی مامۆستاو فەرمانبەران بۆ دەرەوەی وڵات بۆ کاری پەروەردەیی.

29. پێدانی هەندێك لە دەستەڵاتەکانی خۆی بە لێپرسراوی هۆبەکان بەمەبەستی کارئاسانی بۆ پیادەکردنی کارەکان.

30. سەرف کردنی پاداشت بۆ مامۆستاو فەرمانبەران لەکاتی خانەنشین کردنیان بەپێی ڕێنماییە پێڕەوکراوەکان.

31. بەرزکردنەوەی مامەڵەی پووچەڵ کردنەوەی ئەو سزایەی کە داویەتی بە مامۆستاو فەرمانبەران ئاگەدارکردنەوە.
32. پێدانی مۆڵەتی عەمرە بۆ ماوەی (15) ڕۆژ بۆ گشت فەرمانبەران جگە لە مامۆستایان کە دەبێت مۆڵەتی عەمرە لەکاتی پشووی هاویندا بێت و بۆ یەك جارو بەپێی ڕێنماییەکانی چوونەدەرەوەو هاتنەژوورەوەی سنوورەکانی دەوڵەت.
33. پێدانی مۆڵەتی (حەج) بۆ ماوەی (29) بیست و نۆ ڕۆژ بۆ فەرمانبەران و مامۆستایان و بۆ یەك جارو بەپێی ڕێنماییەکانی چوونەدەرەوەو هاتنەژوورەوەی سنوورەکانی دەوڵەت.
34. پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ ماوەی (1) یەك ساڵ بۆ گشت فەرمانبەران بۆ یەك جار، جگە لە مامۆستایان.
35. ئیمزاکردن لەسەر نووسراوی پشتگیری مامۆستایان و فەرمانبەران لە سنووری ئیداری قەزاکەی.
36. گواستنەوەی مامۆستا و فەرمانبەران لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکانی هەمان پارێزگەو بەپێی ڕێنماییەکان.
37. دەرکردنی فەرمانی کارگێڕی مۆڵەتی نەخۆشی کە لەلایەن فەرمانگە تەندروستییەکان و لیژنە پزیشکییەکانەوە دەدرێت و بەپێی ڕێنماییەکان.

**دووەم: دەستەڵاتی دارایی بۆ بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزاکان**

1. واژۆکردن لەسەر لیستی مووچەو لیستی سەفەری کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی وەك (آمر بالصرف).
2. واژۆکردن لەسەر یاداشتی پێدان (الدفع) و وەرگرتن (القبض) و پاکتاوکردن (التسوية) وەك (آمر بالصرف).
3. واژۆکردن لەسەر بڕوانامەی دوامووچە.
4. ڕەزامەندی لەسەر ڕاگەیاندنی کاری چاککردنەوەی قوتابخانەو خوێندنگەکان و هۆبەکانی ناو بەڕێوەبەرایەتی بەپێی دەستەڵاتی خەرج کردن و بەپێی ڕێنماییەکان.

5. ڕەزامەندی لەسەر سەرف کردنی کرێی ئاوو کارەبا و بەرید بەپێی پارەی تەرخانکراو لەبودجەدا.

6. جێبەجێکردنی یاسای وەرگرتنی قەرزی حکوومەت.
7. خەرج کردنی کرێ ی تەلەفۆن لەدیوانی بەڕێوەبەرایەتی و هۆبەکانی قوتابخانەو خوێندنگەکان.
8. سەرف کردن لەسەر باقی ئاست و ماددەکانی بودجە لەسنووری بڕی (25) بیست و پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بێجگە لەو ئاستانەی پێشووتر باس کراون.
9. دەستەڵاتی فرۆشتن و کوژاندنەوەو فەرمان بە لەناوبردنی کتێبی قوتابخانەو خوێندنگەکان کە بۆ خوێندن ئیلغا کراون و ڕێگە پێنەدراون لەگەڵ کەلوپەلی بێ کەڵك و بەکارهاتوو لەکاتێکدا کە لەبازاڕی خۆجێیەتی نەفرۆشرا بەبڕی (25) بیست و پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێك بەپێی یاسای فرۆشتنی کەلوپەلی میری.
10. واژۆکردن لەسەر چەکی خەرجی وەك (آمر بالصرف).
11. خەرجی لەسەر چاککردنەوەی بیناکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی لەسنووری بڕی (25) بیست و پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر قوتابخانەیەك، یان پێشینەیەك بەپێی دەرخستەی ئەندازیاری و هونەری ئامادەکراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بیناسازی بەپێی ڕێنماییەکان.
12. خەرجی لەسەر چاککردنەوەی دامەزراوەی کارەبا و ئاو بەبڕی (15) پازدە ملیۆن دینار بۆ هەر قوتابخانەیەك بەپێی دەرخستەی ئەندازیاری و هونەری ئامادەکراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بیناسازی و بەپێی ڕێنماییەکان.
13. خەرجی لەسەر چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکانی بەڕێوەبەرایەتی لە سنووری بڕی (3) سێ ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێك بەپێی دەرخستەی هونەری و بەپێی ڕێنماییەکان.
14. خەرجی لەسەر فصل و مەوادی/ ئاستی 31 (کەل و پەل و أجهزە) لەسنووری (10) دە ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێك و بەپێی ڕێنماییەکان.

15. کڕینی ئامێری فۆتۆکۆپی و کۆمپیووتەر بەبڕی (15) پازدە ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێك و بەپێی ڕێنماییەکان.

16. خەرجی لەسەر چاککردنەوەی (أجهزة و آلات وأثاث) بەبڕی (3) سێ ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێك و بەپێی ڕێنماییەکان.

17. خەرجی فەرقی ساڵانی پێشوو لەسەر بودجەی ساڵی تازە بەبڕی (300) هەزار دینار بۆ هەر حاڵەتێك و بەپێی ڕێنماییەکان.

18. گەڕانەوەی (ردیات) بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی لە سنووری (500) پێنج سەد هەزار دینار بۆ هەر حاڵەتێك.

19. ڕەزامەندی لەسەر خەرجکردنی کرێی وانەگوتنەوەو ئیمزاکردن لەسەر لیستی وانەبێژی و چەکی تایبەت بە وانەبێژی.

20. ڕەزامەندی لەسەر تازەکردنەوەی گرێبەستی گرتنی خانوو بۆ قوتابخانەکان لەسنووری (5) پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێك.

21. خەرجی لەسەر هەڵکەندنی بیر بەبڕی (5) پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێك بەپێی دەرخستەی هونەری و ئەندازیاری لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتە پەیوەندارەکان.

22. پاداشتکردنی فەرمانبەرانە لێهاتووەکان تا بڕی (60) شەست هەزار دینار بە مەرجێك لە بەرانبەر کارێکی بەرژەوەندی گشتی دیاریکراو بێت و لە دوو مانگی لەدوای یەکدا بۆ هەمان کەس دووبارە نەبێتەوە.

23. خەرجکردنی پێشینەی هاوسەرگیری بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی.

24. خەرجکردنی پارەی ئیفادی ناوەوەو دەرەوەی وڵات بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان.

25. خەرجکردنی هاوکاری پرسەکان بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی.

26. لەبارەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەی شارەزوور و سەید سادق کار بە ناوەڕۆکی هەردوو نووسراوی وەزارەتی پەروەردە (ژمارە 4412 لە 16-2-2011) و (ژمارە11601 لە 26-4-2012) دەکرێت.

سێیەم: دەستەڵاتە هونەرییەکانی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزاکان

1. پێشنیازکردنی پلانەکان بۆ تەلاری قوتابخانەو خوێندنگەکان و تەلارەکانی دیکەی سەر بە پەروەردە و فێرکردن و کارکردن بۆ جێبەجێکردنیان بەپێی ڕێنماییەکان و بودجەی تەرخانکراو بۆیان و بەدواداچوون و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەو بارەیەوە لەسنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزادا.

2. ئەنجامدانی چالاکییە وەرزشی و هونەرییەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان.

3. ئەنجامدانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو ئامارەکان بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

4. بەکارهێنانی باشترین شێوەی (ئامێرەکان، کۆمپیووتەرەکان، کتێبخانەکان، باخچەی قوتابخانەکان، تاقیگەکان و هۆیەکانی فێرکردن) بەپێی تواناکان و بودجەی تەرخانکراو بۆیان.

5. جێبەجێکردنی پرۆژەی پەروەردەیی نوێکردنەوەو گەشەپێدان کە وەزارەتی پەروەردە بڕیاریان لەسەر دەدات.

6. بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی ڕێنمایی تایبەت بە تاقیکردنەوەکان و بڕوانامەکان و دەرکردنی ڕوونکردنەوەی پێویست بۆ ڕێکخستنی جێبەجێکردنیان.

7. پەسەندکردنی بڕوانامەی تایبەت بە دەرچووانی قۆناغی بنەڕەتی لەسنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەیدا.

8.. واژۆکردنی (گشتاندن)ەکان بۆ قوتابخانەو خوێندنگەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەی کە پەیوەستن بە تاقیکردنەوەکان، بڕوانامەکان، کاروباری خوێندکاران. هەروەها بۆ هەموو فەرمانگەکانی دەوڵەت لە سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەی.

9. سەرپەرشتی کردنی هۆڵی تاقیکردنەوەکان و دابینکردنی کەلوپەلی پێویست بۆ تاقیکردنەوەکان لە چوارچێوەی بودجەی تەرخانکراودا.

10. پاڵاوتنی ئەندامانی لیژنەی تاقیکردنەوەکان لە قەزاکە و ناردنیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە.

11. دەرکردنی فەرمانی کارگێڕی تایبەت بە بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و چاودێرەکانی هۆڵەکانی تاقیکردنەوەی قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی و پیشەییەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەی.

12. ئیفادکردنی فەرمانبەران و مامۆستایان لەکاتی پێویستدا بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری لیژنەی باڵا بۆ ئەرکی تاقیکردنەوەکان و مەڵبەندەکانی پشکنین و وردبینی و کاروباری دیکەی پەیوەست بە تاقیکردنەوەکانەوە لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا.

13. ڕەزامەندی کردن بۆ بەکرێ گرتنی هۆیەکانی گواستنەوەی پێویست بۆ مەبەستی ڕایی کردنی کاروباری تاقیکردنەوەکان.

14. لێپرسینەوە (بەپێی یاسا) لەو کەسانەی ئەرکی تاقیکردنەوە گشتییەکانیان پێ دەسپێررێت و هەروەها قوتابیان و خوێندکارانیش لەکاتی سەرپێچی کردنیان لە سستم و ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوەکان.

15. ڕەزامەندی نواندن لەسەر گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکاران لە دەرەوە بۆ ناوەوەی قەزا و بەپێچەوانەشەوە بەدەر لەبوارەکانی کاروباری تاقیکردنەوەکان.

16. دانان یان بەخشینی بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و چاودێرانی هۆڵی تاقیکردنەوەکان لەسنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەدا.

17. تاوتوێ کردن و ڕادەربڕین بۆ بڕیارەکانی ئەنجوومەنی مامۆستایان و گفتدان لەبارەیانەوە.

18. پاڵاوتنی کەسانی لێهاتوو لە کارمەندان بۆ ئەندامیەتی لیژنەی لقی تاقیکردنەوە گشتییەکان و لیژنەکانی پشکنین و وردبینی لەمەڵبەندەکانی پشکنینی (کۆنترۆڵ)ی خوێندنی قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی و پیشەیی.

19. ڕاسپاردن بۆ پاڵاوتن لەو کەسانەی کە شیاو و لێهاتوون بۆ ئەندامیەتی مەڵبەندی پشکنینی خوێندنی بنەڕەتی.

## تەلەفزیۆنی پەروەردەیی

**فـــەرمانی وەزاری ژمـــارە (6104)ی ڕۆژی (2013/3/26) ســـەبارەت بـــە فرەوانکردنەوەو ڕێکخستنەوەی دەستەڵاتەکانی بەڕێوەبەرایەتی تەلـەڤزیۆنی پەروەردەیی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەتی پەروەردە:**

### دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی پەروەردەیی

### دەسەڵاتە کارگێڕییەکان

1. ئامادەکردنی تەرازووی میلاکی بەڕێوەبەرایەتییەکەی.
2. دابەشـــکردنی ئەرکـــەکان بەســـەر فەرمانبـــەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیـــداو دابەشکردنی فەرمانبەرانیش بەپێی پێویستییەکانیان لە چوارچێوەی بەرژەوەندییـە گشتییەکاندا.
3. مۆڵەت پێدانی ئاسایی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بۆ ماوەیەك کە لـە (29) ڕۆژ تێپەڕنەکات بۆ ناو هەرێم بە پێی مافی ڕەوای هەر یەکەیان.
4. چەسپاندنی فەرمانبەری تازە دامەزراو کە بۆ یەکەم جار دەست بەکار دەبـن و درێژکردنەوەی ماوەی ئەزموونییان ئەگەر چـالاکی و لێهاتووییـان لـەو ماوەیـەدا دەرنەکەوت.
5. ئیفادکردنی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکەو ئەندامانی لیژنە پێوەندیدارەکان بۆ ماوەی (6) ڕۆژ لە ناو هەرێم
6. کۆتایی هێنان بەڕاژەی فەرمانبەر لە کاتی دابڕانی فەرمانبەرەکـە لەکارەکـەی بەپێی ڕێنماییەکان.
7. پێکهێنانی هەر لیژنەیەك کە بەپێویستی دەزانێت بۆ ڕایی کردنـی ئەرکـەکانی سنووری دەسەڵاتی خۆی.
8. واژۆکـــردن لەســـەر نووســـراوی پـــشتگیریکردن بـــۆ فەرمانبـــەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی.

9. چەسپاندنی تەمەن بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی.
10. واژۆکردن لەسەر نووسراوی ڕەوانەکردن بۆ لیژنە پزیشکییەکان.
11. واژۆکردن لەسەر مامەڵەی خانەنشینی و خشتەی ڕاژە.
12. بەسەرکردنەوەی هەر فەرمانگەیەکی فەرمی لەو کاروبارانەدا کە پێویست بێت بۆ تەواوکردنی کارەکەی.
13. دەرکردنی فەرمانی کارگێڕی مۆڵەتدانی بێ مووچە و سزادانی فەرمانبەرانی ناپابەند بە دەوامەوە.
14. پێدانی مۆڵەتی تایبەت بە دووگیانی و منداڵبوون و دایکایەتی بە فەرمانبەرانی ژن لە ببەڕێوەبەرایەتییەکەیدا.
15. دەرکردنی فەرمانی کارگێڕی دەربارەی هەڵپەساردنی فەرمانبەر (لێسەندنەوەی ئەرك) و هەڵوەشاندنەوەی هەمان فەرمان بە پێی یاساو ڕێنماییەکان.
16. پێ سپاردنی ئەرکی بەڕێوەبردن بۆ هەر یەکێك لە فەرمانبەرانی ببەڕێوەبەرایەتییەکەی (دانانی بە بریکار) لەو کاتانەدا کە خۆی (بەڕێوەبەرەکە) بزره( لە فەرمانگەکە نییە).
17. واژۆکردن لەسەر ئەنکێتی پزیشکی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی.
18. واژۆکردنی ئەو فەرمان و نووسراوانەی پێوەندییان بەکاروباری کارگێڕی و خۆیەتی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکەوە هەیە.
19. ئەو دەسەڵاتانەی هەیە کە لە ماددەکانی (16، 37، 45) ی یاسای ڕاژەی شارستانیەتی ژمارە (24)ی ساڵی 1960 دا هاتووە بەسەر فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیدا.
20. دەرکردنی فەرمانی پێوەندیکردن و دەست لەکار ترازاندنی تازە دامەزراوان و گواستنەوەی ڕاژە.
21. دەسەڵاتی زێدە مووچە (علاوە) بۆ گشت ئاستەکان و بەرزکردنەوەی مووچە( ترفیع) ی فەرمانبەران بەڕێوەبەرایەتیی تەلەفزیۆن تا پلەی وەزیفی (4) بەرەو خوار لە ڕێگەی لیژنەی بەرزکردنەوەی مووچە (لجنە الترفیعات)ەوە بەپێی ڕێنماییەکان و شایستە بوونی یاسایی.

22. دابەزاندنی هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی کە بەگونجاویان دەزانێت بۆ لێپرسراوی بەش و هۆبەکان بە مەبەستی باشتر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان و پێدانی بەرپرسیاریەتی.

## دەسەڵاتە داراییەکان

1. فرۆشتنی پاشماوەی بەرهەمەکان و بارکردن بە پێی یاسای( 32 ) ساڵی 1986 ی هەموار کراو.
2. بانگەواز کردن بۆ کەمکردنەوەو کردنەوەی بەخشینەکان و ئەوانەی پێوەندییان پێوەیان هەیە بەپێی ڕێنماییە داراییەکان.
3. خەرجکردنی مووچەو دەرماڵەی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بەپێی یاساو سستم و ڕێنماییە داراییەکان و دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت.
4. دەرکردنی فەرمان سەبارەت بە خەرج کردن و پێ بەخشینی کرێی کاری سەرەڕایی بۆ فەرمانبەران بەو جۆرەی کە پێویستە، بە ڕەچاو کردنی بارو دۆخی کارەکە، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندییە بنەڕەتییەکان.
5. خەرجکردنی ئەو بڕە پارانەی کە پێشتر لەلایەن هەردووك وەزارەتی دارایی و پەروەردەوە ڕەزامەندییان بۆ وەرگیراوە .
6. خەرجکردنی کرێی شایستەی خزمەت گوزارییەکان (پۆست، تەلەفۆن، ئەنتەرنێت، کارەبا، ئاو.
7. واژۆ کردن لەسەر بەڵگەکانی خەرجکردن ( مستندات الصرف) و تۆمارو چەکەکان لە هەردووك باری خەرج کردن و گەڕانەوەدا وەك فەرمانداری خەرج (الآمر بالصرف) لە پاڵ واژۆی ژمێریاردا.
8. دەسەڵاتی خەرج کردن و پێشینەی بەردەوامی هەیە( السلفه المستدیمه ) بە پێی بەند و ماددە تایبەتییەکان بەو بابەتە، کە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بۆ خەرجکردنی مانگانە دیاری کراوە.
9. خەرجکردنی بڕە پارەیەك لە (1.000.000) زیاتر نەبێت، تەنیا یەك ملیۆن دینار بە بێ گەڕانەوە بۆ لیژنەی کڕین بە پێی ڕێنماییە داراییەکانی وەزارەتی دارایی.

10. خەرجكردنی پاداشتی دارایی بۆ كارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەكە، بڕە پارەیەك كە لە (50000) تەنیا پەنجا هەزار دینار و(40000) چل هەزار دینار بۆ كارمەندانی نا فەرمی تێنەپەڕێت.

11. خەرجكردنی پارەیەك كە بڕەكەی (15.000.000) تەنیا پازدە ملیۆن دینارە لە كاتی لە كار كەوتن و تێكچوونی ئامێرە پێوەندیدارەكان بە پەخشی تەلەفزیۆنەوە كە چاككردنەوەیان ئەستەمە، یان دەست و برد نییە، یان پێویستیان بە چاككردنەوە و گۆڕین هەیە.

12. پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەكەی بە پێی ڕێنماییەكان.

13. پێدانی هاوكاری خەرجی پرسە (منحة الوفاة) بە پێی ڕێنماییەكان.

14. دەسەڵاتی وەرگرتن و خەرجكردنی پێشینەی جۆراوجۆری هەبێت تا بڕی (35.000.000) تەنیا سی و پێنج ملیۆن دینار بە پێی ڕێنماییە داراییەكان بە پێی پێویست .

15. دەسەڵاتی كڕینی ئامێرە تایبەتمەندەكانی تەلەڤزیۆن تا بڕی (45.000.000) تەنیا چل و پێنج ملیۆن دینار لە ڕێی لیژنەی تایبەتەوە بە پێی دەرخستە و بە پێی پێویستی تەلەڤزیۆن.

16. دەسەڵاتی چاككردن و نۆژەنكردنەوەی بینای تەلەڤزیۆن تا بڕی (10.000.000) دە ملیۆن دینار بەپێی دەرخستەو مەرجی گونجاو.

## بەیاننامەی وەزارەتی پەروەردە

# بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایكەوە

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایك، کە 21 ی شوباتی هەموو ساڵێك، وەکو نەریتێك بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ دەگێڕێت، ئێمەی گەلی کوردستانیش بە پەرۆشەوە لەو یادە دەڕوانین و وەك دەستکەوتێکی گرنگیش بۆ گەلەکەمانی دادەنێین، کە توانرا زمانی کوردی وەك زمانی پەروەردە و فێرکردن بەکار بهێنرێت و ڕێگە خۆش بکرێت بۆ هەموو نەتەوەکانی دیکەی کوردستانیش لە تورکمان و کلدۆئاشور و ئەرمەنییەکان، تا بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن و، لە هەموو بوارە ڕۆشنبیری و زانستییەکاندا بەکاری بهێنن. ئەم ڕۆژە پیرۆزە لە ساڵی 1999وە مۆرکێکی جیهانی وەرگرتووە، بەوەی ڕێکخراوی یونسکۆ لە کۆنگرەی گشتیی خۆیدا لە تشرینی دووەمی ساڵی 1999، بە بڕیاری ژمارە 3035 لە پێناو بەهێزکردنی هەمەجۆریی ڕۆشنبیری و فرەیی زمانەکاندا، کردی بە بۆنەیەکی جیهانی.

هەروەك ئەو گەلانەی جیهان کە زمانیان قۆناغێکی پێشکەوتووی بڕیوە، بە شانازییەوە یادی ئەم ڕۆژە دەکەنەوە، ئەو گەلانەیش کە لە ڕابوردوویەکی نزیکدا بە مافە نەتەوەییەکانیان شاد بوون، زیاتر جەخت لەسەر ئەم یادە دەکەنەوە، چونکە زمانی دایك بۆ هەموو گەلانی دنیا وەك شوناسێکی نەتەوەیی سەیر دەکرێت، هەر لەو پێناوەشدا بوو کە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕایگەیاند کە ساڵی 2008، ساڵی نێودەوڵەتی زمانەکانە.

شایەنی ئاماژە پێکردنە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سیاسەتێکی لۆژیکیانەی گرتووەتە بەر لە پێناو قووڵکردنەوەی گیانی پێکەوە ژیان و ئازادیی ئایینی و هاوکاری نێوان ئێتن و گرووپە جوداوازەکان، هەر لەو سۆنگەیەشەوە وەزارەتی پەروەردە کاری لەسەر ئازادیی خوێندن بە زمانی دایك کردووەتەوە و چەندین پلانی بۆ پەرەپێدانی ئەو پرسە داناوە، کە هەموویان ڕاستەوخۆ پاشڤەکردنی بڕگە 4ی مادەی 4ی یاسای هەمووارکراوی ژمارە 4ی ساڵی 1992ی وەزارەتی پەروەردەن، کە تێیدا هاتووە: " کردنی زمانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی، بە زمانی فێرکردن لەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتووانیان لەوان پێك دێن، بە پێی دیسپلینە پەروەردەییەکان، بە مەرجێك فێربوونی زمانی کوردی و عەرەبی ئیلزامی بێت". لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایەدا دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە دیوانی وەزارەت ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتووە و سەرپەرشتی دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن و ڕاهێنان و دابینکردنی مامۆستایان و دانانی پرسیاری تاقیکردنەوەکان و هەموو کارە تەکنیکی و سەرپەرشتیاری و کارگێڕییەکانی پێوەندیدار بەو پرۆسەوە، بەڕێوەدەبەن و، ساڵ بۆ ساڵ ئەم پرۆسەیە

لە گەشەکردندایە. بۆ نموونە لە پارێزگەی دهۆك 32 قوتابخانە هەن کە زمانی خوێندنیان تێدا زمانی سریانییە و، 2722 قوتابی بە زمانی دایکیان دەخوێنن، 392 مامۆستا وانە دەڵێنەوە، بە هەمان شێوە لە پارێزگەی هەولێریش 23 قوتابخانە هەن، کە 7689 قوتابی تێیاندا دەخوێنن و 761 مامۆستا وانە دەڵێنەوە و ئەم قوتابخانانەش ساڵانە ئاستێکی بەرز تۆمار دەکەن. هەروەك لە هەرێمی کوردستاندا 18 قوتابخانە هەن کە زمانی خوێندنیان تێدا زمانی تورکمانییە و، 1920 قوتابی بە زمانی دایکیان دەخوێنن، 279 مامۆستا وانە دەڵێنەوە و ئەرمەنییەکانیش دوو قوتابخانەی تایبەتیان هەیە و، زمانی خوێندن تێیاندا ئەرمەنییە. هەرچەندە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پابەندبوونێکی فەرمیی بە پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نییە، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرەنسیپەی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە لە 16 ی ئاداری 2007 لە بڕیاری ژمارە 61/266 کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، داوای لە ئەندامانی خۆی کرد کە هانی پاراستن و مانەوەی هەموو ئەو زمانانە بدەن کە نەتەوەکانی جیهان پێی دەئاخفن. بێ گومان زمان هۆکارێکە بۆ پاراستن و پەرەپێدانی کولتووری مادی و مەعنەویی میللەتان، تەنیا هاوکاریی هەمەجۆریی رۆشنبیری و فرەیی زمانەکان زامنی وەدیهێنانی هاوکاری و لێك تێگەیشتن و لێبوردن و یەکتر قەبووڵکردنە.

هەر بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە سەرجەم مامۆستایان و قوتابیانی کوردستان دەکەین، هیواداریین ئەم بۆنەیە ببێتە هۆی پێکەوە ژیانی زیاتر و بەرەو پێشچوونی ڕەوتی پەروەردەیی لە هەرێمەکەماندا.

**وەزارەتی پەروەردە**

/2 /21

2013

التربية والتعليم

مجلة تربوية فصلية تصدرها وزارة التربية في حكومة إقليم كُردستان ـ العراق
العدد (9) - 2013

## في هذا العدد

### (القسم الكُردي)

*المعلم الباحث................................................................ علي رضا محمدنزاد 3
*أرشفة الكتب والوثائق والمستندات ............................................ إ: شيرزاد عزيز عمر 19
*تعليم اللغة الكوردية للأجانب .......................................... علي رضا محمدنزاد و ..... 33
*طريقة صياغة برامج التدريس ............................................. مصطفى زاده إسماعيل 45
*الأهداف التربوية ................................................................ إ: سامان ماميلیسي 54
*أعمال مؤتمر اللغة الكوردية ....................................................... إ:د.أحمد قرني 60
*فلسفة منهج الدراسة العالمية ........................................ إ: صادق أحمد عثمان روستايي 106
*خطوة نحو اللامركزية خطوتان نحو الديمقراطية .................................. رئيس التحرير 120

### (القسم العربي)

*حقوق المكونات القومية والدينية في كوردستـــان ......................................... طارق جامباز 136
*مقارنة مستويات نتائج طلبة الثاني عشر ................................ إ: رؤى أحمد شوكت الزراري 172
*تقرير عن ورقة الإصلاح التربوي ................................................ كوكز حسين عزيز 197

# حقوق المكونات القومية والدينية في كوردستـــان

## الدراسة باللغة التركمانية والسريانية والأرمنية في وزارة التربية بحكومة الإقلـيـم كوردســتان

المحامي: طارق جامباز*
ترجمة: التربية والتعليم

إن لم تقم القومية الحاكمة التي تتولى السلطة بتنفيذ حقوق القوميات الأخرى المتعايشة معاً تنفيذاً كاملاً ومنتظماً فإن ذلك يعد خرقاً لحقوق الإنسان وإنحرافاً خطيراً عن الديمقراطية والمواثيق الدولية، كون ذلك يعد نكراناً للمساواة والشراكة والمشاركة في السلطات الثلاث في البلاد على الأصعدة والمناصب والمواقع كافة، وإن البلدان التي تم إلحاق كوردستان بها قسراً، تحاول منذ أمد بعيد من خلال خطة

إستراتيجية محكة بعيدة المدى ومخططة لها صهر القوميات الأخرى مرحلة إثر أخرى في أتون القومية المتسلطة تحت شعارات بالية واهية (لغة واحدة .. قومية واحدة).
ونحن نشدد على تلك النقطة إن لم تقم الدولة بتأمين الدراسة باللغة القومية في كافة المراحل لأية قومية كانت وإن كانت لغة تلك القومية تستخدم يومياً للمخاطبة والتحدث فإن نطاق إستخدامها ستضيق رويداً رويداً بمرور الأيام آجلاً أم عاجلاً ويقل نتيجة لذلك عدد المتحدثين والمخاطبين بها، لأن مستلزمات الحياة اليومية من دراسة وعمل وتسنم الوظائف والمناصب هي بلغة القومية الحاكمة، لذا فإن القوميات الأخرى وإن عمدت إلى الدفاع عن لغاتها فإن لغاتها تصاب بالضعف والوهن والتراخي، ونتيجة لذلك وبعد رحيل آخر إنسان ممن يتحدث بتلك اللغة تعتبر تلك اللغة لغة (منقرضة) ميتة، غير أن الحركة التحررية لشعب كوردستان، سواءً في أيام النضال في الجبل أو في المدينة وفي فترات القتال أو السلم فقد دافع دوماً عن حقوق كافة المكونات القومية والدينية لشعب كوردستان وكانت أهدافها وآمالها وتطلعاتها والتعايش المشترك والتسامح والتصالح الإستراتيجي لها تطبيق تلك الحقوق وعندما كانت في الجبل وكانت تملك محطة إذاعة واحدة فإنها وإن كانت فترة بثها محدودة فقد خصصت فترة من بثها للغات القوميات الأخرى ومع صدور أول عددٍ من أول صحيفة كوردية وهي كوردستان قبل 112 عاماً تم الدفاع عن حقوقها، فمثلاً تحدثت الصحيفة في صدر صفحتها الأولى في العدد 27 عن القضية الأرمنية ودفع الكورد من قبل السلطات العثمانية لضربهم وإعتراض الشيخ عبيدالله النهري على ذلك وقولته المشهورة التي قال فيها إن عمدنا اليوم إلى قتل هؤلاء الأرمن الأبرياء من دون أسباب فسيأتي يوم يقتلنا فيه أقوام آخرون.
هذا الموقف الكوردي الأصيل، يقف صراحة ضد إقتتال الأرمن، حينها وبهذا الشكل يدافع قائد كوردي كبير عن قومية أخرى.

ففي كوردستان، سواء كان في الجبل، أم في المدينة، فقد شاركت كافة القوميات والأديان في النضال والمقاومة والإنتفاضة، فقد جاء في النظام الداخلي للجبهة الكوردستانية (1988) في النقطة الثالثة الفقرة (ب): المجلس الوطني الكوردستاني، ستشكل الجبهة الكوردستانية مجلساً وطنياً من ممثلي المنظمات السياسية والمهنية والجماهيرية وممثلي الأقليات القومية والدينية والشخصيات

الوطنية الكوردستانية المعروفة، وفق قانون يصاغ لهذا الغرض ويحدد سلطات هذا المجلس).

وبعد نكسة عام 1975 كانوا يضيقون الخناق على الدراسة باللغات غير العربية، حتى وصل الأمر إلى دفع أولياء أمور الطلبة الذين كان أبناؤهم يدرسون بلغة أمهم الأصلية تحت التهديد والوعيد والضغوط لطلب الدراسة باللغة العربية، ونورد في هذا الصدد وثيقة وهي الكتاب المرقم 71 في 1980/3/18 السري للغاية وعاجل المرسل من مكتب تنظيمات الشمال لحزب البعث العربي الإشتراكي إلى قيادة شُعب الحزب المذكور في كل من أربيل والسليمانية وموضوعه (الدراسة باللغة الكوردية، ويتطرق الكتاب إلى عمليات الأنفال سيئة الصيت، ويتعرض الكتاب إلى إلغاء الدراسة باللغة الكوردية ووجوب إلغائها حتى عام 1991/1990 في كوردستان، أي القيام بأنفلة اللغة الكوردية، وكانوا قد قضوا على الدراسة باللغات الأخرى قبل ذلك، غير أن الإنتفضة إجتثت كافة الخطط العنصرية من جذورها وبعد إنتخاب برلمان كوردستان في 1992/5/19 ومباشرة الكابينة الأولى لحكومة إقليم كوردستان لعملها في العام ذاته، شاركت القوميات الأخرى في السلطات الثلاث (التشريعية والتنفيذية والقضائية) وقد جرى التأكيد على ذلك في دستور كوردستان والقوانين ذات الصلة وهو في حد ذاته حق من حقوق القوميات، ونستشهد بنصوص العديد من المواد في مشروع دستور إقليم كوردستان ـ العراق الذي صادق عليه برلمان كوردستان ـ العراق في 2009/6/24:

**المادة (14)**

أولاً: اللغة الكوردية والعربية لغتان رسميتان في إقليم كوردستان وأن هذا الدستور يضمن حق مواطني إقليم كوردستان في تعليم أبنائهم في المؤسسات التعليمية الحكومية وفق الشروط والتعليمات التربوية بلغتهم الأصلية لغة الأم، ويشمل هذا اللغات التركمانية والسريانية والأرمنية.

ثانياً: اللغتان التركمانية والسريانية لغتان رسميتان إلى جانب اللغتين الكوردية واالعربية، في تلك الوحدات الإدارية التي يشكل فيها من يتكلمون بتلك اللغات غالبية السكان. وينظم هذا بقانون.

ثالثاً: يجري في كوردستان العمل بأحكام المادة (4) من الدستور الفدرالي حول اللغة الرسمية حيثما وُجِدَ منحاً قانونياً لتطبيقه.

**الفصل الثالث**

الحقوق القومية والدينية لمكونات إقليم كوردستان ـ العراق المختلفة

**المادة (29)**

يحق للذين ينتمون إلى إحدى المكونات القومية والدينية في إقليم كوردستان أن يعرفوا بأسمائهم الحقيقية رسمياً ويحق لهم أيضاً إستخدام أسماء مواقعهم المحلية الإعتيادية بلغاتهم، مع إلتزامهم بأحكام قانون اللغات المعمول به في إقليم كوردستان.

**المادة (35)**

إن هذا الدستور يضمن الحقوق القومية والثقافية والإدارية للتركمان، والعرب، والكلدان والسريان والآشوريين، والأرمن، بما في ذلك الحكم الذاتي لكل قومية تشكل الأغلبية. وينظم هذا بقانون.

جرى التأكيد في مشروع دستور كوردستان على حقوق القوميات بما في ذلك حق الحكم الذاتي في المناطق التي يشكلون فيها الأغلبية.

وردت في قانون المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق الرقم 1/ 1992 الذي أصدرته الجبهة الكوردستانية وفي قرار خاص لقيادة الجبهة الكوردستانية فقرة هذا نصها:

1.قرار للقيادة السياسية للجبهة الكوردستانية: عقدت الجبهة الكوردستانية يوم الأربعاء المصادف (1992/4/8) إجتماعاً عاجلاً لدراسة هذا الوضع الإستثنائي الصعب وأصدر قراراً حول هذه الدورة الإنتخابية فقط، وذلك بتخصيص (5) مقاعد من مقاعد المجلس الوطني الكوردستاني للأقلية الآشورية بكافة طوائفها (كلدان كاثوليك والكنيسة الشرقية الآشورية (النسطورية) والسريان والآخرين) وأن ينسجم إنتخابهم من قبل أبناء الشعب الآشوري في دائرة إنتخابات المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق الرقم (1) الصادر يوم (1992/4/8)، وكان يجب وقتها تخصيص عدد من المقاعد للتركمان ومقعد واحد للأرمن.

ونورد نصوص المواد ذات العلاقة من قانون إنتخابات برلمان كوردستان ـ العراق:

**المادة الخامسة عشر:**

تعدل الفقرة(3) من المادة السادسة والثلاثين وتقرأ على النحو الآتي:

3.إذا لم يحرز حزب من بين مجموعة من الأحزاب التي تتنافس جميعاً بإسم إحدى القوميات( التركمان، الكلدان، الآشوريين، الأرمن، العرب) معدلاً، ففي هذه الحالة يمنح المقعد للحزب الذي أحرز أغلبية الأصوات من أحزاب تلك القومية).

**المادة الثامنة:**

تضاف هذه المادة إلى القانون لتصبح المادة (ستة وثلاثين/ مكرر):

**المادة السادسة والثلاثين: (مكرر)**

أولاً: تخصص خمسة مقاعد للـ(كلدان السريان الآشوريين) حيث يتنافس مرشحو هذه المكونات عليها.

ثانياً: تخصص خمسة مقاعد للتركمان حيث يتنافس مرشحو هذه المكونة عليها.

ثالثاً: يخصص مقد واحد للأرمن حيث يتنافس عليه مرشحو هذه المكونة.

رابعاً: ينتخب ناخبو المكونات المشار إليها مرشحي المكونة.

ورد في القانون رقم 15/ 2006 المعدل للمرة الثالثة لقانون وزارة التربية في إقليم كوردستان ـ العراق رقم 4 لعام 1992 المعدل:

**المادة الرابعة**

يعدل الفقرة (4) من المادة الرابعة ويضاف إليها فقرة أخرى لتصبح الفقرة (5) وتقرأ بالصيغة أدناه:

4. جعل اللغات التركمانية والسريانية والأرمنية لغة الدراسة في تلك المناطق التي تشكل الناطقين بهذه اللغات كثافة سكانية، وفق التعليمات والضوابط التربوية، شرط أن تكون تعليم اللغة الكوردية والعربية إلزامياً.

5.تغيير المناهج الدراسية، لكافة المراحل الدراسية وفق متطلبات العصر، بحيث تنسجم مع السياسة التربوية والتنموية في إقليم كوردستان.

وورد في المادة السابعة:

ـ المديرية العامة للتعليم التركماني.

ـ المديرية العامة للتعليم السرياني.

القانون رقم (11) لعام 2007

قانون وزارة الأوقاف والشؤون الدينية في إقليم كوردستان ـ العراق

**المادة الثالثة**

تتضمن فقرتان من هذه المادة مديريتان عامتان للأديان الأخرى:

تاسعاً: المديرية العامة للديانة المسيحية: يديرها مدير عام لديه شهادة جامعية أولية ومن أصحاب الخبرة والإختصاص.

عاشراً: المديرية العامة للديانة الإيزدية: يديرها مدير عام لديه شهادة جامعية أولية ومن أصحاب الخبرة والإختصاص.

وورد في القانون رقم 2007/14 لوزارة الثقافة في إقليم كوردستان ـ العراق في المادة الثالثة الفقرة الثانية عشر والثالثة عشر على النحو التالي:

**ثاني عشر:** المديرية االعامة للثقافة والفنون التركمانية: يديرها مدير عام لديه شهادة جامعية أولية ومن أصحاب الخبرة والكفاءة.

ثالث عشر:المديرية العامة للثقافة والفنون السريانية: يديرها مدير عام يحمل شهادة جامعية أولية من أصحاب الخبرة والكفاءة.

**مختصر إحصاء للدراسة التركمانية**

| العام الدراسي | عدد المدارس/ رياض الأطفال | عدد الطلبة | عدد المعلمين |
|---|---|---|---|
| | | مجموع | مجموع |
| 2006-2005 | 14 | 1644 | 242 |
| 2007-2006 | 18 | 2219 | 366 |
| 2008-2007 | 18 | 2106 | 400 |
| 2009-2008 | 15 | 1620 | 233 |

**عد المدارس**

| عدد المدارس | | | | |
|---|---|---|---|---|
| المحافظة | رياض الأطفال | الأساس | الإعدادية | المجموع الكلي |
| أربيل | 2 | 11 | 2 | 15 |
| المجموع | 2 | 11 | 2 | 15 |

**عدد الطلبة**

| عدد الطلبة | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| المحافظة | رياض الأطفال | | الأساس | | الإعدادية | | المجموع الكلي | |
| | ذكور | إناث | ذكور | إناث | ذكور | إناث | ذكور | إناث |
| أربيل | 205 | 180 | 627 | 285 | 206 | 177 | 1038 | 582 |
| | 385 | | 912 | | 323 | | 1620 | |

**عدد المعلمين**

| عدد المعلمين | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| المحافظة | رياض الأطفال | | الأساس | | الإعدادية | | المجموع الكلي | |
| | ذكور | إناث | ذكور | إناث | ذكور | إناث | ذكور | إناث |
| أربيل | 0 | 26 | 49 | 122 | 13 | 23 | 62 | 171 |
| | 26 | | 171 | | 36 | | 233 | |

زار وفد من وزارة التربية في حكومة إقليم كوردستان عام 2007 المدارس الحكومية والأهلية في تركيا. وفي 2007/4/16 وأثناء الزيارة أوضح الوفد بأن حكومة إقليم كوردستان ووزارة التربية تعاونتا مع المدارس التركمانية على كافة

المستويات والأصعدة كما أجرت القنوات التلفزيونية والمجلات والصحف التركية لقاءات مع أعضاء الوفد حول تعاون حكومة إقليم كوردستان ووزارة التربية خاصة لتطوير أوضاع المدارس التركمانية.

**أسماء المدارس التركمانية في أربيل:**

